بابیرەوەری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان هاندەری پتەوکردنی ریزەکانی گەلەکەمان بێت

هاوکاری
المتضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە (دار الجماهیر)ەوە دەرئەچێ تلفون : ـ٦٩٧٢١ نرخی ٢٠ فلسە ژمارە : ٢٩ ساڵی دووەم ٢١ی ئابی ١٩٧١

سەرەک بەکر سەر لە پڕۆژەی ساماڕاو ئیسحاقی ئەدات

پێڕێ سەرۆک کۆمار احمدحسن بکر سەری لەپڕۆژەی ساماڕا داوە . دوای گەیشتنیشی بەیاوەری دکتۆر طه ابراهیم العبدالله وەزیری ئاودانو عفیف الراوی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ بەناو پڕۆژەکەدا گەڕاون ... سەرۆک بەکر خەڵاتێکی داوە بەکریکارەکانو داواشی لێ کردون کە لەکاتی دیاری کراودا پڕۆژەکە تەواو بکەن .

ئەم پڕۆژەیەش بریتیە لە ـ سدة ـ یەک (٢٠٠) هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوەو وەزارەتی ئاودان لە ٢٧ی مایسی رابردوەوە دەستی پێکردوەو بڕیاریشە ئەم ساڵ تەواو ببێت سەدەکەش بۆ گلدانەوەی ئاوەتاوەکو ئیستگەیەکی کارەبایی لەسەر دابنرێ لە سامەرا .

سەرەک بەکر لەگەڕانەوەیدا ساماڕیشی لەدایرەی پڕۆژەی ئیسحاقی داوەو لەگەڵ بەرپرسیارانیدا گوبۆتەوەو لەگیرو گرفتەکانیانی کۆلیوەتەوەو فرمانی داوە کە پێویستیەکانیان جێ بەجێ بکرێت .

ئەمەو گەشتەکەی سەرۆک بەکر ٤ سەعاتی خایاندوە .

بروسکەی سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست

سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئەم بروسکە پڕۆزبایەیەی بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ناردوە بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی دامەزرانیەوە :ـ

بڕایان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان . بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پ.د.ک. گەرمترین پڕۆزبایتان لێ ئەکەین . هیوادارین کە هاوپەیمانی نیوان هەردووحزبمانو خەباتی نەسرەوتیان دەستەبەری ئامانجەکانی گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیەوە بکات لەپەوتی دەسکەوتەکانی بەیاننامەی ئازاری مێژوویی دا .

بڕایان : هێرشەدرندانەکانی ئیمپریالیزمو خۆ لەمە کۆدانی هێزە بەکرێ گیراوەکان بۆ لەناوبردنی ڕێڕەوی پێشکەوتن خوازانەی جەماهیری خەباتگێڕمانوا پێڕیست ئەکات کەوەکو هاوپەیمانێک لەخەباتداو لەپێناوڕزگار کردنیدا زیاتر تێکۆشین بۆ لیدانی دوژمنانو پێشێل کردنی پیلانەکانیان کە ئەیانەوێ شوێن پێکانیان لە وولاتداببەدەست بهێننەوە .

هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازین لە تەقەللاتاندا بۆ قوول کردنی ڕەوتی خەباتگێڕانەی حزبتانو با بەیاننامەی ئازاری نەمر بەردەوام نمونەی بڕایەتی نەتەوایەتیو دەستەبەری گەشە کردنی گەلی عیراق بێ لەسای سێبەری شۆڕشی ١٧ی تەموزی پێشکەوتن خوازدا . .

سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست

بروسکەی کاک شبلی عەیسەمی

ماموستا شبلی عەیسەمی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست ئەم بروسکە پڕۆزبایەیەی بۆ پێشەوا بارزانی نادرەوە بەبۆنەی بیرەوەری دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە:

بەڕێز مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان . بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزرانی حزبتانەوە بەناوی خۆمو سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست جوانترین پڕۆزبایێتان لێ ئەکەمو هیوادارم کە تەندروستی دارێنو گەلی کوردی برا بەردەوام لەپێشکەوتندا بێت لەسای سێبەری بەیاننامەی ١١ی ئازاری نەمرو داواکارم کە هاوپەیمانی نیوان هەردووحزبمان لەپتەوبوندا بێ بۆ بەرژەوەندی عیراقو نەتەوەی عەرەب .

شبلی عەیسەمی
یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست

بروسکەی لێژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیێت

پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزرانیەوە ئەم بروسکە پڕۆزبایی یەی لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە پێ گەیشتوە :ـ

بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمونیستی سۆڤیەت جوانترین پیرۆزبایی لە کۆمیتەی ناوەندی پ.د.کو هەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی و هەموو ئەندامانی ئەکات .

پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرگری کردنیا لەمافی گەلی کوردو لە خەباتیدا دژی ئیمپریالیزمو لەتەقەللایدا بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی و یەکێتی نشتمانیو پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کوماری عیراق ، بەرژەوەندی نشتمانی گەلی عیراق ڕەچاو ئەکات .

پارتی جێگای ڕێز لێ گرتنی هەموو هێزە نشتمانیو پێشکەوتخوازەکانە .

کۆمونیستەکانی سۆڤیەت بایەخێکی زۆر ئەدەن بەو ریکەوتنەی کە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ مۆرکرا دەربارەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کوردو زامنی کردنی مافەکانی گەلی کورد .

ئەو ڕێڕەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتویەتی بۆ هاوکاری کردن لە نیوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم لە چوار چێوەی بەرەیەکی نشتمانی دیموکراتیدا خزمەتی بەرژەوەندی پتەوبوونی سەربەخۆیی حوکمی نشتمانی ئەکات لە کۆماری عیراقدا .

هیواخوازین کە حزبەکەتان سەرکەوتنی نوێ بەدەستبهێنێ لە ڕێگای بەهێز کردنی یەکێتی خەباتی هەموو هێزەپێشکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم لە عیراقداو لەتەقەللابدا بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی و یەکێتی نشتمانیو پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کوماری عیراق ، بەرژەوەندی نشتمانی گەلی عیراق ڕەچاو ئەکات .

پارتی جێگای ڕێز لێ گرتنی هەموو هێزە نشتمانیو پێشکەوتنخوازەکانە .

کۆمونیستەکانی سۆڤیەت بایەخێکی زۆر ئەدەن بەو ریکەوتنەی کە لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ مۆرکرا دەربارەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کوردو زامنی کردنی مافەکانی گەلی کورد .

ئەو ڕێڕەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتویەتی بۆ هاوکاری کردن لە نیوان هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم لە چوار چێوەی بەرەیەکی نشتمانی دیموکراتیدا خزمەتی بەرژەوەندی پتەوبوونی سەربەخۆیی حوکمی نشتمانی ئەکات لە کۆماری عیراقدا .

هیواخوازین کە حزبەکەتان سەرکەوتنی نوێ بەدەستبهێنێ لە ڕێگای بەهێز کردنی یەکێتی خەباتی هەموو هێزەپێشکەوتنخوازەکانی دژی ئیمپریالیزم لە عیراقداو لەتەقەللابدا بۆ پتەوکردنی سەربەخۆیی و یەکێتی نشتمانیو پێشکەوتنی کۆمەلایەتی کوماری عیراق ، بەرژەوەندی نشتمانی گەلی عیراق ڕەچاو ئەکات .

نوفوستی

هەڵبژاردنی "محمد ابراهیم نقد" بەئەمین داری گشتی

هەڵبژاردنی "محمد ابراهیم نقد" بەئەمین داری گشتی

ڕۆژنامەی ـ النداء ـ ئۆرگانی حزبی کومونیستی لوبنان نوسیویەتی ئەڵێ : کومیتەی ناوەندی حزبی کومونیستی سودان لەکۆبونەوەیەکدا کە لەم دواییانەدا بەستویەتی تێکوشەر (محمد ابراهیم نقد)ی بەئەمینداری گشتی حزب هەڵبژاردوە لەجێگای تێکوشەر عبدالخالق محجوب کە لە مانگی ڕابردوودا دەسەلاتدارێتی نمیری لە سێدارەی دا .

النداء ـ ئەڵێ : خەباتگێر نقد لە ساڵانی پەنجاوە هاتۆتەریزی حزبی کومونیستەوەو نمونەی خەبات و لەخۆبوردنوفیداکاری بووەو لە ساڵانی شەستەوە ئەندامە لە کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسی دا . ئیستاش ـ نقد ـ لەیەندەسەلاتدارێتی سودانەوە تاقیب ئەکرێت .

ڕۆژنامەکە لەکۆتاییدا ئەڵێ: کۆمیتەی ناوەندی حزبی کومونیستی سودان دوای کۆبونەوەکەی بەیاننامەیەکی دەرکردوەو تیایا سوربوونووەستانی حزبی سەلماندوە ڕووبەڕووی فاشیزمەخۆێن ڕێژەکانی ڕژێمی سودانو پەیمانی نوێ کردۆتەوە کە بەردەوام بێ لەخەباتی سەختیدرێژخایەندا تاوەکو ڕژێمی دیکتاتوری لەسودانداز ینده بەچاڵ ئەکات .

بروسکەی پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی بەگەلی ئەلمانیا

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ بەغدا

کۆمیتەی ناوەندی حزبی سوشیالستی یەکگرتوی ئەلمانیا پێخۆشحالە کە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ بکات بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزرانی حزبتان کە ڕابەری خەباتێکی پاڵەوانانە ئەکات دژی ئیمپریالیزمو لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو پتەوبونی یەکێتی نشتمانی کوماری عیراق لەسای سێبەری بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەل حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالستدا .

هیوای سەرکەوتنی حزبەکەتان ئەخوازین لە خەباتیدا لەپێناو دیموکراتیو پێشکەوتنداو لەگەل سلاو ڕێزی سوشیالستانەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سوشیالستی یەکگرتوی ئەلمانیا .

ئی . هونیکر ـ سکرتیر یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزب سوشیالستی یەکگرتوی ئەلمانیا

institut kurde de paris

بەشێک لە ئاهەنگەکەی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان

لەو ئاهەنگەدا ، لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێوارەی ڕۆژی دوو شەممەی ڕابوردوو بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتی پێشڕەوی خەڵکی کوردستانەوە گێرای (ماموستا صالح یوسفی) ئەندامی مکتبی سیاسی پارتی وڵێپرسراوی لق ووتاریکی دا .

ماموستا یوسفی لە ووتارەکەیا ووتی :

جێگای شانازیو سەربەرزیە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا گەلە کەمان ئاهەنگ بەبۆنەی (یوبلی زیوین)ی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی تێکۆشەرەوە بگێڕێ ، دوای بڕینی چارەکە سەدەیەک لە تەمەنی پڕۆژی پڕ لە نازایەتیو پاڵەوانی .

ئەم بیرەوەریە پیرۆزە لای جەماوەری گەلی کوردمانو پارتی پێشڕەومان هاندەرمان ئەبێ بۆ گیانی خۆگرتنو نازایەتی نواندنی بە هێزتر لە خەبات دا .

دیسان ماموستا یوسفی ووتی :

پارتیەکەمان بەر هەمی شارەزایی و تاقی کردنەوەی سەختو شۆڕشی و ڕایەڕینی نیشتمانیەک بە دوای یەک داو هەوڵدانی ڕووناکی بە ردەوامو قوربانی دانی مەزن لە ڕێگای تێکۆشانێکی لاسارانەدا گەیەکەمان بە وریای و نازایەتیەگی بێوێنە بە سەری برد .

ماموستا یوسفی باسی ئەو ڕۆژگارەی کرد پارتی پێشڕەوی تیا دامەزراو لەم بارەیەوە ووتی: گەلەکەمان گیرەوەی زۆر تێشو نازاربو ، ئەویش بە هوی کارەساتەکەی شۆڕشی بەرزانەوە سالی ١٩٤٥و نەگەیشتن بە بەدی هێنانی مەبەستی ، لە پاڵیا خۆگرتنو گیانی بە هیوای و زیندوکردنەوەی گیانی باوە ، بەرزی نەتەوایەتی بەدامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی مەهاباد) بە دوایا لەهەمان کاتا گەلی کورد ڕوو بە ڕووی ئالۆزاوی وتێک چونێک بو بو لە ڕیزەکانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی ونیشتمانی کوردا کە ئەرکی ئەو بزوتنەوەیەش تەنیا کەوتبوە سەر دەستەیەک ڕوشنبیری شۆڕشگێڕ کە گران بو هەموو جەماوەری زەحمەت کێش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە دیسان لە بەر نەبونی ئایدۆلۆژیەتو سیاسەتێکی ئاشکراو ڕێکخراوێکی شۆڕش گێڕانە کە لەگەڵ واقعی گەلی کوردو قوناغی مێژوویا بگونجێو بەپێی پیویستیەکانی بزوتنەوەی خەباتی هەڵسوڕێ .

دوایی ماموستا یوسفی لەم بارەیەوە هاتە سەر باسی باری گشتی عیراقو ووتی : بەڵام بە نیسبەت ڕۆژگارو باری وولاتی عیراقەوە لە ناکۆکیەکی وادا بو بە ئاشکرا لە نێوان هیزو پارتیە نیشتمانیەکانو نێوان حوکمی بەستراو بە ئیمپریالزمو نەخشەو پەیمانە دەستدریژیەکانیا دەرئەکەوت .

ماموستا یوسفی زیاتر ووتی: ئەمە سەرباری ئەوەی لە بزوتنەوەی نیشتمانیدا هێزێکی دیموکراتی پێش کەوتن خوازی دیموکراتی وپێشرەو کە بە وریایەوە سەرنجی ئەو ڕۆژگارە بدات و خاوەن ئایدولوژیەتو سیاسەتێکی ئاشکراو ڕێک خراوێکی شۆڕشگێڕ بێ باوەڕبخاتە سەر جێ بەجێ کردنی مرکزی دیموکراتیو باوەڕبخاتە سەر خەباتی سیاسی لە ڕووی لیک دانەوەی کۆمەلایەتیەوە لەبەر ڕوناکی نەزەریە علمیە پێش کەوتن خوازەکانو سوودبنێن لە تاقی کردنەوەی گەلانی تر بەو پێیەی کە لەگەڵ سوودی جەماوەری گەلەکەمانا ئەگونجێ لە کرێکارو جوتیارو کاسبکارو دوای ئەمە ماموستا یوسفی ووتی :

بەم جۆرە لەدایک بونی پارتیەکەمان کارێکی گەورەی کردە سەر خەباتی نەتەوایەتیو پێش کەوتن خوازی لە عیراق

بڕوانە : ل ٤

تایبەتی بە هاوکاری :

لە ئەنجامی گەشبوونو پەرەسەندنی خەباتی دێرانەی گەلانی ئێرانی ئازادی خوا ، بەفارسو کوردو عەرەبو ئازەرەوە ، وە لە ئەنجامی تەقینەوەی چەند بزوتنەوەیێکی چەکدارانە لە چەندەها ناوچەی ئێران بەتایبەتی ئەمانەی دووایی قارەمانەکانی سیاهکەلو ڕۆژ ئاوای ئێرانو بلاوبوونەوەی جموجوڵی شۆڕشگێرانەو فراوان بوونی بلاوکردنەوەی گوڤارو ڕۆژنامەو بەیاننامەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ئێران . کە شالاوی پیرۆزی گەشتوتە پایەتەختی حوکمی گەندەڵی شای نوکەرو کاسەلیسی ئیمپریالیستەکان .... کارێکی وای کردووە کە حکومەتی پەکڕێ گیراو بێشەرەفی تاران بەیارمەتی دانی ئاغایەکانی لە ئەندەنو واشنتون ، بکەونە خۆیان بۆ دانانی پیلانێکی گلاو دڕندە بۆ قەلاچۆکردنو تەفرو تونا کردنی ئەم بزوتنەوە دێرو جەنگاوەرانەو بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی خەباتی چەکدارانەن .

ئەوەی شایەنی باسە کە حکومەتی گەندەڵی تاران دەستی کردووە بە جێ بەجێ کردنی پیلانە گلاوەکەیو بەتوندی خەریکی لێدانی بزووتنەوەی نیشتمانییە لەئێرانداز ، بە ئومێدی پاراستنی حوکمی لە ڕزوکی نوکەرایەتی خۆی بێ گومان ئەم گەمارودانە بێ شەرەفانە وەکو هەموو هەولو تەقەلایەکانی پێشوی شای نوکەرو کاسەلیسی ئیمپریالیستەکان هەنگاوێکی کە لە گوربەگور کردنی ئێچگارەکی خۆیو تاقەو دەسەلاتە بۆگەنەکەی .... نزیک ئەکاتەوە .

ژماره : ٢٩
٢١ی ئابی ١٩٧١

شه‌ڕی نهێنی سیاوو ئه‌نتلیجنت سێرڤس له‌ تاران

C.I.A X B.I.S

نووسینی : موكری

پاشماوه‌ی ژماره‌ی پێشوو :

چاپه‌مه‌نی ئه‌مریكایی‌و ئینگلیزی خه‌به‌ری ئیستعفای (مصدق)یان به‌خۆشیه‌وه وه‌رگرت ، سیاو ئه‌نتلجنت سێرڤس هه‌ركامێكیان به‌كومه‌كی نوكه‌ره ئێرانیه‌كانی خۆیان به‌ئاشكرا هاتنه مه‌یدانه‌وه ، له‌م رۆژانه‌دا مالّی ئه‌حمه‌دی قوام ـ قوام السلطنه نوكه‌ری سه‌ر له‌پێناوو به‌ناوبانگی ئیمپریالیزمی ئه‌مریكا له ئێران‌و ده‌رباریش ناوه‌ندی ڕێكخستنی پیلان‌و گێره شێوێنی له دژی میلله‌ت‌و جولانه‌وه‌ی خه‌ڵك بوون ، ئه‌و یادداشته‌ی كه (حسنی ارسنجانی) وه‌زیری كشت‌وكالی كابینه‌ی (علی ئه‌مین) له‌مانگی پوشپه‌ری سالّی ١٣٤١دا له گۆڤاری (روشنفكر)دا بلاوی كردوه ـ ته‌نیا سووچێكی له‌م پیلانه ده‌رخست . له‌به‌ر ئه‌وه، ئێمه به‌شێك له‌وانه كه به‌ته‌واوه‌تی له‌مه‌ر ڕووداوه خویناویه‌كه‌ی ٣٠ پوشپه‌رو كه‌ڵه‌كو گێره شێوێنی پشته‌وه‌ی په‌رده‌یه ، لێره‌دا ده‌گێڕینه‌وه (ارسنجانی) ده‌نووسێ :

(سه‌عات (٧)ی پاش نیوه‌ڕۆ چوومه مالّی قوام السلطنه كه به‌شكم خه‌به‌رێكی تازه ببیسم ، (لسهانی سپهر)و (اشتیانی زاده)ش له‌وێ بوون ـ تكا له خوێنده‌وارانی به‌رێز ده‌كه‌ین ئه‌و ناوانه‌یان له‌بیر نه‌چێت كه له‌م یاددشتانه‌دا هاتوون چونكه ئه‌و ناوانه ناسێنه‌ری نوكه‌ره‌كانی بێگانه‌ن له وولاتی ئێمه‌دا ـ ، لسهانی سپهر گوتی : چاوپێكه‌وتنی مصدق‌و شا نتیجه‌ی نه‌بووه وه له‌كه‌سێكی سه‌ر به ده‌رباری ده‌گێڕاوه كه مصدق دوای ناساندن‌و مشوره‌ت له‌مه‌ر چه‌ند كه‌س له‌وه‌زیره‌كان گوتویه‌تی وزاره‌تی جه‌نگ خۆم ئیداره‌ی ده‌كه‌م ، به‌لام شا موفه‌قه‌تی نه‌كردووه ، وه ئاخره‌كه‌ی دوای سێ سه‌عات ووت‌و وێژ مصدق له (سعد ئاباد) ده‌ركه‌وتووه ..سه‌عات هه‌شت (ئاغای نیكپور) هات، **سه‌عاتێك دوای ئه‌و** (عامری .) هات ، دیسان قسه له مه‌سائلی گشتی وولات كرا ، نیكپورو عامری لایان وابوو كه ئاخره‌كه‌ی ده‌بێ صنعتێكی مقاومت دابمه‌زرێ) .

هه‌رچه‌ند حسنی ارسنجانی هه‌ول ده‌دا بوونی پیلانی ئیمپریالیستی له ڕووداوه‌كه‌ی ٣٠ پوشپه‌ردا بشارێته‌وه ، به‌لام تێكڕایی یادداشته‌كانی ئه‌و موئیدی بوونی پیلانیكی ئاوایه ـ به پێچه‌وانه‌ی نووسراوه‌كه‌ی ارسنجانی قوام السلطنه‌ش ونیكپورو عامری‌و هی‌دیكه‌ش كه راسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی‌یان به سه‌فاره‌تی ئه‌مریكاوه بوو ـ ده‌یان زانی كه قوام السلطنه ده‌بێته سه‌رۆك وه‌زیر .

ارسنجانی ده‌نووسێ :

(... هه‌موومان ده‌مان زانی كه قوام السلطنه به‌خۆڕایی قسه‌ناكات ، پێمان وابوو كه ده‌زانی ڕێگای كار خۆش كراوه .)

به‌لی ڕێگای سه‌رۆك وه‌زیرایه‌تی قوام السلطنه له‌لایه‌ن سه‌فاره‌تی ئه‌مریكاو مه‌ئموره‌كانی سیاوه ـ له ده‌ربار خۆش كرا بوو ، ئه‌مه‌ش ئه‌و شته‌یه كه (حسنی ارسنجانی) نایه‌وێ ئیعترافی پێ‌بكات . به‌لام بیه‌وێ‌و نه‌یه‌وێ یادداشته‌كانی ئه‌و ته‌مایلی گویا كوتوپڕی قوام السلطنه ده‌رده خه‌ن ، بۆ نمونه ئه‌و ده‌نووسێ:

(دوای ده‌ركه‌وتن له‌مالی قوام السلطنه ، له‌ترومبیل‌دا ، نیكپور گوتی : كابرا ئه‌م شه‌و زۆر به‌دلنیایی قسه‌ی ده‌كرد ، منیش ته‌ئییدم كردو گوتم حسابی خۆی كردووه ، به‌خۆڕایی قسه ناكات ، به‌لام ئه‌گه‌ر قه‌راری دابێ كه بێینه ناو ئه‌م كاره‌وه ده‌بێ كارێك بكه‌ین كه قوام السلطنه نه‌شكێ ، جگه له‌وه ده‌بێ ئه‌وه‌ش حساب بكه‌ین كه ئه‌م كاره بێ‌گومان خه‌رجی هه‌یه).

قوام السلطنه ده‌ی توانی چ حیسابێك بكات ؟ ئه‌و مه‌جلسه‌ی كه ده‌رۆژ له‌وه پێش كاتی ده‌نگ وه‌رگرتن ته‌نیا دوو ده‌نگی بۆ ئه‌و دابوو، ئێستا ده‌بوو به‌زووربه‌ی ده‌نگه‌كان ئه‌و هه‌ڵبژێرێ . له چ‌ڕێگه‌یه‌كه‌وه ؟ له‌رێگه‌ی پوله‌وه ـ پولێكی زۆر كه ارسنجانی ئه‌وه به خه‌رجی كار ناو ده‌بات ، ئه‌م پوله زۆره‌ش ده‌بوو سه‌فاره‌تی ئه‌مریكا بیدا، بۆچی ؟؟ بۆ كڕینی ده‌نگی نوێنه‌ره خاینه‌كانی مجلسه‌كانی نوێنه‌ران‌و ستا ، قوام السلطنه‌ش حسابی خۆی له‌سه‌ر سفاره‌تی ئه‌مریكا ده‌كرد شاش ئه‌م حسابه‌ی له‌به‌ر چاو بوو ، واسطه‌ی به‌ینی ده‌ربارو (سیا)ش ئه‌و وه‌خته (ئه‌شره‌ف په‌هله‌وی) بوو كه قوام السلطنه پێش راگه‌یاندنی گویا كوتوپڕ ته‌هایل بو سه‌روك وه‌زیرایه‌تی به‌نهێنی چاوی به ئه‌و كه‌وتبوو، حسنی ارسنجانی له یادداشته‌ـ كانی خۆیدا له‌م باره‌یه‌وه ده‌نووسێ :

(نیكپور گوتی به‌س دوێنێ قوام السلطنه لای والاحضرت ئه‌شره‌ف بوو ، ئه‌مڕۆش حه‌تما له (شه‌میران) كه‌سێكی دیوه وا به قایمی قسه ده‌كا ، گوتم: راسته ..)

ئه‌م ووته‌یه له یادداشته‌كانی حسنی ارسنجانی زۆر جێگای سه‌رنجه چونكه بێ ئه‌وه‌ی بیه‌وێ كه‌ین‌و به‌ینه‌كانی پشته‌وه‌ی په‌رده ده‌رده‌خات ، قسه له‌وه‌یه ئه‌م یادداشته هی رۆژی ٢٥ پوشپه‌ری ١٣٣١ یه، ارسنجانی به‌ووردی تاریخی بۆ یادداشته‌كانی خۆی داناوه وه‌ئه‌م تاریخ دانانه‌ش یارمه‌تی ئێمه ده‌دات بۆ ده‌رخستنی ڕووداوه‌كان .

ئه‌گه‌ر سه‌رنجتان دابێ ئێمه گوتمان رۆژی ٢٥ پوشپه‌ر دكتور مصدق چاوی به‌شا كه‌وت ووت‌وێژی له‌گه‌ل كردو وه‌هه‌ر ئه‌و رۆژه‌ش ئیستعفای‌دا ارسنجانیش یادداشته‌كانی خۆی له رۆژی ٢٥ی پوشپه‌ره‌وه ده‌ست پێ‌ده‌كات،وه ده‌رده‌كه‌وێ پیلانگێڕه‌كان ئاگایان له‌وه بووه كه ده‌بێ بكرێ ، وه به‌خۆڕایی له‌مرێكی پیلانگێڕان له‌دژی خه‌لك‌دا كۆنه‌بونه‌ته‌وه ، به‌لام وه‌كو گوتمان نیكپور به‌ارسنجانی ده‌لێ كه قوام السلطنه به تاقه رۆژێك له‌پێش ئیستعفای مدق‌دا چاوی به ئه‌شره‌فی خوشكی شا كه‌وتووه له‌پاشان روژی ٢٥ یش له (شه‌میران) . كه‌سێكی دیكه‌ی دیوه ، وه ئه‌م كه‌سه‌ش كه ارسنجانی عه‌مدا ناوی ئه‌و نابات ـ سه‌فیری ئه‌مریكا بوو له‌تاران ـ به‌م پێیه ده‌بینین كه پیلان له‌دژی مه‌صلحه‌تی گه‌له‌كانی ئێران ، پێش ئیستعفای دوكتور مصدق ، له سه‌فاره‌تی ئه‌مریكاو ده‌ربار نه‌خشه كێشرا بوو .

رۆژی ٢٦ی پوشپه‌ر له كۆبونه‌وه‌ی تایبه‌تی مه‌جلسی نوێنه‌ران كه به‌هاوبه‌شی (٤٢) كه‌س له نوێنه‌ره‌كان پێك هاتبوو ، (٤٠) كه‌س بۆ سه‌روك وه‌زیرایه‌تی قوام السلطنه ده‌نگیان‌دا ، ئه‌مانه‌ش هه‌ر ئه‌و نوێنه‌رانه بوون كه رۆژی ١٥ پوشپه‌ر ، یانی یانزه رۆژ له‌وه‌پێش ته‌نیا دوو ده‌نگیان به‌قوام السلطنه دابوو .

موسه‌ببی ئه‌م گوڕانه ، ئه‌و (دولار)انه بوو كه سه‌فاره‌تی ئه‌مریكاو (سیا) له‌ناو نوێنه‌ره‌كانی مه‌جلس‌دا به‌شیان كردبوو ، له‌مه‌ر ئه‌م ئاغایانه‌یه كه ارسنجانی له‌یادداشته‌كانی خۆی‌دا به تاریخی ٢٥ی پوشپه‌ر ده‌نووسێ (ئه‌و كه‌سانه‌ی كه له‌به‌ر ده‌رگای مالی قوام السلطنه ، دالانه‌كانی كۆشكه‌كه‌ی ئه‌و له هوده‌كاندا ولیستابوون‌و دانیشتبوون به‌بیچمێكی ریابازی‌یه‌وه ده‌هاتنه پێشی ، ده‌ستیان ده‌ناو ده‌ستم‌و پیروزبایی‌یان ده‌كرد .. ئاشتیانی زاده ده‌م به‌پێكه‌نینه‌وه له‌سه‌ر كورسی دانیشتبوو ، له‌وم پرسی : چ باسه ؟.. گوتی : مجلس ده‌نگی داوه قوام السلطنه بووه سه‌روك وه‌زیر .

نووسه‌ری كتێبی (په‌نجا سال نه‌وتی ئێران) له لاپه‌ره (٦٠٦)ی كتێبه‌كه‌یدا له‌باره‌ی ڕووداوه‌كانی كۆتایی مانگی پوشپه‌ری سالی ١٣٣١ ده‌نووسێ .

به‌ره‌و تێگه‌یشتنی دیموكراتی سه‌ربازی به‌شێوه‌یه‌كی چاكتر

شاره‌زێكی ناشۆڕشگێڕه ، تاشۆڕش له‌شاخ دانه‌مه‌زرێ

له گۆڤاری (الهـدف)ه‌وه ژماره (٩٥)ی رۆژی ١٠ـ٤ـ٩٧١ وه‌رگیراوه

نووسه‌ر:پێشمه‌رگه‌ی ج.ش.ت ف(أبو همام)

وه‌رگێڕ : شالاو

پاشماوه‌ی ژماره پێشوو

هێنانه‌دی یه‌كیه‌تی ناوه‌كی له‌ژیانی رۆژانه‌داو نوخته‌ی ڕاپه‌رینه بۆ یه‌كگرتن‌و پێگه‌یاندنی ده‌ست پێش‌كه‌ری جه‌ماوه‌ر .

ئاشكرایه كه پێشمه‌رگه‌كان دووچاری به‌زینی سیاسی‌وچه‌وساندنه‌وه‌ی ئابووری ئه‌بن له‌ناو ئه‌وهێزه چه‌كدارانه‌ی كه‌له‌سه‌ر بناغه‌ی كۆن دامه‌زراون،وئاستی ژیانیان گه‌لی نزم تره له‌ئاستی‌ژیانی لێپرسراوه‌كانیان‌هه‌ر چه‌نده‌كه ئه‌وان پتر توشی‌ته‌نگو چه‌لمه‌ی (مادی) و (معنوی) ئه‌بن له‌كاتی مه‌شق‌وشه‌ردا .

دیموكراتی له‌مه‌یدانی ئابووری‌دا خۆی له‌وه‌دا ئه‌نوێنی كه ژیانی پێشمه‌رگه‌كان چاكتر بكرێت‌و حیسابات به‌كۆمه‌ل بپشكێندرێت‌و سه‌رپه‌رشتی چێشت‌خانه‌و جۆری‌دابه‌شكردنی خواردن له‌لایه‌ن لیژنه‌یه‌كی هه‌لبژێردراوی تایبه‌تی‌یه‌وه بكرێت ، ئه‌وسا ئه‌گه‌ن به‌ده‌ستاوێژێك كه گه‌ره‌نتی‌بێت بوئه‌وه‌ی پێشمه‌رگه ولێپرسراوه‌كانیان وه‌ك یه‌ك‌بن ـ له‌م مه‌یدانه‌دا ، به‌لام سه‌ركرده بیروباوه‌ر بیروكراتیه‌كان به‌توندی ئه‌چن به‌گژ ئه‌م جۆره دیموكراتیه‌داو هیچ باوه‌ریان به‌گرنگی پێدانی‌نیه‌و به‌شتێكی هیچ‌و پوچ‌و چروكی ئه‌زانن كه نه‌ئیشی پێ‌پێش ئه‌كه‌وی‌و نه‌پێشی دووا ئه‌كه‌وێت، ئه‌وه‌یان له‌بیر خۆیان بردۆته‌وه كه گرنك نه‌دان به‌پێویستی‌یه‌كانی پێشمه‌رگه دووریان ئه‌خاته‌وه له‌ڕابه‌رایه‌تی كردنیان ، چونكه راكێشانی جه‌ماوه‌ری پێشمه‌رگه و هاندانیان بۆ به‌كارهێنانی هه‌موو هێزو توانایه‌كیان بۆ شه‌ر پێویسته له‌سه‌ر سه‌ر كردایه‌تی «له‌گه‌ل پێشمه‌رگه‌كان بن‌و بزوینه‌ری هه‌ست‌و ده‌ست پێشكه‌ریان بن‌و هه‌ولی خۆش كردنی گوزه‌رانیان بده‌ن‌و به‌راستی‌و دل‌سۆزی كاربكه‌ن بۆ به‌رژه‌وه‌ندی‌یان » .

به‌شداربونی سه‌ركرده پێشمه‌رگه‌له‌خواردن‌و كاركردن‌و ژیانی رۆژانه‌و مه‌شق‌و پشودان ئه‌بێته هۆی پێگه‌یاندنی گیانی خه‌بات‌و له‌خۆبوردن له‌ناویان‌داو كارێكی له‌پسان نه‌هاتوه بۆ هێنانه‌دی ئامانجی ناوكۆیی‌یان‌و یاریده‌ی پێشمه‌رگه‌كان ئه‌دات له‌تێگه‌یشتنی سه‌ره‌تایه شۆڕشگێڕه‌كان وه‌كو «شۆڕش بۆ هه‌لگرسا ؟ » «بۆبه‌رژه‌وه‌ندی كێ‌ی شه‌ر ئه‌كه‌ن » هیچ شتێك له‌وه سامناكتر نیه له‌سه‌ر‌ یه‌كیه‌تی‌و یه‌كگرتنی هێزه شۆشگێره‌كان كه سه‌ر كرده‌كانیان گوزه‌رانیان له‌هی پێشمه‌رگه‌كان خۆشتر‌بێت، هه‌موو جۆره جیاوازی‌یه‌كیان هه‌بێت ، به شێوه‌یه‌ك كه‌توشی له‌خۆبای بون‌و لادانیان بكات ، زۆربه‌ی پێشمه‌رگه‌كان ئه‌و سا به‌گیرفان پڕكه‌رو هه‌لمه‌ته كاسه‌و سود بین‌یان ئه‌زانن وته‌نانه‌ت خه‌بات كرد نه‌كه‌شیان به‌سه‌ر چاوه‌ی ده‌سكه‌وت‌و به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان بۆ له‌قه‌لّه‌م ئه‌ده‌ن .

ج : مه‌یدانی شه‌ر :

پراتیكی دیموكراتی سه‌ربازی له‌م مه‌یدانه‌دا هه‌نگاوێكی گرنگه بو به‌رز كردنه‌وه‌ی ئاستی پرۆسێس (عملیات)ی جه‌نگی ، وئاماده‌ـ كردنی ته‌كتیكی ، وبه‌ده‌ست هێنانی سه‌ركه‌وتن ونیشان‌دانی توانای پێشمه‌رگه ئازاكان .

له‌م مه‌یدانه‌دا دیموكراتی سه‌ربازی ڕیگه خۆش‌ئه‌كات بۆ سه‌ركرده‌كان كه بتوانن به ئاسانی مه‌شق به پێشمه‌رگه‌كان وپێشمه‌رگه‌كانیش به‌یه‌كتری وته‌نانه‌ت به سه‌ركرده‌كانیشیان بكه‌ن . پراتیكی دیموكراتی له ڕیگه‌ی به‌ستنی كوبونه‌وه دا ئه‌كرێت تیایه ئالوگوری ره‌ئی وباس كردنی گیروگرفته‌كان و لێكۆلینه‌وه‌ی ده‌ستاوێژی شێوه‌ی پێویستی‌یه‌كان ئه‌كرێت .

سه‌بارت به‌كوبونه‌وه‌ی تایبه‌تی (مه‌شق كردن) هیچ جیاوازی‌یه‌ك نیه له‌ره‌ئی‌دا به‌رامبه‌ری ، ئه‌م جۆره كۆبونه‌وانه توشی هیچ كه‌ندوكۆسپیك نابن ، پێش مه‌شق ئه‌كرێت بۆئه‌وه‌ی گفتوگۆ له‌سه‌ر به‌رنامه و وانه‌كان‌و مه‌شقی له‌شی بكرێت و له توانای پراتیك‌و ووزه‌ی به‌جێ‌هێنانی ئامانجی دیاری‌كراو ببۆژێنه‌وه .له‌دوای مه‌شقیش ئه‌كرێ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌نجامه‌كانی هه‌ل بسه‌نگێندرێت‌و بناغه‌ی كاركردنی ناوكۆی داهاتودا بنرێت بۆ مسوگه‌ر كردنی فێربونی ئالو گۆركردن‌و یارمه‌تی‌دانی دواكه‌وتوه‌كان .

به‌لام له‌به‌ستنی كوبونه‌وه‌ی تایبه‌تی (شه‌ركردن)و پروسێس جه‌نگی ، خاوه‌ن تیوریه شۆرشگێره‌كان له‌م ڕووه‌وه تێك‌چون له ناوخۆیاندا دوو ره‌ئی جیاوازی بنچینه‌ی هه‌یه ،یه‌كه‌میان ئه‌لّی «پێویسته له‌سه‌ر ئه‌و له‌شكرانه‌ی له‌شه‌ردان كوبونه‌وه‌ی گه‌وره‌یان بچوك بكه‌ن له‌ناو خۆیاندا به‌پێ ئاراسته كردنی سه‌ركرده‌یی له‌شكره‌كان ، وپێویسته سه‌ربازه‌كان هان‌بدرێن كه باسی چۆنایه‌تی هێرش بردنه سه‌ر بنكه‌كانی دوژمن و گرتنیان بكه‌ن ، هه‌روه‌ها بویان هه‌یه گفتووگۆ بكه‌ن له‌سه‌ر ته‌واوكردنی فرمانه‌كانی تری شه‌ر ، ئه‌گه‌ر شه‌ره‌كه چه‌ند رۆژێكی خایاند

بڕوانه : ل ٧

كتێبی هاوكاری

سه‌ره‌تایه‌ك له‌فه‌لسه‌فه‌و ڕێبازه‌كانی

حمید عزیز

● سۆفیزم ●

دوور نارۆین كه‌بلێین ئه‌وشتانه‌ی سۆفیزم له‌فه‌لسه‌فه جیا ئه‌كاته‌وه زیاتره له‌وه‌ی له‌یه‌كتریان نزیك ئه‌كاته‌وه . فه‌لسه‌فه په‌نا ئه‌باته به‌ر سه‌رسه‌رنجدان‌و تێفكرین‌و شی‌كردنه‌وه‌و سۆفیزم جوره‌ئیتكیت‌و تجربه‌یه‌كی (روحی)و بریتیه له (زهد)و (تقشف)و (ذكر)و (ریازه) یه‌كی تایبه‌تی‌و برینی په‌یوه‌ندی به‌خۆشی‌و رابواردن‌و (امور)ی دنیاوه . سۆفیزم،بلاوبونه‌وه‌ی وه‌كو (نزعه)یه‌ك ئه‌گه‌رێته‌وه بۆ سه‌ده‌ی هه‌شته‌می زایین‌وسێ‌هه‌می كۆچی . ناوه‌كه‌شی تاوه‌كو ئیستا به ته‌واوی روون‌نه‌بۆته‌وه له‌چیه‌وه هاتووه ! هه‌ركه‌سه‌و هه‌ر سۆفیه به‌جۆرێ‌لێكی ئه‌داته‌وه ... هه‌ندێ ئه‌لێن وشه‌ی (صۆفی) له‌سۆفیزمی یونانه‌وه وه‌رگیراوه ، دوای ئه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌كانی نوسه‌رانی یۆنان وه‌رگێڕرایه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی‌و هه‌ندێكی‌تریش ئه‌لێن له (صفاء)ه‌وه هاتووه . به‌لای منه‌وه راسترین‌ڕا ئه‌وه‌یه كه له (صوف) واته خوری‌یه‌وه هاتبێ چونكه :ـخوری هینی مه‌ڕو به‌رخه‌و ئه‌مانه‌ش هه‌موكاتێ قۆچی‌قوربانی بوون هه‌روه‌كو داستانه‌كه‌ی‌ئیبراهیم پێغه‌مبه‌روقوربانی دانی به‌كوڕه‌كه‌ی (ئیسماعیل)و مه‌سه‌له‌ی ئه‌وبه‌رخه‌ی كه له جێگای كوڕه‌كه‌ی سه‌ری‌بری‌و له‌م قسه‌یه‌شدا كه‌سۆفیه‌ك خۆی ئه‌لێ : (الصوفی دمه هدرو ملكه مباح) واته‌قۆچی ، قوربانیه‌و سه‌رو مالی حه‌لاله . له‌لایه‌كی كه‌شه‌وه‌خوری زووره وبه‌نیشانه‌ی گوێ نه‌دانه خۆو پشت‌كردنه اموری‌دنیاو كاتی خۆشی بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه سۆفیه‌كان خوریان‌له‌به‌ركردوه هه‌روه‌كو جنیدی به‌غدادی ئه‌لێ :

(الصوفي من لبس الصوف على الصفا واطعم نفسه طعم الجفا وترك الدنيا وراء القفا وسلك سبيل المصطفى) .

سۆفیزم له هه‌ر ئاینیكداوله‌هه‌ر سه‌رده‌م‌و شوێنیكدا زیاتر به‌وه ناسراوه كه ڕێبازو (ریازه)و (زهد)و اخلاقیكه له‌وه‌وه هاتووه كه ئاده‌میزاد خۆی‌خراپه‌و ئه‌بێ له رۆژی قیامه‌ت‌و ئاگری دۆزه‌خ‌و خواو مردن‌بترسێ‌و ته‌قه‌للا بدات به‌لكو ببه‌خشرێ‌و (عنصری شر)بریتیه له (قوه‌ی شهوانی) و ئه‌میش نه‌فسی ئاده‌میزاده به‌رامبه‌ر لاشه‌و دنیاو شه‌یتان . ئه‌مانه‌ش هه‌روه‌كو سۆفیه‌كان ئه‌لێن كۆسپێكن له ڕێگای سه‌رفرازی ئاده‌میزادو پێویسته‌خۆی لێ رزگار بكرێت (١) .

ده‌رباره‌ی سوفی‌گه‌ریه‌تی‌ودروست بوونی له‌ناو مسلمانه‌ـ كاندا دوو رای سه‌رنج راكێش‌به‌رچاو ئه‌كه‌وێت :

● زووربه‌ی سۆفیه‌كان ،هه‌ر چه‌ند به‌عه‌ره‌بی شتیان نوسیوه‌و له‌پاش به‌جێ‌ماوه‌به‌لام عه‌ره‌ب نین هه‌روه‌كو ابن خلدون له (المقدمة ص١٠٤٧)دائه‌لێ‌و چه‌ند كه‌سێكی كه‌ی رۆژهه‌لات ناس هه‌مان قسه‌دووباره ئه‌كه‌نه‌وه .

● دروست بوونی سوفی‌گه‌ریه‌تی وه‌كو ڕێبازێك به‌مه‌سه‌له‌یه‌كی سیاسی‌و ئامانجی‌دوور له‌ئاینه‌وه دائه‌نرێت . هه‌روه‌كو مامۆستامان دكتور كامل مصطفی الشیبی له‌نامه‌ی ماجستێریدا قسه‌یه‌كی‌پروفیسور مه‌هرین ئه‌خاته روو پروفیسور مهرین ئه‌لێ :سوفی‌گه‌ریه‌تی كاتێ له ئیراندا ده‌ركه‌وتوه كه دوژمنێتی‌ی هێزو ده‌سه‌لات‌دار ده‌ستی به‌سه‌ر وولاته‌كه‌ماندا گرتووه‌و كه ئیرانیه‌كانیش بۆیان ده‌ركه‌وت كه به‌جه‌نگ رزگاریان‌نابێت په‌نایان برده به‌ر گۆشه‌گیری‌و ته‌ركی‌دنیاو بڕوا وون به‌هێزێكی غه‌یبی‌و سوفی گه‌ریه‌تیش پێویستیه‌ك بوو له‌پێویستیه‌كانی (بوون) و گوزه‌ران له‌و سه‌رده‌مه‌دا(٢) .

ئه‌مه‌ش مه‌به‌ستی له شكانی‌له شكری ئیرانیه‌كانه له جه‌نگی قادسیه‌و جلولاء حلوان‌و نهاوه‌ندو به‌ناچاری بوینیان به‌ئیسلام . كه‌واتا به رای‌مهرین سوفی‌گه‌ریه‌تی مقاوه‌مه یه‌كی سلبی بووه !!

له‌مه‌یدانی سۆفی گه‌ریه‌تی‌دا‌چه‌ند سوفیه‌كی به‌ناوبانگ به‌دی ئه‌كرێت وه‌كو حسنی‌بصری‌و معروفی‌كرخی‌و ذوالنون المصری‌و رابعة العدویه‌ومحاسبی‌و بسطامی‌و جنید البغدادی‌و حه‌زره‌تی حلاج‌وابو بكر الشبلی‌و محی الدین العربی‌و عبدالقادر الگیلانی‌وشیخ احمد الرفاعی‌و مولانا الرومی‌و شمس التبریزی‌وسهروردی‌و ابن الصلاح الشهرزوری .

وتمان سۆفی‌گه‌ریه‌تی ذكروریازه‌یه‌كه وه به‌چوار قۆناغدا تێئه‌په‌ری : مرید ، زاهد ،جاهد واصل ، له قۆغی چواره‌مدا په‌یوه‌ندی به‌مادیات‌ودورو پشتیه‌وه نامێنی‌و په‌یوه‌ندی له‌گه‌ل په‌روه‌ردگاردا‌په‌یدا ئه‌كات به‌ڕاده‌یه‌ك بونی خۆی له بوونی په‌روه‌ردگاردائه‌بینی‌و زۆر جاریش شتی‌وا ئه‌دركێنی كه به روالت دژی‌ئاینی‌بێ‌و به (شطحات) ناوبراوه ئه‌مه‌ش له ژیان‌و كرداری حه‌زره‌تی حلاجدا به‌دی ئه‌كرێت . ئیمامی غه‌زالی كاتێ گه‌یشتوته قۆناغی چواره‌م وتویه‌تی : ئه‌وه‌م بینی كه‌چاوی‌كه‌س ده‌ركی پێ نه‌بردوه‌و ئه‌وه‌شم بیستوه كه هیچ گوێچكه‌یه‌ك‌نه‌ی‌بیستوه‌و ئه‌وه‌شم زانی كه به‌دل‌و بیری كه‌سدا نه‌هاتووه . سوفیه‌كان له نوسین‌و به‌رهه‌مدا زۆر ده‌وله‌مه‌ندن زۆر هه‌لبه‌ست‌و نوسینیان له‌دوا به‌جێ‌ماوه‌كه‌ئه‌مه‌ش بۆ زكرو كۆڕبه‌ستن ئه‌تراوه‌و به‌شێوه‌یه‌كی ره‌مزی‌و به‌جۆرێك كه كار بكاته سه‌ر ئاماده‌بووان(٣) لێره‌دا ئه‌وره‌مزیه‌ت‌و سۆفی‌گه‌ریه‌تیه‌ی ئه‌حمه‌دی كۆر ـ مان بۆ ده‌رئه‌كه‌وێ(٤) .

دولبه‌را دایم ده‌نالم ... ده‌م به‌ده‌م شام‌و سه‌حه‌ر
جارێ ناپرسی له‌حالم ... چاو عقابی خۆش خه‌به‌ر
چاو عقابی ماه جمالی ... دوشمنی كفرو ضلالی

١ ـ ر.أ. نیكلسون :الصوفیه في الاسلام ص ٤٢ـ٤٣
٢ ـ الدكتور كامل مصطفى الشيبي : الصلة بين التصوف والتشيع ج٢ ص ٩
٣ ـ دائرة المعارف الاسلامية:ج٥ ص ٢٧٣ .
٤ ـ ئه‌م هه‌لبه‌سته‌م له‌كاك‌رفیق صابره‌وه ده‌ست كه‌وت .

ـ ماوه‌یه‌تی ـ

فه‌رهه‌نگی سیاسی

ئێنته‌رناسیۆنالی دووه‌م

INTERNATIONAL 2

كۆمه‌ڵه‌ی كارگه‌رانی حزبه سوسیالیسته‌كانه‌و دوای كۆنگره‌ی پاریس كه‌نوینه‌ری زوربه‌ی ڕێكخراوه‌كریكاریه‌كانی ئه‌ورویاو ئه‌مریكاو ئه‌رژه‌نتینی تیدا به‌شدار بوو له سالی ١٨٨٩دا دامه‌زرا . ئومه‌میه‌ی دووه‌م به سه‌ركردایه‌تی فردریك ئینگلز به‌پێی ڕێ‌ڕه‌وی ماركسیزم ئه‌چوو به‌ڕیوه‌و له ماوه‌ی به‌شداری ئینگلزدا ئومه‌میه توانی ماركسیزم بلاو بكاته‌وه‌و ڕیزی هێزه‌كانی چینی كارگه‌ران یه‌كخات‌و حزبه سوشیالستیه‌كان له‌وماوه‌یه‌دا ببوون به هێزێكی سیاسی‌گرنگ له‌ئه‌ورویادا . دوای مردنی ئینگلز سه‌ركردایه‌تی ئومه‌میه‌ی دوومه‌كه‌وته ده‌ست هه‌لپه‌رستان كه به هه‌موو جورێك هه‌ولی شیواندنی ڕێبازی ماركسیزم‌یان ئه‌دا .

لینین ئه‌لێ : (ئومه‌میه‌ی دووه‌م وه‌كو ڕێكخراوێكی بزوتنه‌وه‌ی كریكاران له‌ئه‌نجامی فراوان بوونی به‌شێوه‌یه‌كی ده‌سته‌كی (افقی) رادو پله‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی نزم‌بۆوه‌و هه‌لپه‌رستان خۆیان كێشانه ناوێه‌وه)

حزبی به‌لشه‌فیك گرنگترین حزبی ماركسیزمی بوو كه له ئومه‌میه‌دا به‌شداربوو به‌سه‌ر كردایه‌تی لینین خه‌باتێكی سه‌ختی گێڕا دژ هه‌لپه‌رست‌و ریفیژیونیسته‌كان‌وه هێزی فه‌رمانده‌ی به‌ره‌ی ده‌ستی چه‌پی ئومه‌میه بوو . لینین به‌شێوه‌ـ یه‌كی ئافه‌ره‌یده‌كارانه په‌ره‌ی به‌تیورو تاكتیكی‌شۆڕشگێڕانه‌ی ماركسیزم دا .

هه‌لپه‌رستانی ئومه‌میه‌ی دووه‌م كه داوای ـ ئاشتی‌و هێمنی نیوان چینه‌كانیان ـ ئه‌كرد له‌گه‌ل گۆڕانی ورده ورده‌و هێدی له‌سه‌رمایه‌داریه‌وه به‌ره‌و سوسیالست ئاراسته‌ی چینی كریكارانیان ئه‌كرد كه خه‌بات بكه‌ن له‌پێناو چه‌ند ریفورمێك كه ئه‌بو به‌هۆی پته‌وبوونی ده‌سه‌لاتی بورژوازیه‌كان‌و به‌لای بنكه‌ی رژێمی سه‌رمایه‌داری‌دا نه ئه‌چوو . به‌م جوره حزبه‌كانی ئومه‌میه‌ی دووه‌م بوون به چه‌ند حزبێكی ریفورمیست‌و كلكی په‌رله‌مانه‌كان . له‌گه‌ل به‌رپا بوونی جه‌نگی گێتی یه‌كه‌مدا زوربه‌ی سه‌ركرده‌كانی حزبه سوسیالیستیه‌كان چونه پال بورژوازیه‌كانی ولاته‌كانیان‌و ته‌نها به‌لشه‌فیكه‌كان هه‌لۆیستێكی دروست ئومه‌میانه‌یان هه‌بوو ده‌رباره‌ی تاكتیكی‌شۆڕشگێڕانه‌ی جه‌نگ .

له كاتی جه‌نگی ناوبراودا حزبه‌كانی ئومه‌میه‌ی دووه‌م بون به‌سێ لاوه :

١ ـ لایه‌نی راسته‌ڕه‌و كه‌سوشیالسته شوڤینیه‌كان بوون وه‌كو : بلیخانوف ، شایدمان ، ریزو ..

٢ ـ ناوه‌ندیه‌كان كاوتسكی، تروتسكی ، مارتوف ، ئه‌دلر .

٣ ـ به‌لشه‌فیكه‌كان : له‌سه‌رو هه‌موانه‌وه چه‌پڕه‌وه‌كانی ئه‌لمان ، لیبكینخت .

له سالی ١٩١٩دا سوسیال دیموكراته‌كانی ده‌ستی راست داوای چاك‌كردنی ئومه‌میه‌یان كرد به هیوای لیدانی شۆرشی كریكاران‌و به‌رهه‌لستی كردنی مه‌لبه‌ندی سوسیالستیه‌ت ، یه‌كێتی سوڤیه‌ت ، به‌كۆمه‌كی بورژوازیه‌كانی‌زوربه‌ی وولاتانی ئه‌ورویا . سوسیال دیموكراته‌كان ڕێگا خۆشكه‌ری هاتنی هیتلر بوون بو سه‌ر حوكم چونكه رازی نه‌بوون به دامه‌زراندنی به‌ره‌یه‌كی یه‌كگرتوو دژ فاشیزم . هه‌ر ئه‌وانیش یاریده‌ده‌ری به‌ستنی ڕێككه‌وتنی میونیخ بوون‌و به‌شێكی زوریش له لێ‌پرسراوی هه‌لگیرسانی جه‌نگی جیهانی دوه‌م ئه‌كه‌وێته سه‌ر شانی سه‌ركرده‌كانی ئومه‌میه‌ی دووه‌م له‌گه‌ل هه‌لگیرسانی ئه‌م جه‌نگه‌ش ئومه‌میه‌ی دووه‌م له‌ناو چوو .

وه‌رگێر : ح.ع.

ئێرە دەنگی ئێرانە

تاقی کردنەوە شورشگێرەکانی پێشووی گەلانی ئازادیخوای ئێران سەلماندی کە تەنها ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە قوول و دێرینەکانی کۆمەلانی ڕەنجدەرو زەحمەتکیشی ئێران بەشێوەیێکی ئێچگاری ، لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی شورشگێرانەیە دژی حوکمی کەندەلی نوکەرایەتی لە تاران ، وە بەبێ ئەم زەبروزەنگە بەبێ بەرپاکردنی شورشێکی فراوانی ئەوتۆ کە سەرجەم ڕەنجدەرانی ئێران لە فارس و کوردو ئازەرو عەرەب کۆ بکاتەوەو سەرانسەری ئێران بگرێتەوە ، ناتوانرێت حوکمی دیکتاتوری بنەماڵەی پەهلەوی بۆگەن ڕامالرێ و کومەلانی فراوانی خەلکی ئێران ڕزگار بکرێ ، لەدەست چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی .

بۆیەکا ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک ، سەرجەم بزوتنەوەو جولانەوەو کۆمەڵەو دەستەو پارت و ڕێکخراوی نیشتمانی و پێشکەوتن خواز بانگ کراون بۆ سوود وەرگرتنێکی زانستیانە لە تاقی کردنەوە شورشگێرەکانی پێشووی خۆیان و بۆ یەکخستنی هێزو توانایان لە بەرەیێکی نیشتمانی فراواندا دژی حوکمی نوکەرایەتی لە تاران .

ئەمڕۆ بەپێی ئەو وەزعە دەوڵەتی یەو بەپێی باری ناوخۆو دەرەوەی ئێران و بوونی دوست و یارمەتی دەرێکی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران ، دەرخەتێکی مێژوویی یە لەبەردەم هێزە نیشتمانی و پێشکەوتن خوازەکانی ئێران بۆ کۆبونەوەو یەکگرتن و کێشانی نەخشەی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنی توناکەر کە تەنها وەلامێکە بۆ دڕندایەتی و نوکەرایەتی بنەماڵەی پەهلەوی خوێنمژو چەوسێنەرو بۆ تاقم و دەسەلات و داودەزگا بۆگەن و گلاویان ، کە وەک سەکی هار بەربوونەتە گیانی گەلانی . دەبا هەموو دلسۆزو نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکانی ئێران یەکگرن لە بەرەیێکی شورشگێردا .

دەبا صەدای دەنگی تەقینەوەی ڕاپەرینی شەرەفمەندی سیاهکەل و ڕۆژئاوای ئێران و کوردستانی بەزۆر بەستراو بە ئێرانەوە .. سەرانسەری وڵات بگرێتەوە .

جەنگاوەر

وڕێنەکانی شاهەنشای ئاریامیهر

ڕوژنامەی _ راه اتحاد _ ئۆرگانی جبهەی متحدی ئیران کە بەزبانی کوردی و فارسی دەرئەچێ وتارێکی لەژێر ناونیشانی (وڕێنەکانی شاهەنشای ئاریا میهر دا) بلاوکردۆتەوە وائیمەش لەبەر گرنگی پێشکەش بەخوێنەرانی هاوکاری ئەکەین :

راه اتحاد ئەڵێ :

لەرۆژی ٦ی بەهمەنی ١٣٤١وە ئەو ڕۆژەی حمە رەزا شا (٦ مادەی یەکەمی شۆڕشی ئیران)ی بەمیللەت ڕاگەیاندو داوای کرد بەدەنگدانی گشتی پەسند بکرێت ، لەو کاتەوە ،لە نیشتمانی ئێمەدا هەمو شتێک توشی (ئینقیلاب) و (ئینقیلاب) بازی بووە .

ئەمڕۆ لە ئێراندا جۆرە کەسانێک باسی ئینقلاب دەکەن تا دوێنێ بوو وەک جنۆکە کە لە(بسم الله) ڕائەکا ، ئەوانیش لە ووشەی (ئینقلاب)ئەسلەمینەوە . بەلێ ئەمڕۆ پیاوانی هەرە کۆنەپەرستی وولات بوون بە ئینقلابی . زوربەی کاربەدەستانی ڕژێم کەلەمەوبەر پیشەی خۆیان و باوو باپیریشیان هەر دزی و ڕوتاندنەوەی خەلک بووە ، کەچی لەرۆژی ٦ی بەهمەنی ١٣٤١وە بەتۆبەیەکی نەسوومانە غوسلی گوناحیان لەخۆیان دەرکردوەو هەموو ڕابردووە نەنگینەکانیان لەبیر خۆیان بردۆتەوەو ئێستا وائەزانن (کەوا)ی ئینقلاب تەنیا شایانی بالای ئەوانەو بەس .. ئەگەر یەکێک پێیان بلێ قوربان : ئێوەو ئینقلاب کوجا مەرحەبا ؟ ئەوسا تووڕە ئەبەن و پێیان ناخۆش ئەبێت ، هەروەک پێت ووتبن : ئاغایان ئێوە دز نین!! وەک خوالێخۆشبوو میرزادەی عیشقی ئەڵێ : کاربەدەستانی هەیئەتی حاکمەی ئیران ئەگەر (دزی)یان لەدەست نەیەت بێگومان بێ (عرضە)نو بەس !!

کاربەدەست و حاکمانی ئیران لەزووەوە بەزەبری سەرەنێزەو پیاوکوژی سواری مللی میلەتەکانی ئیران بوون و ڕوتاندویاننەوە وەهیچ سەیر نیە ئەگەر ئەمڕۆش پیاوانی وەک (هویدا) و (علم) دەم لە ئینقلاب و ئینقلابات وەردەن و کراسی ئینقلاب چێتی بکەنەبەریان . ئەمڕۆ لە ئێراندا بەو جۆرە کە دوکتۆر (کلالی)سکرتێری گشتی حزبی ئیرانی نەوین باسی ئەکات (لەسایەی پێشڕەوی شاهەنشای بەرز کۆمەلانی خەلکی ئیران لەسەرکەوتندا گەیشتونەتە ڕادەیەک کە وەک نموونەی وولاتێکی پایەدانەری گەورە باسی ئەکرێ) بەفەرمانی شا ئینقلاباتێکی زۆر هاتۆتە کایەوەو یەکێکیش لەو ئینقلاباتانە ئەمەیە کە لە فەرهەنگی وشەو اصطلاحاتدارووی داوە . وشەیەک یان اصطلاحێک کەتا دوێنێ مانایەکی تایبەتی خۆی هەبوو ، ئەمرو دەردە ئینقلابی گرتووەو مانایەکی تر ئەبەخشێ یان بەیەگجاری لەقاموس دا ناوەکەی سڕوەتەوە ، بۆنمونە : ووشەی (فئودالیتە) ، (فئودال)و (ئەرباب و رەعیەت)و ئەم ووشانەی کەلەمانە ئەکەونەوە بەفرمانی شاهەنشای ئاریا مهر لەقاموس دا نەماوون چونکو پاش اسلاحاتی زەوی یا(ئینقلابی کشتوکال)و بەگوێرەی فەرمایشتەکەی شالە کۆنگرەی دووەمی حزبی ئیرانی نەوین دا (لەئاخری هاوینی ئەم ساڵدا تەنانەت یەک کەس مالکی گەورە نامێنێ) ئیتر لەناو کۆمەلدا ئەم وشانە کەلکیان نامێنێ و بەکار نایەن .

راه اتحاد درێژەبەنوسینەکەی ئەداو ئەڵێ :

لەرابردوودا ئەگەر هەیئەتی حاکمەی ئیران لەدووریشەوە بۆنی ووشەی شۆڕش و شورشگێریان کردبایە ئەوا وەک گای ئەسپانیایی لێی ئەسلەمینەوە .. کەچی ئێستا ئەم ووشە بێچارەش تووشی دەردە ئینقلاب بوە .. ئەمڕۆ ناوی ئینقلاب ئەخرێتە سەرهەموو کارێکی هیچ و پووچ و ئاسایی ، هەمو ئەو ئیشانەی کە تەنیا ئامانجیان خزمەتی ئیمپریالیزم و مسۆگەرکردنی قازانجی سەرمایەکانی دەرەوەیە بە ئینقلاب ناو ئەبرێن .

شا ، فورمولی (دوور بەو کوێربە)ی بە دەسکاریەوە خستۆتە ناو رووکەشێکی تازە ئیجادەوە ، وەک پاشا کۆنەکان لەگەڵ کۆمەلانی خەلکی ئەبزوێتەوەو ئەمیر هەباسی (گۆچانی)یش لەدواگۆبونەوەی کۆنگرەی حزبدا ئەم مەسەلەی خستوتە پێش چاو نوینەرەکان و ئەڵێ : (دوێنێ ڕۆژێکی گەورە بوو بۆ کۆنگرەکەمان و چاوتان پێ کەوت شا هەموو مەسەلەیەک ئەهێنێتە گۆڕێ و لەگەل ئێوە باسی ئەکا)

بەلێ ئەگەرچی ئەندامانی کۆنگرە لەنۆکەرو چلکاوخۆرانی وەک هویدا دکتور کلالی و علم پێک هاتبوو .. لەسەر ئەمەشرا وتەکانی شا لەگەڵ وتەکانی پێشووی جیاوازیەکی زۆری هەبوو شکەستە نەفسی گەیشتبوە ڕادەیەک کە لەهجەی عامیانە قسەی کردووەو جاروباریش بەقسەی نەستەق و نسوخی تام و بۆنی لێ زیاد کردوە . شا بە جۆرێک تەماشای دەستەی سیاهکل ئەکات و ئەڵێ : تەنیا شاگرد ئاشپەزەکانی لەشکری ئیران بەسە بۆ وەلام دانەوەی ئەمانە : بێگومان بەکار هێنانی وشەی(شاگرد ئاشپەز) چۆنێتی تەماشا کردنی شاو هەلوێستی ئەنوێنی سەبارەت بەکۆمەلانی خەلکی ئیران و چینەکانی . لەراستیدا شا ویستویەتی بلێ (جەنگەلیەکانی سیاهکل ئەوەندە بێکارە بوون کە تەنیا شاگرد ئاشپەزەکانی لەشکری ئیران ، سەرەرای هەمو بێکارەیی خۆیانەوە بەس بوون بۆ لەناوبردنیان !

شا لە کونگرەی حیزبی ئیرانی نەوین دا قسەیەکی سەرنج ڕاکێشی بەکار هێناوەشا فەرمویەتی : (بیری بچوک ، مێشکی بچوک ، لە گۆشەی ڕوانینی خۆیانەوە تەماشای شت ئەکەن بەوبارەدا کە ئەیانەوێ ببینن دێتە بەرچاویان) !!

لەکوردیدا مەشهورە ئەڵێن : پیاو کە بەگەورەیی فێری پلاو خواردن بوو دەست بۆلوتی ئەبا . شا کەلە ڕووی گەورەیی یەوە شکەستە نەفسی ئەنوێنێ و ئەوجار بەگوێرەی پێداویستی ڕۆژ ووشەکانی (ئێمە ئەفەرموین)ی ناوەتە لاوە ئەیەوێت ئەگەر تەنیا جارێکیش بێت قسەکانی هێندێک (منطقی)و حیسابی بێت .. وادیارە دیسان _کونی دوعا _ یان گوم کردووەو هەلیان فەرموە ، چونکوو بچوکی و گەورەیی مێشک ، شاهانە یا عامیانە بوونی مێشک پێوەندی ڕاستەو خۆی هەیە لەگەڵ ئاسۆی ڕوانینی ئەوکەسەی کەبیر ئەکاتەوەو ئەوبیرەی کە لە مێشکی یەکێک هەڵئەقولێ ..

راه اتحاد زیاتر ئەڵێ :_

هەموو نەتەوەکانی ئیران بە فارس و کوردو تورک و بلوچ و عەرەبەوە نیشتمانی خۆیان ئەپەرستن و پێویستیان بە ئەوپەندو ئامۆژگاریانە نیە کە لەکەلەی پووچی حمەزا شاو خەلکی تر دێتە دەرەوە .. ئەو ڕۆژەی کە نەتەوەکانی ئیران دژی ڕژێمی دیکتاتوری شای ئالقە لەگوێ ئیمپریالیزم ڕاست ئەبنەوەو ئینقلابە گەندەل و شرە سفیدەکەی یەک بەشوێن یەکدا لەناو ئەبەن و لەجێگەیاندا شۆڕشێکی ڕاستەقینە لەناو کۆمەلدا دائەمەزرێنن ئەوسا شا ئەگەر ئەجەل ماوەی بدا بتوانێ لەدەست مەردومی زەحمەتکیشان گیان بەسەلامەت دەرکا ، بەچاوی خۆی ئەبینێ ئەوکەسانەی وەک چلپاو خۆر دکتور کلالی لەپێشدا هەموو شتێکیان بەگۆشەی چاوی شا ئەبینی ١٨٠ دەرەجە بەدەوری خۆیدا خول ئەخواو ئەمجا چۆنێتی بینینی لەگەڵ بینینی کۆمەلانی خەلک ڕێک ئەخات و ئەوسا کە(دیکتاتوری خوێنخۆر)و (دزی خاوەن شکۆ !)و(نوکەری ئالقە لەگوێی ئیمپریالیزم) کە صفەتی ڕاستەقینەی شاهەنشای ئاریا میهرە ئەبینێ و ئەخوێنێتەوە ..

لە « ١٩٤٦ »ەوە بۆ « ١٩٧١ »
پارتی پێشڕەوی خەڵکی کوردستان

عبدالله عباس

● بوونی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەی پێشڕەو ، لە سەروو بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی هەرگەلێکدا ، مانای قوڵ بوونەوەی باوڕی ئەوگەلەیە بەرامبەر بەمەسەلەی ڕزگاری و دەست پێکردنی قوناغێکی نوێیە بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕە لەسەر ڕێرەوێکی دیاری کراوی بەرەو ئامانجی دوورو نزیک ، جا لەبەر ئەوە ،دامەزراندنی (پارتی دیمکراتی کوردستان) لە ١٦ی ئابی سالی ١٩٤٦دا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە بەنیسبەت خەباتی ئازادی خوازی نەتەوەی کوردەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی وەک پارتیەکی پێشڕەوی ئەو بزوتنەوەیە :_

(ڕووداوێکی وانەبوو لە ئەنجامی ئارەزوویەکی وەختی دا پەیدا ببێ ، یان تەنیا ئاواتێکی چەند کەسانێکی دیاری کراو بوبێ ، یان تاقی کردنەوەیەک بوبێ لە ماوەیا ئیحتمالی سەرکەوتنی لێک بدرێتەوە ، بەلکو بەرهەمی تێکوشانیکی قوڵ و هاتنەکایەی بیروباوەڕی سیاسی گەلی کورد بو لە کوردستانی عیراق ، لەئەنجامی پێش کەوتن و پێ گەیشتنی قۆناغی سیاسی دا ، دروشمی سەربەستی نیشتمانی و گەیاندنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی بەرز کردەوە ، بێجگە لە دیاری کردنی دەوری مێژووی و کۆمەلایەتی و سیاسی و پێشڕەوی کە پێویست بو لە چوار چێوەی تێکوشانی گەلی عیراقدا بەگشتی بێچەسپێنێ ، بە مەبەستی ڕزگاربون لە ژێر دەسەلاتی بێگانەو ئەو چینەی تەختی پاشایەتی دا خوی ئەنواند)(١) .

گومان لەوەدا نیە بە دامەزراندنی (پارتی) لەو ڕۆژگارە ناسکەی خەباتی گەلی کوردا بەتایبەتی و گەلی عیراق بەگشتی پیا تێ ئەپەڕی ، بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی کورد کەوتە بارێکی کەوە ، جیاوازیەکی گەورەی دیاری کرد لەنێوان ئەو بارە نوێیەو باری ئەو بزوتنەوەیە بەر لە دامەزراندنی (پارتی) ، ئەم ڕاستیە زیاتر لەجۆری ئەو پەرچدانەوەیەدا دەر ئەکەوێ کە دوژمنەکانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەدوای دامەزراندنی (پارتی) دەستیان پێ کرد ، کە زیاتر دڕندایەتی خۆیان ئەنواندو ئەمەش شتێکی کوتوپڕی نەبوو بەلای بزوتنەوەی ئازاد خوازنی گەلی کوردو پارتیە ساواکەیەوە لەو سەردەمەدا ، چونکە ئەزانرا بونی ئەم ڕێکخراوە سیاسیە بەپێشڕەوی بزوتنەوەی ئازادی خوازی نەتەوەی کورد مانای مژدە دانە بە حەتمیەتی سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە ، چونکە دوژمنانی خەباتی گەلی کورد لەوە دڵنیا بوون بوونی (پارتیەکی پێشڕەو) لەناو گەلی کوردا مانای کۆکردنەوەی هەموو وزەو توانای گەلی کوردەو ئاڕاستە کردنی بەرەو بەدی هێنانی ئاواتەکانی ، لەکاتێکدا نەبوونی (پارتیەک) مانای ماوە فراوان کردنە لەبەردەم هێزەکانی دوژمن بەو گەلە بۆ ئەوەی بەئاسانی دەستی خۆی بوەشێنێ .

جا لێرەوە گرنگی دان بەدامەزراندنی (پارتیمان) بۆ ئاشکرا ئەبێت ، کە چۆن لەدایک بونی مانای قوڵ بونەوەی باوڕی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد بو ، وە دیاری کردنی ئاشکرای ڕێڕەوی بەدی هێنانی مەبەستەکانی ئەو باوەڕەو دەست پێ کردنی قوناغێکی دوورو درێژی پڕ لە ئازایەتی و قوربانی دان بەرەو ئامانجە نزیک و دوورەکانی گەلی کورد بەتایبەتی و لە چوارچێوەی خەباتی ناوکوی گەلی کوردو عەرەب دا لە عیراق بەگشتی .

● کە (پارتی) لەدایک بوو ، دەوری گەلی کورد لە بزوتنەوەی ئازادی خوازی سەرانسەری عیراقی کوردو عەرەب دا زیاتر فراوان بو ، چونکە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە (پارتی) ئەرکی سەرشانی خۆی وەک (ڕێکخراوێکی پێشڕەوی گەلی کورد) لەو بزوتنەوەیەدا لەبەر نامەی تێکوشانیا دیاری کرد :

(لەپێناوێ بیروباوەڕی سەربەستی نیشتمانی بەشیوەیەکی گشتی و مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی کورد لەعیراقدا بەشیوەیەکی تایبەتی لەپاڵ دڵنیا بونیا بەوەی سەربەستی نیشتمانی و ژیانی دیمکراتی تەنیا دوو ڕێگان بۆ گەیاندنی گەلی کورد بە مەبەستەکانی و بەدی هێنانی (حوکمی ذاتی) لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی وولاتی عیراقدا)(٢) .

● لەدوای ئەمە بێگومان سەرنج دانەوەیەکی خێرای تەمەنی خەباتی (پارتی پێشڕەوی خەلکی کوردستان) زۆر ڕاستی گرنگ بەرچاو ئەخات ، کە ئەمڕۆ ، وە لەدوای ڕابوردنی ٢٥ سال بەسەر ئەو خەبات و تێکوشانەدا وامان لێ ئەکات وردبین بین لەچۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ڕووداوەکانی ئەو ماوە دوورو درێژە ، ئەوەی سوودی بەراستی بزوتنەوەی ئازادی خوای گەلی کوردی تیا بوە ئەتوانین بیکەینە بنەڕەتی هەنگاوەکانی سبەینێمان و بۆ گەیشتنێ بە ماناکانی ئەو دروشمانەی (پارتیمان) لە خەباتی خۆیا بەرزی کردۆتەوە و لەگەل بەراورد کردنی بەرامبەر قۆناغەکانی ئەو خەباتەو قۆناغی داهاتوی .

● لەم ڕووەوە ، گرنگ ترین شتێ خۆی فەرز ئەکات ، ئەویش لەبەر ڕووناکی پێویستیەکانی خەباتی گەلەکەمان و ئاواتە نەتەوایەتیە کانی لەم بارە ناسکەدا کە کوردستان و هەموو عیراق بەتایبەتی ، ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی تیا ئەژی ، ئەوەیە کە پێویستە زیاتر ڕیزی یەکیتی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد گرنگی پێ بدرێ ، ئەم ڕاستیە ، خواستێکی سەرپێی نیە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو چونکە سەرکردایەتی (پارتی) ئەوەی بۆسەلماوە :

(بەبێ یەکیتی پارتی و یەکیتی هەموو دیمکراتیەکان و شۆڕشگێرە کوردەکان و کۆبونەوەیان لە پارتیە پێشڕەوەکەیانا ، ناتوانرێ (وە ممکین نیە بتوانرێ) زەخمی نەتەوایەتی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشەوە ببرێ و جلەوی بگیرێ)(٣) .

جابۆیە ئەڵێن : لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستیەدا بۆ سەرکردایەتی (پارتی پێشڕەو) هەستی بەم ڕاستیە کردو گەورەترین سەرکەوتنی لە بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلی کوردا بەدی هێنا لەدوای (ڕێکەوتنەکەی ١١ی ئاذار)و دوای فەرمانە بەجێکەی سەرۆکی پارتی دیمکراتی کوردستان (پێشەوا مستەفا بەرزانی) کە :

(هەموو ڕۆڵەکانی گەلی بانگ کرد بۆ چاو پۆشین لە کارەساتەکانی ڕابوردوو ، وە کردنەوەی لاپەڕەیەکی ئیش کردنی نوێی بەرهەمدارو کۆبونەوە لەژێر ئالای شەکاوەی پارتی دیمکراتی کوردستاندا)(٤)

جا هیزە شۆرشگیرەکانی گەلی کوردیش دلسوزانە بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتن و بەمە هەنگاوێکی مەزنی تر نرا بۆ بەهێزکردنی زیاتری (پارتی پێشڕەومان) تا بتوانی :

(ئەرکەکانی سەرشانی خۆی وەک پارتێکی پێش کەوتن خوازی شۆڕشگێر لەبزوتنەوەی نیشتمانی کوردا و بزوتنەوەی نیشتمانی ڕزگاری خوازی ناوچەکەدا بەجێ بهێنێ و ببێتە بنکەیەکی پتەو بۆ بەدی هێنانی یەکیتی هیزە دیمکراتیە شۆڕشگێرەکان لەوولاتداو لەپێناوی زامن کردنی مافە دیمکراتیەکانی گەلی عیراق و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد بە « حوکمی زاتیەوە » بۆ کوردستان و پشت گرتنی خەباتی گەلانی عەرەب دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و پیلانەکانیان)(٥) .

لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستیەدا (پارتی پێشڕەو) ئەوەی سەلماند کە :

(یەکێ لە مستلزماتە ئەساسیەکانی پارێزگاری کردنی دەستکەوتە گەورەکەی « ڕێکەوتنی ئاذارو » زامن کردنی جێبەجێ کردن و پەرە پێدانی لە یەک بونی هەولی هەموو کوردە دلسۆزەکانیەو ئاراستە کردنی توانایان بۆ بەرگری لێ کردنی و گۆڕینی بە حقیقەتێکی واقعی)(٦) .

● لەکوتایی دا ،لە بیرەوەری «٢٥ سالەی » دامەزراندنی (پارتی دیمکراتی کوردستان دا) پێشڕەوی خەڵکی کوردستان :

_ سلاوی گەرم و دلسوزی بۆ ئەو ئەو گیانە پاکانەی بونە قوربانی ڕێگای خەباتی ئازادی خوازی نەتەوەی کورد لەژێر ئالای پارتی دیمکراتی کوردستاندا .

_ سلاوی دلسوزی و هیوای سەرکەوتن بۆ ئەو پێشمەرگە ئازایانەی هەموو هیوای ئەم گەلە لەلولەی تفەنگەکانی ئەوان دایەو لەسەر چیا سەرکەشەکانی مانای بوون و بەهیزی « کورد » ئەسلمێنن ، ئەو ڕەش و ڕووتانەی بەگیانی لەخۆبوردنەوە هەمیشە ئامادەن سوتەمەنی ڕێگای خەباتی درێژخایەنی گەلەکەمان بن ..

_ هیوای سەرکەوتنی زیاتر ئەخوازین بۆ (پارتی پێشڕەومان) بەسەرکردایەتی (بەرزانی تێکوشەر) بۆ چەسپاندنی ئاواتەکانی گەلی کورد لەسەرویانەوە (حوکمی زاتی بۆ کوردستان) لە چوارچێوەی عیراقێکی دیمکراتی ئازادا .

١ _ سەر ووتاری (التاخی) ژمارە ٥١٣ ، لە ١٦ی ئابی ١٩٧٠ .
٢ _ (التاخی) هەمان ژمارە .
٣ _ (التاخی) ژمارە ٦٦٨ لە ٢٢ی شوباتی ١٩٧١ .
٤ _ (التاخی) هەمان ژمارە
● _ (التاخی) ل ٤ هەمان ژمارە بەیان نامەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان) .
٦ _ (التاخی) ل ٤ هەمان ژمارە (بەیان نامەی پارتی دیمکراتی کوردستان) .

پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی پێشڕەوی کۆمەلانی خەلکی کوردستان

برهان قانع

لەکاتێکدا کە باری سیاسی لەکوردستانی عیراق توشی ئالوزی و گرێ کوێرەی کۆمەڵکاری بوبو هەر خاوەن عەشیرەتێک لە لایەکەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی ڕای ئەکێشاو ڕوی ڕاستی نەتەوایەتی لەناوچوارچیوەی عەشیرەتگەری و ڕوالەتی دەرەبەگایەتی دا گێژی ئەخواردو بلیسەی ئاگری نەتەوەپەرستی و شۆڕشگێڕیش تا ئەهات لەناو دڵ و دەرونی کومەلانی خەلکی کوردستانا زورتر کلپەی ئەسەند ، ئەمپریالیزمی ڕوژئاواش بیری لەتواندنەوەی نەتەوەی کورد ئەکردەوە ، وە هەر لەو کاتەشدا بەهوی دامرکاندنەوەی شەری دوهەمی جیهانی یەوە سەرەتای گورینیکی سیاسی قول لە ڕوژهەلاتی ناوەراستا بەدی ئەکرا .. گەلیک جموجولی نهینی سیاسی لەلایەن استعماری بەریتانیاوە نەخشە کیشرابو کە جولانەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردی تیا ئەکەوتە مەترسی یەوە ئالەو کاتە ناسکەدا گەلی کورد پێی نایە سەرەتای ژیانیکی سیاسی تازەو لەسەر شوینەواری ڕیکخراوە ئالوزاوەکانی حزبی هیواو کۆمەلە سیاسیەکانی تری کورد پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن نوێنەری کومەلانی روشنبیرو ئازادیخوازانی کوردستانەوە دامەزرا .. وەکو کۆلەکەیەکی پۆلایین لەناوەڕۆکی باوەڕی کۆمەلانی کوردەواریدا بنجی داکوتاو روشنفکرە شورشگێرەکانی کوردی لەدەوری ئالای خەباتی سەختی نەتەوایەتی خۆی کۆ کردەوە ، لەروژی ١٦ ئابی ٩٤٦ دا .

پارتی دیموکراتی کوردستان تاکە ڕیکخراوی سیاسی شورشگێری تەواوی زەحمەتکیشەکانی کوردە ،لەبەر تیشکی شورشگێری و پیشکەوتنخوازیدا چووەتە مەیدانی خەباتیکی سەختەوە ، بۆ بەدی هینانی ئاواتی میلەتی کورد .

دروستبونی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکیک بوو لە پیویستی یە سیاسی یەکانی میلەتی کورد .. وە نەبێ گەلی کورد تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانی هینابیتە روی مەیدانی زوران بازی سیاسی و خەباتی خوێناویەوە بەلکو لەسەرەتای هوشیار بونەوەی میلەتی کوردەوە بیر لەو یەکیەتی و هەلپیکانە فیکری یەی کورد هەر کراوەتەوە ، وە بو ئەم مەبەستە گەلیک پارت و کومەل و ڕیکخراوی سیاسی و نیوە سیاسی دروست بووە ، بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەر تیشکی بیرو باوەرو ئایدیولوژیەتیکی شورشگێرانەی نەتەوەپەرستی دا لەدایک بووە کەقازانجی هەمو چینەکانی گەلی کورد لەیەک ئامانجی هاوبەشیدا رەچاو ئەکات و دواروژی هەمو کوردیک وەکو یەک ئەپاریزێ پارتی دیموکراتی کوردستان لەئەنجامی هەزاران بەراوردو تاقی کردنەوەی سیاسی ، لەناو جەرگەی باوەری کۆمەلانی زەحمەتکیش و زۆرلیکراوی کوردستانەوە هەل قولا ..

هەروەکو پیویست بو ئەم پارتی یە شورشگیرە تەقالایەکی زۆری داوە بۆ پرچەک کردنی هەقالەکانی بەبیرو باوەڕی سیاسی پیشکەوتو خوازو نەتەوەپەرستی .. وە نەبێ ئەم پارتی یە نەبەزە لەژیانی سیاسیا توشی ئالوزی و بچراندن و گرێ کوێرە نەبوبێ .. ئەمیش هەروەکو هەمو پارتی یەکی شورشگێر کەئامانجی هەلتەکاندنی هەمو عورف و عادەت و چاولیکەریەکی کۆن بێ و نیازی دەس نیشان کردن و دیاری کردنی ڕیگایەکی شورشگێری بێ بۆ ئەوەی کاروانی نەتەوەکەی لەقوناغی دیلی یەتی و کویلەیی یەوە بگوێزیتەوە بۆ قوناغیکی بەختیارو ژیانیکی سەربەستی لەناو ڕیژیمیکی دیموکراتی دا .

بیگومان لەئەنجامی ئیش کردن و تیکوشانی بی پشودا توشی لێک بچڕان و دورکەوتنەوە لەیەکتر بووە ، بەلام بەهۆی هۆشیاری سەرکردەکان و دلپاکی و شارەزایی یانەوە توانیویانە لە هەل و دەرفەتی پیویستدا ئەو پارچە دورکەوتوانەی دەست بنینەوە ناودەستی یەکترو بەدەستی

بروانە : ل ٧

سەرنجێک

لە ژمارەی ڕابوردووی هاوکاری دا بەیانێک بلاوکرایەوە ئەو بەیانە هی سازمانی ئینقلابی نی یە ، بەلکو هی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕە لە ئێراندا کەناوی ڕێکخراوەکە (ستارەسرخ)ە .

سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێرانی لەدەرەوەی وڵات ڕێکخراوێکی مارکسی_لینینی یە وە گۆڤاری (تودە) ئۆرگانیتی و ڕوژنامەی (ستارەسرخ)یش دەرئەکات ، وە جگە لەو دووانە هیچ گۆڤارو ڕوژنامەیەکی تر پەیوەندی بەوانەوە نیە .

ئەوەی شایەنی باسە کە بەدوورو درێژی دەربارەی بیروباوەڕی ئەم ڕێکخراوە دواوین لە ژمارە (٢٢) هاوکاری دا .

« هاوکاری »

ئاهەنگی لقی پێنجی "پ.د.ك" بەبۆنەی یادی دامەزراندنی پارتی یەوە

ئیوارەی رۆژی دووشـــەمەی رابوردوو ١٦ی ئاب ، جەماوەری گـــەلی کورد ئـەو ئاهەنگـە گەورەیەیان لەشاری بەغدا بینی کە لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هوڵی هاوینـەی خلد گیرای ، ئەویش بەبۆنەی بیرەوەری ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بو .

لە دەرگای چونـە ژورەوەی هوڵەکەدا دروشمی (سڵاو لەسەرکردەی تێکۆشـەری پارتی مستەفا بەرزانی) ودروشـمی بەهێز بێ هاوکـاری هەردووپارتی بەعس و پارتی بـەرز کرابونەوە ، بێجگە لـــەوەی پێشەوەی شانۆکە بە دوو وێنەی گەورەی هەردوو تێکۆشـــەر بەکرو بەرزانی رازابوەوە ، وەمامۆستا صالح یوسفی کـــە یەکێکە لەئەندامانی دامەزرێنەری پارتیو ئەندامی مکتبی سیاسیو لێپرسراوی لقی پێنجە پێشـوازی میوانەکانی ئەکرد .

هەروەها هەڤال صدام حسین جێگری سەرەکی ئەنجومـەنی سەرکردایەتی شۆڕش و جێگری باوەڕ پێکراوی سەرکردایـەتی هەریمایەتی پارتی بەعسی ئامادەبو ، وە لە سەرکردەکانی پارتی : مامۆستا حبیب محمد کـــریم سکرتیری لیژنەی مرکزی و چەند ئەندامێکی مکتبی سـیاسی و لیژنـەی مرکزی پارتی ئامادەبون .

لەسەرەتای ئاهەنگەکـــەدا هەموو دانیشـتوان دەقیقەیـەك وەستان بۆڕیزی گیـــانی شەهیـــدەکان دوای سرودی ـ سڵاو لەپارتی ـ پێش کەش کراو ئینجا ووتارەکەی مامۆستا صالح یوسفی .

لەدوایا چەند پارچـــەیەك گۆرانی ، لەلایەن هونەرمەندانی سلیمانیەوە کە سەر بە کۆمەڵی هونەرو وێژە بون لەگەڵ تیپی موسیقای سـلیمانی ، دوای چیرۆکی تەمسیلی (چالی جەرگی پیرەژن) لەلایەن هونەرمەندانی کۆمەڵی هونـەرو وێژە وە پیش کەش کرا کە لە نووسینی مامۆستا حسـین عارف و دەرهێنانی هونـەرمەندی لاو ئەحمـەد سالار بـو بەشدار بونی چـەند هونەرمەندێکی عـەرەبی ، هـەموو رێکخراوەکانی کوردسـتان . ئافرەتان و لاوان کۆمەڵی رۆشن بیری بەشـداری پێش کەش کردنی ئاهەنگەکـەیان کرد دیسان لە ئاهەنگەکەدا ئـــەو بروسکە پیرۆز بایانە خوێندرانەوە کە بەم بۆنە پیرۆزە وەنیرا بون . لەدوایا بەسرودی ـ ئەی رەقیب ـ ئاهەنگە کە کاتێـکی درەنگی نیوە شەو کۆتای هات .

ووتاری لقی دووی پ.د.ك لەبیرەوەری "٢٥" ساڵەی پارتی تێکۆشەردا

لەسەرانسەری کوردسـتان رۆژی ١٦ ئاب ١٩٧١ هەمووی ئاهەنگو خۆشیو شادی بوو بەبوونەی یادی بیسـتوپێنج ساڵەی دامەزراندنی پێشـەنگی کـاروانی کوردایـەتیمان و پێشرەوی خەباتی خەلـکی تێکۆشەری کوردستان لەپێناوی ئازادیو کامەرانیدا .

لە هەولێریش ، لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر ئاهەنگێکی گـەورەی سازکرد ، بەڵام لەبەر کـەمی جێگا ناچار بلاو کردنـەوەی رووداوەکانی ئاهەنگەکەمان دوواخست ، لەگەڵ بروسکەکەی هاوکاری .

بەڵام لەبەر گرنگی ووتارەکەی لقی دوو ئەوەی کە تێکۆشەر مامۆستا علی هەژار خوێندی بەووا تەواوە کەیتان پێش کەش ئەکەین .

هاوکاری

بەریز هەڤال عبدالوهاب ئەتروشی پاریزگاری هەولێر
هەڤالانی بەریز ـ هاوولاتیانی خۆشەویست

بەبۆنەیەك کەیادەکـەی شوێنی خوی کردۆتەوە لەدڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز بـۆ گەڵو وولات ، بەبۆنەیەك کە بەهەموو کـەس ئەسـەلمێنێ بەرهـەمی خەبـات لەماوەی بیستوپینج سالی رابردو چی دەسکەوتێکی بۆ گەلەکـەمان ئەنجامداوە ، بەبۆنەیەك کەهەر سالێکی لەسالانی خەبـات چاوگـەی خەباتەکەی بەخوێنی سەدەها شـەهید ئاڵبوە ، بەبۆنەیەك کەیادی رۆژێـکە کەبەراستی رووی خەباتی گەلی کورد لەژێر ئاراسـتەی سەرکردەی دامەزرێنەر بارزانی بەجورێك رزگاری بو لە بیری ناراستو تەسك وەبەراستی کوردایەتی کردە جولانـەوەی تیکرایی جەماوەری گەلی کورد، بەم بۆنە پیروزە کە بیستوپینج سال بەسەر دامەزرانـدنی پارتیمان تیپەر ئەبێت لقی ٢مان گەرمترین پیروزبایی لەهەموو ئەنـدامو پالیوراوو دڵسۆزانو هەموو جـەماوەری تێکۆشەری گەلەکەمان ئەکاتو سوپاسی بیبایانەی هەموو هاوولاتیان ئەکات کەبەراستی حەقی خویـان داوە ١٦ ئابو وەکو رۆژێکی مێژوویی گرنگ بایەخی پێدراوە .

خوشكو برایانی خۆشەویست: بیستوپینج ساڵ لەمەوبەر واتە لەرۆژی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ یەکەم کونگرە بەنهێنـی بەسترا لە بەغدا لە سەر داوای سەرۆك بارزانی و هەندی لـە تیکوشەران و کونگرەکە پیـك هاتبوو لە نوینـەرانی حزبی رزگاری کورد و بەشـیك لەسەرکردەکانی حزبی شورش و هەندی لەپاشماوەکانی حزبی هیواو گـەلی لەنیشـتمان پەروەرانی سەربەخو بـو دوزینەوەی چارەسەریەك بـۆ ریکخستنی سیاسی لەجوڵانەوەی کوردایەتیدا بەتایبەتی لـەم سەردەمە کە تازە شەری جهانی دووەم کـوتایی پێ هاتبـوو

بەرەبەرەی فاشیزمو نازیـەت بەتـەواوی تی شکابو زور لەگەلانی سەرزووی زەمـین بەریگایەکی شورشگیرانە سەر بەستیان وەدەستهینابـوو کەوتبونە خەریکی بنیاتنانی حوکمـی دیموکـراتیو شوسیالیستی ئەم بارە هەموو وولاتانی سەرزووی زەمینی گرتبوەوە و بەجوشەوە هـانی گەلانی ژێردەستی تریشی ئەدا کە ریگا بو رزگاری خویـان بدوزنەوە لەسەر هەمان شیوە ئەوەبوو پالی بەخەبات گیرانی گەلی کوردیش وەنـا کـە هیزەکانی سیاسی گەلی کورد

تێکۆشەر علی هەژار : پارتی لە ئەنجامی خەباتی درێژخایەنی خوێناوی سەلماندی کە پێشڕەوی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردە .

یەك بخەنو ریکخستنیکی سیاسی نەتەوایەتی پیشکەوتوی لەناو جەماهیر هەلقولاو دابمەزرینن بەتایبەتی پاش ئەوەی کومەلو تاقمە سیاسیە کوردیەکانی ئەوسا یەك لەدوای یـەك ئەتوانەوە بەهوی ئەوەی نەیان ئەتوانی شوینی خویان بگرن لەسەر کردایەتی جولانـەوەی نەتەوایەتی گـەلی کـوردو دووربون لەبروای جـەماوەری چەوساوەی گەلو ئەوەنـدە الاوازبوون زوربەی هەرەزوری رولەکانی گەلی کورد هەستی بەبۆنیشیان نەئەکرد بۆیـە ئەندامانی کونگرەکە پاش لیكدانەوەی هەموو بـاری مەسـەلەکەو پیویستیەکانی ئەوسا گەیشتنە ئەوەی کـە پیویست بەهاتنەرووی پارتیکی سیاسی ئەوتۆ هەیە کـە ئەوەندە بەهیزبیت رەگـی لەقولای ترین شوینی ناو کومەل داکوتابی و لەرێرەویـا دیموکراتی و پیشکەوتووبی وبتـوانی شانبەشـانی جولانەوەی رزگاری خـوازی گەلانی سەرزووی زەمـین بروا بەرێـوە و خـاوەن بیروباوەریکی شورشگیربیت بۆ مانەوەو مسوگەر کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد وە لە لیكدانەوەکانیا سود لە بەرژەوەندی گەلی کـوردو واقعی ناوخـوی کومـەل

کوردەواری وەربگریتو وەکو بنەرەتیك بیان کاتـە ریرەوی خەباتی سیاسیانەی خـوی ئەوەبوو بریاری دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد) یان داو کونگرەکەش بەیەکـەم کونگرەی پارتیمان اعتبار کرا .

هەڤالانی تێکۆشەر :

هاتنە رووی پارتیمان بـۆ سەر مەیدانی خەباتی سیاسی وەنەبی شتێکی هەڵکەوت بوبی یا بەئارەزووی چەند کەسێك پیك هاتبی بەلکو هەمـوو پێویستیەکانی موضوعیو ذاتی ئەوسایی خەباتی گەلی کورد بونی پارتیمانیان پیویست کرد بوو پاش ئەوەی جولانـەوەی کوردایەتی وەکو جولانەوەیەکی دژ بە ئیمپریالزم شانبەشانی جولانەوەی گەلانی جهان ریگای خوێ گرتبو وە پەیوەندی گـەلی کورد بە وولاتی عیراق پیویستی ئەوەی هەبوو کە جولانـەوەی گەلی کورد ئەبی شانبەشانی جولانەوەی رزگاری خـوازی گەلی عەرەب بکات بو پاراستنی سەربەخوی عیراقو پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانیو بەربەرەکانی هەموو بیروباوەریکی تەسکی نەتەوایەتی کە هەمیشە دوژمنان بەم بیانوە گەلی کوردمانیـان چەوساندوتەوە ئەوە بـوو جولانەوەی کوردایەتی حوکمی ذاتی بو کوردستانی عـیراق اختیار کردبوو وە بەراسترین شیوەی دانا بوو بو چارەسەری گیروگرفتی نەتەوایەتیمـان ئەمانەو سەرەرای ئەوەی باری کۆمەلایەتی گـەلی کـورد ئەوەی سـەپاندبوو کـە جولانەوەی کوردایەتی لەشیوەی سەدەی نوزدەم دەرچوە وەکـو جولانەوەی نەتەوەکانی تـر بوتە جولانەوەی کریـکارو جوتیارو زەحمەتکیشـانی گەلی کورد و وە پیویسـتی هەبوو بە دوورکەوتنەوە لـە ریرەوی تەسـکو بەرژەوەندی چینایەتی کەسانیك بـۆ چەوساندنەوەی زەحمەتکیشی گەلی بەکاربهینن هەر بویەشە پارتیمان وەکو حزبە کاتیەکانی تر نەبوو کەتەنها بو مرحلەیەك بتوانی دەوربیبینیو بەلـکو پیویستیەکـانی بـونی وا دارشتوە کە وەکو حزبیـکی جەماهیری پیشکەوتـووی شورشـگیری هەمیشـەیی بمینیتەوەو پیش بکەویت بەپیی گورانەکانی باری گەلی کوردو پیشکەوتنی بیری تازە لـە جیهانا .

هاوولاتیانی خۆشەویست: شتیکی ئاسایی یە کەهەموو پارتیەکی سیاسی شورشگێر لەئەنجامی دریژەدان بەخەبات ئەبیتە شوینی تیبرینـی نیشانەی ئیمپریالزمو هیزە کونەپەرستەکانو هەمیشە وازی لیناهینن بەریگەی راستی خویا بروات و هەول ئەدەن بـو خولقاندنی دووبەرەکـی لەریزەکانیـاو دووچـاری هەلویستی ئەوەندە ناسـكی ئەکەن بو کەرتکەرت کردنـی ریزەکانی ئەم راستیانە غەریب نیین بەنیسبەت پارتیمانەوەش کە ئەگەر سەیری مێژووی خەباتی بکەین ئەبینین جورەها جار گیروگرفتی ناوخۆیان بۆ دروست کردوە بە هوی هەندی لە ئەندامە سەرکردیەکانی وەهەر جاری لەژیر نـاو نیشانیکی بریقەدار تاقمیك یا چەند کەسانیك ویستویانە پارتیمان لە ریرەوی راستی خوی لابدەنو یا بیروباوەریکی غەریب لە ئامانجەکانی بەسەر میشکی ئەندامانیدا فەرض بکەن بەلام بەهوی ئەسالەتی ریرەوی تیکوشانیو ووریایی ئەندامە خەباتکەرەکانیو حکمـەتی سەرکردایەتی بارزانی هەموو جاریك پارتیمان بەسەرکەوتوانە لە تجربەکانی دوژمنانی دەرچووە وبگرە هەنگاوەکەی دوژمـن بوەتە هویەکی کاریگەر تر بو پتەوتر کردنی ریزەکـانی وە هەمیشە ماوەی ئەوەی نەداوە ببیتە شانوی اتجاهاتی یەمینیو یەساری وەخوی پاراستوە وەکو حزبیکی دیموکـراتی پیشکەوتوی شورشگیرو لەسەر یەك ریزو یەك بیرو بـاوەر رویشتووەوە ئەوەی لیـرەدا پیویستە دووپاتی بکەینـەوە پارتیمان هەمیشە بەردەوامـە لەسەر بەربەرەکانی هەر جورە اتجاهیکی غەریب کە لەگـەل ئامانجەکانیا ریك نەکـەویت وەهەر جهەتیك بەمەبەستی خولقاندنی گومـانو دوودلی محاوەلات بکات بیسـەردەو بگرە زیانیش لەخوی ئـەدات چونکە هەمـــوو ئەندامانی پارتیمانو گشت پیشمەرگـە قارەمانەکانی لەسەریەك ریزو یەك اتجاه بەردەوامن بەریگای طبیعـی خویـان لەدوای سەرکردایەتی پارتیمـانو سەرۆك بارزانی بو مسوگـەر کردنو جیگیرکردنی مافەکانی گەلی کوردمان کە ئوتونومیە بۆ کوردستانی عیراق .

بەریزان :

پارتیمـان لـە رۆژی دامەزراندنیەوە زۆر بـە سەربەسـتی کەوتۆتـە خەبات کردن لەپیناو مسوگەر ـ کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد پاراستنی یەکیتی نیشـتمانی و بەهیزکردنـی برایەتی کـوردو عەرەبو هەمیشە دروشمی پیکهینانی بەرەیەکی نیشتمانی حەقیقیو بەرەلاکردنی سەربەسـتیە دیموکراتیەکان وەك سەربەستی دەربرینو رۆژنامەگەریو نقابی لە دروشمە هەرە دیارەکـانی بوەو شانبەشانی هیـزە نیشتمانیـەکان لەسەردەمی پاشایەتی هاوبەشی گـەلی خوپێشان دانو بەرهەلستی کردنی کردوە لەدژی حوکمـی کونە پەرستی پاشایەتی هەر بۆیەش بوو رۆژ نەبوو دەستەیە لە ئەندامەکانی لە زیندانەکانی ئەوسا نەبن ئەمانەو پارتیمـان هەمیشە خوی بەنوینەریکی راستەقینەی چینە چەوساوەکانی کوردستان لەکریکارو جوتیارو کاسبکارو رەوشـنبیری شورشگیر زانیوەو بەکـردار کوششی لەم پیناوە کـردوە هەر ئەوەش بوو کە زوربـەی هەرە زوری رولەکانی گـەل لەدەوریا کوبنەوە و بەتیکرایی بروای خویان هاویشتە سەری کە ئەمیش بوە هـوی ئەوەی کونەپەرسـتان بەهـەموو وەسیلەیەك هەول بدەن بـر پیش گرتن لەریگای خەبـات ـ کردنی تا بەرپا بونی شورشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨ کەپارتیمان هەر لەبەرەبەیانی یەکەم رۆژی هەموو توانای خوی تەرخـان کرد بو پاراستنی شـورشو شانبەشانی هیزەنیشتمانیەکان هەندی دەستکـەوتی گرنگ

وەدەستهێنرا بۆگەلی کوردمانو هەموو گەلی عیراق بـەلام ئەوەندەی بەسەر نەبرد کـە کاربەدەستان هەل گەرانـەوە لەریرەوی راستی شـورشو کەوتنە ئازاردانو تۆقاندنـی هیزە نیشتمانیەکانو گرتنـی زور لەئەندامانی پارتیمـانو پاشگەزیان کـردەوە لـەزور هەنگاوەکانی شـورش تـا گەیشتە رادەی هیرشهینـان بو سەر ناوچەکانی کوردستان بەهیزی سوپاو چلـکاو خۆرانی .

بویە وەکو پیویستیەکـی میژووی کەوتە سەر پارتیمان و سەروك بارزانـی کـەوەك پیشرەویکی شورشگیر دەوری طبیعـی خویـان ببینن لەسەرکردایەتی کـردنی جولانەوەی رزگاری خـوازی گەلەکەمان و پاریزگاری بکەن لە رولەکانی گەل لە ئازاردانو توقاندنیان ئەوەبـوو لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ شـورش لـە سوچەکانی کوردسـتانی عیراق تەقیەوە وەلیرەدا ئەبـێ هەمیشە ئەوەمان لەیاد بیـت کە رولەکانی گەلی کـورد دەوریکی یەکجار قارەمانیەتیان دی لەم بەرگریەی ئەم چەنـد سالەو بەشیوەیەکی سروشتی هیزی پیشمەرگەی قـارەمان دروستبوو وەبەپیی توجیهاتو ری نیشاندانەکانی پارتیمانو سەروك بارزانی دریژەیـان بەشورشدا و ئەمەش گورانیکی یەکجار سەیری خستە سـەر میژووی جولانەوەی رزگـاری خوازی نەتەوەکەمان وەئەوەی لیرەدا روونە بو هەموو لایەکتان پارتیمان بەبی لادان لەمـاوەی نو (٩) سـالی رابردو زور بەحکمەتەوە بەپیی ئاموژگاریەـ کانی سەروك بارزانی دەوری خوی لەسەرکردایەتی شـورش بینی ئەوەش ئەوە ناگەیـەنی کە گەلی کورد و پارتیمان تەنها حەزیان لەشەرو خوینرشتن بوبی بەلکو هەمیشە سوربوین لەسەر وەدەستهینانی مافەکانی گەلی کورد بەشیوەیەکی ئاشتی خوازانە و لەم پیناوە چەنـد جاریك شەر راگیراوەو گفتوگو کراوە بـەلام کاربەدەسـتە دکتاتورەکـانی عـیراق لەسەردەمەکانی پیشو هەمـوو جاری شەریان فەرض کردۆتەوەوە هەروەك هەموو لا ئەیزانـن ئارەزووی میللـەتو جولانەوەی گەلان بەئاگـرو ئاسـن دانامرکیتەوەو سـەرکردەی شورشەکەمان ئەوەندە بەژیرانە هەنگاوی ناوەو خوی پاراستوە لەمیان زور کارەساتو پیلانـی جورەها دوژمنان بویـە شورشەکە ئادەهات بەهیزتر ئەبوو ووجودی خوی وەکـو هیزیك لەروژ هەلاتی ناوەراست ئیسپات کردبوو تا ١١ی ئازاری سالی ١٩٧٠ کەپارتیمانو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشـتراکی کەوتنە ریككەوتنو بەیاننامـە میژوویەکەی ١١ ئازار اعـلان کـرا .

هاوولاتیانی خۆشەویست :

لەراستیـیا بەیاننامـە میژوویەکـەی ١١ ئـازار دەسکەوتیکی یەکجار گرنـگە بو گەلی کوردمانو بگرە بـۆ هەموو گەلی عیراق چونکـە اسلوبی جیبەجی کـردنی حوکمی ذاتی کە لە بەیاننامەکە دانی پیا نراوە اسلوبیـکی زور سەرکەوتوانەیە بـۆ چارەسەری گیشەی نەتەوایەتی لەو وولاتانەی کـەزیاتر لە میللەتیکیان تیا ئەژی هەروەها کۆتایی هینـان بەشەری براکوژی کە ٩ نو سال زیانـی لەسەرو مالو ئابوری وولاتەدا هەنگاویکی کەمنیە بـو بەهیزکردنی یەکیتی نیشتمانی و برایەتی کـوردو عەرەب هەروەها هاوبەشی کردنی دوو هیزی شورشگیری وەك پارتیمانو حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەگیرانی کاروباری وولات هەنگاویکی کاریگەرە بو پیشخستنی هەمووباریکی وولات وەئەتوانین بلێین ئـەم هەنگاوە .

میژوویە رویکی تازەیە بۆ میژوی هەردوو حزبی پیشرەوە وەتا ئیستاش هەنگاوی زور بەسود هاویشتراون لەپیناو جیبەجی کردنی ناوەروکـی بەیاننامەکەو هەولیکی یەکجار زوریش دراوە بۆ خۆش کردنی گوزەرانی رولەکانی گـەل لەرووی ئابوری بەلام هەروەك معلومە کارەساتی نو (٩) سالی ویران کردن بەسالیك بنیات ناکریتەوە وەئەوەی لیـرەدا پیویستە بوتریت بەیاننامەی ئاذار بەهوی گرنگیەکانیـەوە هەمیشە بووەو ئەبیتە شـوین پەنجەی ئیمپریالزمو نوکەرانی لەدەرەوەو ناوخـوی وولاتو بەهەر جوریك بویان بکریت هەول ئەدەن بۆشیواندنو تیك دانی ریككـەوتنەکـە بویـە پیویستە لەسەر کاربەدەستانو سەرکردایـەتی حزبی بەعس کەزیاتر پەلە بکەنو هەنگاو ـ باوین بۆ نەهیشتنی کـەمو کوریەکانی ریگای ریکەوتنەکـە وە بەتوندی لە دوژمنـانی ریکەوتنەکەی ١١ی ئاذار بدەن بۆ ئەوەی ریگا لە ئیمپریالزمو نوکەرانو دوژمنـانی عیراق بگیریت لەگیرانی پیلانەکانیان لەدژی سـەربەخوی وولات وەئەبی هەموو لایەکیش ئەوە بزانین تیكدانی ریکەوتنەکـە پەیوەندیەکی راستەو خوی هەیە بەوەزعی گشتی لە عیراق وەهەر دوژمنیك نیازی خراپ بێ لەگەل

بڕوانـە ل ٥

پاشماوەی : ووتارەکـەی مامۆستا یوسفی

وەکو کردنەوەی هـەموو وزەو توانایەکی گەورەی گەلەکەمانو سەرپەرشتی کردنی بۆ بردنی بەرەو ئامانجە ئاشکراکانی لـە بـەدی هێنـانی رژێمێکی دیموکـراتی شۆڕش ـ گێڕانە کە باوەڕ بخاتە سـەر هاوکـاری چارەنووسی بەینی هەردوو نەتەوەی سـەرەکیو کەمایەتیەکانی تر لەتورکمانو ئاسوری و ئەرمەنیەکان .

دوای ئەوە مامۆستا یوسفی هاتە سەر باسی شۆڕشی ١٤ی تەموزی پیرۆزو ئەو لەرێ لادانەی بەهوی حوکمی تەنیای دیکتاتوری تەنیاوە بەسەری هاتو چـۆن پارتی پێشـرەوی خسـتە بارێکیواوە بۆ بەرگری کردن لە مافە رەواکانی گەلی کورد دەست باتە چەكو شۆڕشێکی مەزن بەرپاکـات . دوای هـاتە سەرباسی ئەو بارانەی شۆڕشە مەزنەکەی گەلی کوردی پیـا رۆشت بەرابەری پێشـەوا بەرزانیو پارتی پێشڕەو هـەتا راپەرینەکەی ١٧ تەموزو هەوڵ دانی دڵسۆزانەی سەرکردایەتی هـەردوو پارتی بەعسو پارتی کوردستان کە بەرهـەمەکەی بەیان نامەکەی ١١ ئازاربو ، کە مامۆستا یوسفی بە رووداوێکی گرنگی باس کرد لـە مێژووی نوێی عیراقدا ، دوایی ووتی : پارتی و گەلەکەمان سوورن لەسەر جێبەجێ کردنی هەموو بەندەکانی بەیانی ١١ی ئازارو هەرچی لەتوانایا هەیە لـەم رێگایەدا لەگەڵ دۆستەکانیا لەپارتی بەعسی عەرەبی سوشیالستو هەموو هێزە دڵسوزەکان بەگاری دێنێ .

لەدوایا مامۆستا یوسـفی ووتی : ئێمە گەلێکین شەیدای سەربەستی بوین ، لە رێگـایا قوربانی ئازایانەمـاندا بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوایەتیـە بەرزەکانی ، وەئێمە دیموکراتیو شۆڕشگێڕینو باوەڕمـان بەمافەکانی گەلانو کەمایەتیە ـ کـان هەیە لـە بریاردانی چارەنوسیانا .

لەکۆتاییدا مامۆستا یوسفی ووتی : ئەم بۆنە پیرۆزە بە هەڵ ئەزانین گەرم ترین پیرۆزبای لە سەرۆکو دامەزرێنەری پارتیمان بەرزانی بکەینو هەروەها لـە مکتبی سیاسیی بەرێزو لقەکانی پارتیو هەموو لیژنەو رێکخراو ناوخۆیەکانو جەماوەری پارتیـە کەمانو دۆستەکانمان لە هەموو شوێنێ ، وە بەشانازیو رێزەوە لەبەردەم سەربەرزی پارتیـە مەزنەکەمانو گیانی شەهیدە ـ کانمانو هەموو شەهیدانی هێزە نیشتمانیە پەروەرەکانا بوەستین و بەردەوام بین لـە هەموو هەوڵێك بۆ گـەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەی لە پێناویا بونە قوربانی .

institut kurde de paris

ژمارە : ٢٩
١٤ی ئابی ١٩٧١

بلا هەر بژیت ئالا پارتیا مەزن لسەر چیایێن بلندێن كوردستانی

ل ١٦ - ئابا - ١٩٤٦ێ پیروزترین بزاڤ دژییانا ملەتێ مەیێ كوردێ بن دەست و وولات پارچەپارچە كری ، ژناڤ خوین و خوهو ئاخین و نالەو فیغان و قەیدو بەندو بەندیخانەو زیندان و لبەر سیبەرا سێ پێكا دروست بوو ، ژبو هندێ داكو هزاران پالەو جوتیارو رەنجبەرو رەوشەنبیرێن شۆرشگیر كوم-كەتەڤە لناڤ رێكخستنەكا بنەجهو موكم و شۆرشگیر ، ژبو برینا رێكەكا پر درێ و ستری و كەندو كوسپ و تەگەرەو كەندەلان و رویبرییێ قامچی و تڤەنگ و توپ و تانگ و بالەفرێن دوژمنێن كوردو كوردستانێ .. ژبو خەباتەكا دیرودرێژو سەخت و بخوین و ئاخین .... ژبو سەربەستی و ئازادییا مرۆڤێ كورد دچەرخێ بیستێدا .

ئەڤ بزاڤا پیروزو ببهار نیشتمان پەروەر، پارتا دیموكراتا كوردستانێ بوو .

ل ١٦ - ئابا ١٩٤٦ێ چەند كورێن شیرحەلالێن كوردستانێ و لدیف فەرمانا سەرۆكێ مەزن و خەباتكەر بارزانی مستەفا كوم بوون و بریارا خەبات و جەنگین و قوربانیدانێ دان ژبو بدەست خستن و وەرگرتنا سەربەستی-یێ و كێشانا نەخشێ پاشەروژەكا باشترو خوشتر .

پارتی ، پێنگاڤەكا هەرا زیندی و ساخە ددیروكا زێرینا كوردایەتییێدا، ئەڤ زیندیاتی و هەر ساخییا پارتی ژبەر چەند بناسەكێن زانستییە .

خویایە هەر بزاڤەكا نیشتمانییا راست ، ئەگەر بڤێت بسەركەڤیت دڤێت چەند بنگەهەكێن راست و دروست و قایم دانیتن ، ئەڤ بنگەهە ئەڤێن هەنە :

ئێك : دیاركەت كا كینە ئەو كەس و جڤات و چین ئێن كو بزاڤا نیشتمانی بهێڤیا وان ڤە دكاریت بخەبتیت ، ئانكو دڤێ هێزو زاخا بزاڤێ دیاربكەت .

دوو : دیاركەت كا چ باوەری و شوینپێ (موقع) یێ هەیە بەرامبەر بزاڤ و كومەل و دەستەو تاقمێن ولاتی و جیهانێ .

سێ : دوست و دوژمنێن خو ژێك ڤەدەركەت و باش بناسیت

چار : رەنگێ خەباتا بێدڤی وقوناغا دەستنیشانكری دا چییە ؟ ئەڤ چار ستوینە ئەگەر راست نەهێنە دانان ، ئەو جڤات ئان پارت خو ناگریت و ئەڤرو ... سوبە .. دێ هەر بسەرێكدا هەرفیت ، ئان ژێ دوژمن دێ زەفەرێ پێ بەت و دێ بسەردا زال بیت و دێ پەلخینیت .

پارتی روژا بوی ئەڤ راستییە دزانی ژبەر هندێ نەكەتە وان داڤێن دوژمنا بو بزاڤێن بەری پارتی ڤەدای ، بەلكی ئەڤ چار ستوینە بڤاوایەكێ راست داریشتن و بسەربلندی و سەركەفتی بێنگاڤ لدویف بێنگاڤێ بەرەو پێشڤە بچیت ژبو خزمەت كرنا ملەتێ كوردێ مەلیل و بەندەو بێدەسەلات و وولات داگیرو پارچەپارچە .

ئەو بوو ، پارتی ژبو بەرسڤا ئێكی ، كاكینە هەڤالێن بزاڤێ و كا بهێڤیا كێڤە خو پاڤێتە ناڤ قادا خەبات و جەنگینێ ، دیاركر كو پالەو جوتیارو كاسبكارو خودان پیشەو رەوشەنبیرێن شورشگیر ئەون جهێ باوەریێ و پشت بێڤە گەرم كرنێ و هەر ئەون ئێن كو بێ پەك و بمێرینی و بێ ترس و كەپ بلند هەتا دویماهیا قوناغێ بەرهەڤن قوربانی لدیف قوربانیێ بدەن، ژبو سەربەستی و ئازادیا كوردو كوردستانێ .

بەلێ هەر رەش ورویت و پەروەریاو بەلنگاز ئەڤێن پارتێ هەلبژاردین بو ڤێ رێكا پیروز ، دكارن خەباتەكا شورشگیر بكەن نەكو ئاغاو دەرەبەگ و سەرمایە-دار ئەوێن ژ چەند پێنگاڤەكا پتر نكارن دگەل ملەتی برێ كەڤن ، ئەڤە هەكە هاتن . چونكو بەرژەوەندو دارخازێن وان دگەل دارخازو بەرژەوەندو ئارمانج و هیڤیێن ملەتی ڤەت نابن ئێك ، هەر كەسەكێ ڤێ راستییێ باوەرنەكەت ، خو دسەردا دبەت ، چنكو هەر ئەو ئاغاو بەگزادەو سەرمایەدار لهەر دەرەڤەكێ تەنگاف لێڤەدبن و پاتكاخو ددەنە ملەتی و خو دهاڤێنە ناڤ كوشا دوژمنێن وی .

ئەڤ راستییە پراكتیكا بزاڤێن بەری پارتێ یا ئاشكرا كری ، شكەستن و لناڤچوونا وان بزاڤا ، بناسێن ئاغاو میرو دەرەبەگایە .

خویایە ، پارتێ بدویرخستنا ڤان دوژمنێن نەدیار لناڤ بزاڤا كوردایەتییێ ، ڤەنجیەكا مەزن پێشكەش ملەتێ كورد كرو دەسكەفتەكێ نیشتمانییێ گەلە ببها ژبو كوردایەتییێ بجهئیناو قوناغەكا مەزن پێ بری .

ژلایەكی دیڤە : پارتی ئاشكەرا كر كو باوەریا كوردایەتییێ ، دیموكراتیەت و مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییە ، باوەریەكا موكومە پێش كەفتن و ئاشتی خازیێ باوەریەكا زانستیا شورشگیرە ژ كویراتیا جڤاتا مروڤێ كورد دزێت و پارچەكە ژ بزاڤا شورشگیرا مرۆڤایەتییێ ژبو رزگاری و سەربەستی و ئازادیا راست .

پارتی دیاركر كو بزاڤا كوردایەتییێ ، بزاڤەكا نیشتمانی و پێشكەفتنخازە .. نیشتمانییە چونكی دژمنا ئیستعمارو دیڤەلانكێن ئیمپریالیزمێیەو ڤێ سەر-بەستییا ولاتێ خو وەرگریت ، هەروەسا ... پێشكەڤتنخازە، چكو ژ ئارمانجێن وێ رابوینە بهندە گوهرینێن كویرو رهوریشالی دناڤ ژیان و ژیارا سیاسی و ئابوری و باوەریدا لناڤ كوردەواریێدا .

بڤێ چەندێ پارتی دەسكەفتنە-كێ دی ژبو كوردایەتی پەیداكر، بدیاركرنا شوینپێیێ كوردایەتی كو پارچەكە ژ ئوردێ ملەتێن خەباتكەر دژێ درندایەتیا ئیمپریالیزم و دیڤەلانكێن وێ .

ئەڤەو پارتی دوستێن بزاڤا كوردایەتییێ دیاركرن كو ملەتێن دنێ هەمینە ، نەخاسمە عەرەب و فارس و تورك ، ژبەركو ئەو ژی لبن دەستێن ئیمپریالیزمی دنالن ، ئو خویاكر كو دوژمنێن سەرەكی بەرامبەر ملەتێ كورد ، هەر ئەون ئێن كو دوژمنایەتیا هەمی ملەتا دكەن ، هەر ئەو دزو جەردەو خوین رێژو خوین مژین بێشەرەف و لەوتی و گەنینە ئێن كو بزەبرێ زۆرێ ولاتا داگیر دكەن و ملەتان بندەست دكەن و سەروەت و دارامەت و كرت و سامانێ وان ددزن ، هەر ئەو ئیمپریالیزم و دیڤەلانكێن وێنە ژئاغاو دەرەبەگ و میرو بەگزادەو سەرمایەدارێن دەڤ بخوین ، ئەڤێن خو دفروشنە دوژمنێن ملەتێ خو .

پارتی لبەر روناهیا ڤان تشتا خویاكر كو رێكا خەباتا مروڤێ كورد هەر ئەو رێكە یاكو هەمی ملەتێن جیهانی تێكرا دگرنەبەر نەخاسمە ملەتێ فارس و عەرەب و تورك ئێن كو هەڤ توخیب و هەڤژین و دیروكێن كوردانن .

پارتی دبیست و بێنج سالێن پر خەبات و قوربانی ، پرئیش و ئەشكەنجەو نەهامەتی و نەخوشی گەلە خزمەتێن پیروز پێشكێشی ملەتێ كورد كرن ، كو سەربشكا وان وەرگرتنا ئوتونومییێ بوو، بو كوردستانا عیراقێ .

[illegible]

بێگومان ملەتێ مەو هەر كوردەكێ نیشتمان پەروەری دلسوژ ، رێكا پارتا دیموكراتا كوردستانێ بەرنادەت و هەتا بێهنا دویماهییێ و هندی چپكەكا خوینێ دگیانیدا مابیت دێ خەبتیت ژبو باشەروژەكا سەرفەرازو سەربەست و كامیران ، ژبو ملەتی خو لبن سیبەرا ئالا پارتیا مەزن و سەرۆكێ خەباتگێر بارزانی مستەفای هەر بژیت پارتا كوردستانێ بسەروكاتیا سەرۆكێ مەزن بارزانی .

نەمری بو شەهیدێن پارتیێ و ملەتی .

هەرا بلندبیت ئالا پارتی .

سەرنجێك

لە ژمارەی رابوردووی هاوكاریدا بە هەڵە ژمارەی رۆژنامەكەمان « ژمارە : ٢٩ »ی لێدرابوو كە لە راستیدا خۆی ژمارە « ٢٨ی ١٤ی ئابی ١٩٧١» بوو .

ئەم ژمارەیەی ئێستا « ژمارە : ٢٩ »یە .

تكایە ئەو هەڵەیە راست بكرێتەوە .

هەروەها هەڵبەستی « لە ئامێزی سێدارەدا » كە لە لاپەرە « ٨ »دا بلاوكرایەوە هەڵبەستی كاك « ئازاد دلزار » بوو .

داوای لێبوردن لە كاك « ئازاد » وخوێنەرە بەرێزەكان ئەكەین .

ئیتر سوپاس

هاوكاری

سروودێكی زیندوو

نوری حەیران

ئێمە پارتین ، ئێمە خاوەن باوەڕین
فیداكارین بۆ نەوەی كورد ڕابەرین
شۆڕشێكی خوێناویمان شایەتە
چەند دلێرو نەبەردووجەنگاوەرین
بۆ مافی كورد بۆ رزگاری كوردستان
گیان لە سەر دەست بۆ مردنیش حازرین
رێمان سەختەو پاڵپشتیشمان گەلانە
پارتی كوردین لە مردن ئازاترین
گشت پێشمەرگەی ئەم خاكی كوردستانەین
لە رووی دوژمن كڵپەوپشكۆو ئاگرین
ئێمە پارتین ، ئێمەخاوەن باوەڕین
فیداكارین بۆ نەوەی كورد ڕابەرین

پاشماوەی : وتاری لقی «٢ی» پ٠د٠ك

حوكمیا سەربەخوی وولات هەبی پیشەكی هەولی تێكدانی ریكەوتنەكەی ئاذار ئەدات وەهەر كوسپێك كەبو بەیانی ئاذار دروست ئەكریت لەلایەن كەسانیكە كە بەرژەوەندیان لێدراوە وە ئەبێ بەعس و حكومەتی نیشتمانی بەوەی تێبگەن كە پیلانە لەسەر ئەوان وە بە نیسبەت پارتیمانەوە هەمیشە سوربووو هەرواش ئەمینیتەوە لە سەر جێبەجێ كردنی هەموو بەندەكانی بەیان نامەكەو بەلام لەگەل ئەوەشا پارتیمان وەكو حزبیكی شۆرشگیر بەرهەلستی لە هەموو هەنگاویك ئەكات كە لەلایەن دوژمنانی بەیان نامەكە بهاویشتریت بو گیرانەوەی باری زورداری بەسەر گەلەكەمان هەروەها رێگاش نادات بۆ هەر زورداریەك كە بكریتە سەر دلسوزان و دەسكەوتەكانی گەلەكەمان لە پەنای بەیان نامەی ١١ی ئاذار كە گومان نیە پیلانە بۆ سەر هاوكاری هەر دوو حزب و تیك دانی ریكەوتنەكە وەئەبێ ئەوە بزانین كە ئەو هیزەی شان بەشانی هیزوتوانی حزبی بەعسی هاوپەیمان توانیان ئەم ریكەوتنە بهینەروو هەر بەردەوام ئەبیت بۆ پاراستنی ناوەروكی بەیان نامەكەو دەسكەوتەكانی گەل و لەووجود بۆ بەرگری لە هەر زۆرداریك كەبكریتە سەر گەلەكەمان .

هەڤالانی خەباتگێر :

بەبونەی تێپەربونی بیست و پینج سال بەسەر دامەزراندنی پارتیە پیشرەوەكەمان بەلێن دووپات ئەكەینەوە بۆ سەر كردایەتی پارتیمان و هەموو رۆلەكانی گەلی كورد كەچون بەبیوچان هەمووولایەك دەوری خۆی دیوە وەسەدەها ئەندامی نەبەزو لاوچاكمان بەكردار ئەم بەلینەی كەلە سەرەتاوە دابویانە پارتیمان هێنایانەدی و خوینی خویان هەرزان كرد بو گەیاندنی گەلەكەمان بە دوا روژیكی بەختیار هەرواش ئەمینینەوە لەپیناو جیبەجی كردنی ئامانجەكانی پارتیمان یەك لە دوایەك و بۆ خزمەتی رولەكانی گەل و خوش كردنی گوزەرانیان هەروەها بۆ پێشخستنی وولات لە رووی ئابوری و كۆمەلایەتی وە دلنیاشین سەركەوتن هەر بۆ راستیەو میللەتیكیش لەتجربەی بیست و پینج سالی پر لە كارەسات حزبیكی تجربە كردبیت گومان نیە ئەم جورە حزبە هەمیشە لانادات تا هەموو ئارەزووو ئاواتەكانی گەلەكەی نەهینیتە دی . لەكوتاییدا نامانەوی ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین و یادی شەهیدە نەمرەكانی پارتیمان و گەلەكەمان نەخەینەوە یادتان كەخوینی ئەوانە ئەم دەسكەوتانەی بۆ گەلەكەمان هینایەدی هەر بویەشە میژووی گەلی كوردمان شوێنی هەرەبەرزی بو ناونیشانیان تەرخان كردوەو یادیان هەمیشە لەضمیری هەموو ئەندامانی پارتی و دلسوزانی ئەم وولاتەیە .

ووتەی دوایی مان بو رولەكانی گەلی كوردمان ئەوەیە كە هەمیشە بەردەوام بن لەسەر پالپشتی و سوزیان بو پارتیە پیشرەوەكەیان چونكە ئەم پالپشتیە باشترین شورەیە ریگا لە هەموو دوژمنانی گەلە-كەمان ئەگریت بوبەرگری لەهەر نیازیكی گلاویان بۆ چەوساندنەوە .

● ئیتر نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی پارتیمان و گەلی كوردو هەموو گەلی عیراق .

● بژی هاوكاری نیوان هەر دوو حزبی پیشرەو بۆ جێبەجێ كردنی تەواوی بەندەكانی بەیان نامەكەی ١١ی ئاذار .

● بژی سەرەك كومار مهیب احمد حسن بكر .

● تەمەنیكی دریژ بۆ سەر كردەی خەباتی گەلی كوردو سەروكی پارتیمان مستەفا بارزانی .

● بژی برایەتی كوردو عەرەب و هەموو كەمایەتیەكانی عیراق .

● بژی پیشمەرگە پالەوانە-كانی كوردستان لەپیناو پاراستنی بەیان نامەكەی ١١ی ئاذاری پیروزدا .

● جێبەجێ كردنی تەواوی بەندەكانی بەیان نامەكەی ١١ی ئاذار باشترین ریگایە بۆ پاراستنی یەكیتی نیشتمانی .

پارتی دیموكراتی كوردستان

بەرهەمی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كوردە

برایم حەجۆ

باری جوغرافیای كوردستان لە هەرد و دەشت و شاخ و كێو چیادا ، وە لە قەشەنگی دیمەنەكان و خۆش ئاو هەواو بەرەكەتی خاكەكەیدا جۆرەها شتی بە كورد بەخشیوە ، وە وای لە كورد كردووە كە هەرگیز لەم بارە جوغرافیەدا نەپچرێنەوە بەلكو بە پێچەوانەی ئەوەش لە پێناویدا خۆیان بەخت بكەن .. بەوە كوردستان بوو بەمەلبەندی چالاكی و پالەوانیەتی و نەبەزایەتی گەلی كورد .. بوو بە مەلبەندی خەبات و تێكۆشان لە پێناوی سەربەستی و ئازادی و پەرەپێدانی كوردستان .. بوو بەمەلبەندی بەرەنگاری كردنی دژوارترین دوژمنانی كورد كە ویستویانە میللەتی كورد بچەوسێنەوە و ولاتەكەیان داگیر بكەن .. لەبەر ئەوەش بوو بە مەلبەندی خەبات و تێكۆشان و قوربانیدان لە پێناو رزگاری، سەربەخۆیی و رامالینی شەوە زەنگی چەوساندنەوە .. بۆ ئەوەی ئەو راستیەشمان بۆ روون بێتەوە بێگومان لاپەڕەكانی مێژووی خەباتی گەلی كورد ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێتەوە و قارەمانیەتی گەلی كوردمان بۆ ئەكاتە مانگێكی گەش لەتەمەنی چواردە رۆژیدا و رێگای ناسینی میللەتی كوردمان بۆ رووناك ئەكاتەوە وە پێمان ئەلێت :

میللەتی كورد هەر لەو كاتەی كە بەژیانی كۆچەرایەتی ژیاوە كە بە (گۆتی و سوباری و لولو و مانای..هتد) ناوبراون تا دامەزراندنی حكومەتی (ماد) لە ساڵەكانی (٧٠٠ - ٥٥٠) پ . ز وە هەر لەوكاتەوەش تا ئەمرو لەخەبات و تێكوشاندا لە پێناوی رزگاری كورد و كوردستان ، كەم تەرخەمی یان نەكردووە و كۆڵیان نەداوە ، بەرهەمی ئەم خەباتەشیان دامەزراندنی چەند حكومەت و ئیمارەتێكی سەربەخۆی كوردی بوون ، كە بناغەكانیان ئەگەڕێنەوە سەر حكومەتی (ماد) بەم بۆنەیەوە شاعیری كوردیش باسی كردووە ئەلێ : (ئێمە رۆلەی میدیا و كەی خوسرەو ین ..)،حكومەتی ماد بوو بە نباغەیەكی یۆلایین و هەوێنێكی چاك لە خەباتی گەلی كوردەوە وە بوو بە زنجیرەیەكی نەپچراوی ئەم خەباتە كە لە سەدەكانی شازدەهەم و هەڤدەهەمدا سەریان هەڵداو لە دوایدا بوون بە بلیسەی زنجیرە شۆڕشێكی نەپچراو كە لە شۆڕشی بابانەكانی ساڵی (١٧٨٨) و شۆڕش محمد پاشای رواندز لە ساڵی (١٨١٠ - ١٨٨٥) و شۆڕش بەدرخانیەكان لە ساڵی (١٨١٢ - ١٨٩٧) و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدنیان لە ساڵی (١٨٧٧ - ١٨٧٨) و شۆڕشی شێخ مەحمود لە ساڵی (١٩١٨) و شۆڕش سمكۆ لە ساڵی (١٩٢٢) و شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی (١٩٢٥) و شۆڕش بارزان لە ساڵی (١٩٤٣) وە شۆڕش پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی (١٩٤٥) دا دەست پێ ئەكات تا وەكو ئەمڕۆ .

ئەمانە بوون بزوتنەوە و شۆڕشەكانی گەلی كورد كە لە ئاستیدا بە هەزاران كوردی تێكۆشەر لە كرێكارو جووتیار و وەرزێرو ڕۆشنبیرانی دلێر شەهید بوون و جۆگەلەی خوێنیان درەختی سەربەستی و ئازادی و سەربەخۆی و پێشكەوتنی كوردستانی ئاو ئەداو نەمامی كوردایەتی پێ ئەگەیاند وە لاشە پیرۆزەكەیان بوو بە ئەستێرەیەكی گەش كە لە ئاسۆی گەردوونی سەرانسەری كوردستانی گەورەدا ئەدرەوشێتەوە .

بەڵام وەنەبێ كورد هەر بەمەش وەستابێ بەڵكو لەپاڵ ئەوەشدا جۆرەها كۆمەڵە و دەستەی سیاسی و ڕۆشن بیریان دامەزراندووە بۆ بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی كوردایەتی و نەتەوایەتی و بۆ ڕوون كردنەوەی ڕاست و ڕەوایی شۆڕشەكانی میللەتە كەمان .. مێژووی ئەم كۆمەڵانەش ئەگەڕێنەوە سەر ساڵی (١٩٠٨) كە بۆ یەكەم جار لە ئەستانە كۆمەڵەیەكی كوردی پێك هات بەناوی (جەمعیەی تەعالی و تەرەقی كورد) ئەم كۆمەڵەیە سیاسی بووە وە هەندی مێژوو نووس باسی كۆمەڵەیەكی تری سیاسی ئەكەن كە هەر لە ئەستانە پێش ئەم كۆمەڵەیە دامەزراو بووە ، وە جگە لەمەش لە هەمان ساڵ و شوێندا كۆمەڵەیەكی تر بەناوی (جەمعیەی نەشری مەعاریفی كوردی) دامەزرا وە هەروەها لەساڵی (١٩١٠)دا لەلایەن قوتابیانی كوردەوە كۆمەڵەیەكی تر لە ئەستانە دامەزرا بە ناوی (هیڤی) ،وە یەكێكی‌تر بەناوی (جەمعیەی ئیستقلالی كورد) وە یەكێكی‌تر بەناوی (جەمعیەی تەشكیلاتی كۆمەڵایەتی) . كوردستان - وە یەكێكی‌تر بەناوی (جەمعیەی گەلی كورد) دامەزراوە ئەم كۆمەڵانە لە ئیش كردن‌دا بەردەوام بوون تا هاتنی كەمالیەكان بە هاتنی ئەمانیش ئەم كۆمەڵانە یەك لە دوای یەك لە ناو چوون تا دامەزراندنی كۆمەڵەیەكی تری گەورە لە نێوان گشت كۆمەڵەكان و حیزبەكان لە دەرەوی توركیا بەناوی (خۆیبون - ئیستقلال) .

بەچاو خشاندنێك بەم شۆڕش و بزوتنەوانەدا لە لایەك وە بەم كۆمەڵە و دەستانەدا لەلایەكی ترەوە ، وامان بۆ دەر ئەكەوێ كە كورد هەر لە بەرەبەیانی ژیانیەوە نەبەزانە خەباتی كردووە و لە سەنگەری ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆی و پێشكەوتنی كوردو كوردستان مل كەچیان نەكردووە . وە هەروەها هەولێكی پێ‌ پایانی داوە بەهۆی كۆمەڵەكانەوە بۆ بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی .. كوردایەتی وە بۆ ئەوەی ساڵ بە ساڵ لە كورد بگەیەنن كە بۆ چی خەبات ئەكەن ؟ وە لە پێناو چی خۆیان بەخت ئەكەن ؟. لەبەر ئەوە ئەم بزووتنەوە كۆمەڵانە بوونە بەردی بناغەیەكی بەتینی كۆماری مەهاباد و شۆڕشێكی هەرە مەزن و دامەزراندنی حیزبێكی پێشرەوی خەباتی نەتەوایەتی گەلی كورد ، ئەم شۆڕشەش برێتی‌یە لە شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٣) كە تا ساڵی (١٩٤٥) بەردەوام بووە.. هەر لەو كاتەشدا كۆمەڵەی (ژ . ك) و حیزبی (هیوا) و حیزبی (رزگاری كورد) دەورێكی ئازایانەیان ئەگێڕا لە پێناوی پێشخستنی شۆڕشی بارزان و وە دەست هێنانی مافە ڕەواكانی گەلی كورد .

لەوكاتەی كە ووشەیەكی تێكرایی لە ئاستی ئەم هەموو شۆڕشە و بزوتنەوانە ، ئەو هەموو كۆمەڵانەی كوردیدا بڵێین ئەتوانین ئەم شتانە دەست نیشان بكەین :

ئەم شۆڕشانە و ئەم كۆمەڵانە لەیەكەم رۆژەكانیانەوە تاوە كوساڵی (١٩٤٥) وەك كەرەستەیەك بوون بۆ شۆڕشێكی هەرە مەزن و پارتێكی هەرەپێشكەوتو چونكە بەهەموویان نەیانتوانی ڕەو ڕەوەی بزوتنەوەی ئازادی خوازی كوردایەتی لە دوو سێ ساڵ زیاتر بە ڕێوە بەرن ئەم نەتوانینەش بێگومان ئەگەڕێتەوە سەر ئەوەی كە ئەم بزوتنەوانەو ئەم شۆڕشانە لە سەر پرۆگرامێكی ڕێك و پێك و زانیاری هەڵنەساون وە پارتێكی خاوەن بیروباوەڕێكی فراوانی پێشكەوتنخوازی لەسەر تیۆرێكی زانیاری پێشڕەوایەتی وە ئەم كۆمەڵانەشی هەروا لەم ڕادەیە بوون و بەبیروباوەڕێكی ڕاستەقینە و شۆڕشگێڕانە و خاوەن بەرنامەیەكی ڕێك دانە هاتوون بۆیە ماوەكەیان كورت بوو تا دوایی نەیانتوانی ڕەوڕەوەكە بەڕێوە بەرن .. ئەم دوو سێ تێبینیانەش ئەتوانین لە هەموو شۆرشێكی كوردا پێش (١٩٦٠) بەدی بكەین .. لەبەر ئەوەش لەناو چوونی شۆڕشی بارزان و لەسێدارەدانی هەندێ قارەمانانی شۆڕش ، بوو بە هۆیەكی بنەڕەتی بۆ ئەوەی رابەرەكانی حیزبی (هیوا) و حیزبی (رزگاری) كورد و بەیارمەتی كۆمەڵەی (ژ . ك) و حیزبی (شۆڕش) هاتنە سەر ئەو باوەڕە كە ئەبێ بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كورد پارتێكی وا پێشڕەوی بكات كە بتوانی ئەركی پێشڕەوایەتی دانەنێ لە خەباتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی كورددا كەواتە بەرپابوونی ئەم بزوتنەوانە و ئەم شۆڕشانە وە هەروەها دامەزراندنی ئەم كۆمەڵانە و لە ناوچوون پاش‌گەز پوونەوەیان هەموی بوون بە درەختێك لە رۆژی (١٦-٨-١٩٤٦)دا پارتی دیموكراتی كوردستانی بایەخ دارترین و بەكەلكترین بەرهەم بوو بۆ گەلی كورد لە سەرانسەری كوردستاندا..وە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی‌یە رەواكانی گەلی كورد ، كەواتە پارتی هەر لە یەكەم ڕۆژەكانی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕوش ئەم تاقە حیزبەیە خاوەن تیوریكی زانیاری و پرۆگرامێكی ڕێك و پێك و تاكتیك وستراتیژیكی ڕوون ئاشكرا لە ناو گەلی كورددا ، وە هەر لەبەر ئەو ڕێڕەوە ڕاستەش بوو ، بوو بە پێشڕەوی هەموو جووتیارو وەرزێرو كرێكار ڕۆشن بیرانی شۆڕشگێری كە توانی كۆیان كاتەوە لە مەیدانی خەباتی راستەقینە لە پێناوی دیموكراتیەت بۆ هەموو عێراق و ئوتۆنۆمی بۆ كوردستان جا بالەم بیرەوەریەدا بڵێین :

هەر بژی دیموكراتی كوردستان بەسەرۆكایەتی تێكۆشەر بارزانی مستەفا .. با هەر بژی بیروباوەڕی پێشكەوتنخوازی و خەباتی دلێرانەی پارتی لە پێناوی كوردایەتی .. لە پێناوی سەركەوتنی كوردو كوردستان.

ژیان

سەردار عەبدولڕەحمان

ژیان بوچ دل برینداری
هەردەم ب گری و هەواری
دژی لناڤ شەڤاتاری
هەتا كەنگی لڤی باری

⊙ ⊙ ○

ژیان تو دل بەلنگازی
بن پەردێ فەشارتی و رازی
بێدەنگ و سازو ئاوزی
هەتا كەنگی بخودنازی

⊙ ⊙ ○

ژیان كزكەكوڤانا تە
برین و ناحا جەرگێ تە
بو كێیە نالەوگریا تە
هەتا كەنگی بێمگازیا تە

⊙ ⊙ ○

ژیان روندكا چاڤانی
برینا ڤان هناڤانی
هیڤی و ئارمانجا دلانی
دێ مرم ئەزلژڤانی

Institut kurde de Paris

ژمارە : ٢٩
٢١ی ئابی ١٩٧١

خەوو هۆنراوەو یاخی بوون

عبدالسلام محمد

تەنها شتێك كە لە هۆنراوەی سەركەوتووەوە دێتە دەست : ئەنجامە • یاخوود هیچ رەخنەگرێك كە قەپاغی هۆنراوەكە هەڵئەداتەوە ووشەی – واتە – لەناو مێشێكیا خول نەخواتەوە ، ئەوەش شتێكی ساكارە كە هیچ كام لە قوتابخانەكانی هۆنراوە تا رادەیەكی زۆر كەمیش ئەو نهێنی‌یانە ناخەنە بەردەم كە بنچینەی پەرەپێدانی هەڵبەستە ، بێ گومان دژواری‌و چاوقایمی‌و نەترسی هەستیار ئەبێ هەردەم ناونیشانەكەی هەڵبەست بێ بۆیە مەسەلەی سنوور شكاندن پێویستە لەهەموو پیتێكی گیانداری هۆنراوەدا بێتە دەست •

راكردن بەدوای خەوی‌راستەقینەدا بەهرەیەكی ترە لە مەرجە گرنگەكانی جیهانی‌راستی چونكە ئێمە بەسەر شەقامی ئەندیشەوە ئەو رێگادوورە ئەبڕین تا ئەگەینە كۆشكی خەو بۆ دۆزینەوەی ئەو كلیلانەی كە ژوورە سەختەكانیان پێ بەستراوەتەوە ئەو ژوورانەی كە پڕن لە نهێنی دیوەكانی پشتەوەی ئەو دیو • باسەرنجێك لەخۆمان بدەین‌و بزانین خۆمان یاخین یاخوود هۆنراوەكانمان ئێمە كوڕی دەربارو (دیوەخانین ، بەهەناسەیەكی سووتاوی «١٠١»ەوە پەروەردەكراوین ، گوێمان بەو تەقانە زرنگاوەتەوە كە ئەو كاتەی‌زەوی ئەكەوێتە نێوانی خۆرو مانگ ئەتەقێنران ، نەك هەر لە پەنجەرە شكاوەكەماندا بەڵكو سەرتاپای ژوورەكەمان‌ افەرهەرنگی ئەو زەنگانانە نەنووسراوەتە كە سەربەستیمانی تیادا بەدی ئەكرێ : كەواتە راستە ئێمە بەدوای سەربەستی‌خۆمانا ئەگەڕێین ؟؟ ..

(لێرەدا بۆ گەیشتن بەخەوی راستەقینە پێویستە كراسی یاخی‌بوون بكەینە بەرخۆمان‌و هۆنراوەكانمان ، بەڵام یاخی لەچی ؟ وە لەكێ ؟) •

بەر لەهەموو شتێك پێویستە لەخۆمان یاخی‌بین ، خۆمانی كۆن لەو ملوانكانە یاخی‌بین كە لەو شەوانەدا ئەخرانە ملمان چاومان بە كلی لەخۆبووردن كوێر كرابوو ، هەروەكوو ووتم كوڕی دەرباروديوەخان و «١٠١» پێویستی بە تەقینەوە هەیە ، بە شێوەیەك گەر كۆمەڵە خەوتووەكەش بێداربێتەوە ئاڵای سەرسامی‌بكاتە سەر سەری‌و گۆرانی چۆن ؟ لەبەر خۆیەوە بڵێ !!..

● كەواتە ئێمە ئەبێ بۆكێ بنووسین ؟؟..

بێ‌گومان هەر بۆ كۆمەڵە بەڵام بەشێوەیەكی تر • بەڵگەشم لەم رووەوە ئەوەیە كە زۆربەی رۆشن‌بیرانی كورد گاڵتەیان بە نووسینی نوێ‌و مەسەلەی یاخی‌بوون دێت وە زۆریان هەر ئەوەندە لە ناوەرۆكی ئەو جۆرە هۆنراوە تێ ئەگەن كە بڵێن دەستێكی بێگانەی پێوەیە یاخوود بۆ ناو دەركردنی هەستیارە كەیە ، چی‌بكەن هەزارانە هەر ئەوەندە ئەزانن وە ئاگاداری ئەوە نین كە یاخی‌بوونی ئێمە دوا پلەی دڵسۆزیمانە بۆ كوردایەتی هاوچەرخو دیوی ئەودیوی هاوچەرخیش • لێرەدا نیشانەی پرسیارێكی گەورە بەقەد باڵای خۆیان لەمنەوە پێشكەشە بەو جۆرە بیرانە •

(لەوەش سەیرتر ئەوەیە كە ئەو جۆرە •• بەڕێزانە ئەڵێن : ئێمە لە زوبانی نوێ تێ ناگەین ، بەڵكو ئەوەندە بیر ناكەنەوە كە خۆیان كۆن‌و كۆنیش هەر كۆنە) •

یاخی‌بووی رووخێنەر بەلای منەوە كەسێكە كە ئاگاداری ئەو پەیوەندی‌یە هەبێ لەنێوانی (وون‌بوون‌و ئەفسانەو خەوو ئەندێشەدا) هەیە بۆیە شاعیر كوردی هاوچەرخ – لەو كاتەدا یاخی نابێت كە پەیرەوی هۆنراوەكانی ئەلیوت‌و رامبۆ یاخوود ئەدۆنیس بكات چونكە ئێمەی كورد گەر دوور نەڕۆین لە كامیرەی مرۆڤایەتی‌یەوە سەیرێكی خۆمان بكەین بەرەیی‌مان بەخۆمان خۆمانۆكێی خۆمانادێتەوە •

● هۆنراوە خەوێكی زۆر•• پیرۆزە بەڵام لەزۆر كاتا خاوەنەكەی هەرچەنێ خەوەكەی پیرۆزیش بێت ئەیكاتە هەڵوێستی پرۆژەی رۆژانەی خۆی ئەمەش پێی ئەڵێن بازرگانی كردن بە هەڵبەستەوە كەواتە ئەبێ ئاگاداری خۆمان بین لەم بقەیە •

ئێمە ئەبێ دژی دروشم‌و بازرگانی‌و خۆنیشان‌كردن‌و لەخۆبووردن بین بۆ گەیشتن بە ئەنجام لەلایەكەوە وە خەوی راستەقینەش لەلایەكی ترەوە •

بیرێكی راگوزاری

● لە دەرگای ماڵە (بووەكەی) خۆمان دەرچووم، بە هەموو هێزم پێوەمدا •• سەرنجێكی هەموو لاكانی دیوارە نەبووەكەی ماڵی •• « نەبوونی » ئێوەمدا •• « نەبوونم دی !! » •• بۆیە ئەڵێم •• نەبوونم‌دی •• چونكە لەكۆتای سەدەی بیستا ••« كە مانگ‌گیرا••!!»

– دەروێشەكان •• تەپڵو دەفی پارانەوەیان لێ‌ئەدا •

●

● ووتیان •• سوورە •• گیرانەكەی •• گەلێ سوورە•• خوێنی ئەوێ ••

– دەفەكانتان قایم لێدەن•• (مانگ !!) زووحاكە خوێنی ئەوێ •

كام خوین برا ؟! خۆێنیش برا •• خوێن •• لەسەر مێزی شەوانی سوورا •• نوشمتان كرا ••

● ووتی : مامۆستای هونەرمەند •• (علی مەردان) •• جێگای داخە •• نرخی نەبێ ••

ووتیان : چۆن نابێ براكەم •• ئەیبێ ئەوكاتەی كە ئەمرێ ••

– مامۆستا گیان •• تۆ گورانیمان بۆ بڵێ •• لاوكو قەتارمان بۆ بڵێ •• پێكی شادی لەبەر هەڵدەین •• لەدوایدا •• مامۆستا گیانی « تۆ بمری •• ئێمە پەیكەرت بۆ ئەكەین !!» •

● ئاوەهاشمان بە (بێ‌كەس) ووت •• بە « گوران »یش هەمان مژدە •• بۆ «قانع»یش •• ئابەم جۆرە• یەك لەدوای یەك گەورەكانی خۆمانمان كوشت ••

● ئێوە بمرن لەبرسانا•• لەرەنج دانا •• لەناو قوڵای ئازارو •• سەد نەهامەتی پڕ لەژانا •• جا كە مردن •• داوا ئەكەین ••!! بەڵكو •• پەیكەرتان بۆ بكەین !!

ماركسیزم و زانستی زمان

بەشی یەكەم

تێبینی

لە ساڵی ١٩٥٠ لەیەكیەتی‌سۆڤیەتدا ، پیلەبازی‌یەكی فراوان لەسەر لاپەڕەكانی‌رۆژنامەی (پراڤدا) دا هاتەكایەوە ، دەربارەی گیروگرفتەكانی زانستی زمان • رۆژنامەی پراڤداش لەیەك لەژمارەكانی كە لەرێكەوتی ٢٠ حوزەیرانی ١٩٥٠دا دەرچوو ، وتارێكی وردو روونی (جۆزێف ستالین)ی بلاوكردەوە لەكونجی باری سرنجی ماركسیزم لەزانستی زماندا • ئێمەش تەواوی دەقەكەی پەخش ئەكەین• هیوادارین بەمە بتوانین‌ دەروازەی موناقەشەیەكی گەورە بكەینەوە دەربارەی زمانی‌شیرینی كوردی‌و چۆنیەتی یەكگرتن‌و مەسەلەی دایلێكت‌و گیروگرفتەكانی ئەم زمانە ئازیزە ، لەبەر رۆشنایی ئەولێكۆڵینەوە زانستی‌یانەی كە بەم دوایی‌یە لە زانستی زماناهاتۆتە بەردەست •

دەستەیەك لە هاوڕێ لاوەكان داوایان لێ كردم كە نەرێكەی رۆژنامەوە رای خۆم بەرامبەر مەسەلەكانی زانستی زمان دەربڕم ، بەنایبەتی لەو بەشەی كەسەر بەماركسیزمەوەیە لەبارەی زانستی زمانەوە • وەسەبارەت بەوەی كەمن یەكێك نیم لەزانایانی زمان ، بۆیە دیارە بۆم ناڵوێ بەتەواوی هەموو هاوڕێكان رازی بكەم ، بەڵام ئەوەی كەپەیوەندی بەماركسیزمەوە هەبێ لەبارەی زانستی زمانەوە وەك لەگشت زانستی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكانی كە دیارە مەسەلەكە راستەوخۆ پەیوەندی بەمنەوە هەیە ، هەر لەبەر ئەمەش بریارمدا وەڵامی ئەو كۆمەڵە پرسیارە بدەمەوە كە هاوڕێیان خستیانە بەردەستم •

پرسیار : ئایا راستە كە زمان سەرخانێكە، ولەسەر ژێرخانێك وەستاوە ؟

وەڵام : نەء • ئەمە راست نیە •

بەڵكو ژێرخان ئەو رژێمە ئابووری‌یەی كۆمەڵە كە لە قۆناغێكی دیاری‌كراوی گۆڕرانا دەس‌نیشان ئەكرێت • سەرخانیش بیروڕای سیاسی‌و حقووقی‌و ئاینی وهونەری وفەلسەفی‌و هەموو دامودەزگا سیاسی‌و وحقووقی‌و ئەوانەی تری كۆمەڵە • هەر ژێرخانێك سەرخانێكی تایبەت‌و هاوجووتی خۆی هەیە ، هەروەك چۆن ژێرخانی رژێمی دەرەبەگایەتی سەرخانی خۆی هەیەو بیروڕای سیاسی وحقووقی وشتی كەو هەموو ئەو دەزگایانەی كە لەگەڵیا هاوجووتن ، هەروا ژێرخانی سەرمایەداری‌ سەرخانی خۆی هەیە ، هەمان شتیش لە ژێرخانی سوسیالیزمدا • جا گەر هات‌و هەر گۆڕانێك بەسەر ژێرخانا بێت یانە لا ببردرێت ، ئەوا یەكسەر ئەبێتە ئەنجامی گۆڕانی سەرخانەكەی ولابردنی یانە ئەگەر ژێرخانێكی نوێ دوروست‌بوو ئەوا ئەبێتە دوروست كردنی سەرخانێكی هاوجووتی خۆی • هەر بەم گویرەیە ، زمان جیاوازی‌یەكی بنەڕەتی لەگەڵ سەرخانا هەیە • بۆ نموونە با كۆمەڵی رووسی‌و زمانی رووسی بكەین بەبەڵگە :

لە نێوان ئەم (٣٠) ساڵەی دوایی‌یا، ژێرخانی سەرمایەداری كۆن لە روسیادا لابردراو ژێرخانێكی نوێی سوسیالیستیانە هاتە دامەزران • لە ئەنجاما سەرخانی سەر بەژێر خانی سەرمایەداری لادرا وسەر خانێكی نوێی هاوجووت لەگەڵ ژێرخانی‌سوسیالیزم دامەزرێنرا سەبارەت بەمە دەزگا كۆنەكانی سیاسی وحقووقی وئەوانەی كە، گۆڕدران بەدەزگای تازەی سوسیالیزمی • بەڵام لەگەڵ ئەمەشا ، زمانی رووسی لە روی بنچینەیی‌یەوە هەروەك خۆی چۆن بوو – بەر لە شۆڕشی ئوكتوبەر – هەر وامایەوە ، لە مەودای ئەم قۆناغەدا ، چ شتێ لە زمانی رووسی‌دا هاتە گۆڕان ؟ تاڕادەیەك تەركیبی فەرهەنگی زمانی رووسی گۆڕرا • گۆڕرا بەو مانایەی تێروتەسەڵ ترو زەنگین‌تر بوو بە كۆمەڵەیەك لە ووشەو دەستەواژەی تازەبابەت كەلەتەك بەرهەمی سوسیالیزمی نوێ‌و خوورەوشتی نوێ‌و رۆشنبیری نوێی سوسیالیزم‌و كۆمەڵی نوێ‌و ودەوڵەتی نوێ‌و لەپاشا لەگەڵ ئەو دەسكەوتانەی كە تەكنەلۆژیاو زانست ودەدەستیان هێنا ، پەیدا بوو• هەروا مانای گەلێ لەووشەو دەستەواژەكان گۆڕراو مانەیەكی تری بەباڵایا چورسا •

لەفەرهەنگیشا ژمارەیەك لە ووشە بێ‌كەڵك ودارزاوەكان لابردرا بەڵام ناوەرۆكی فەرهەنگی بنەڕەتی وبناغەی گراماتیكی زمانی رووسی – ئەو دوانەی كە بنچینەی زمانن – لەگەڵ لابردنی ژێرخانی سەرمایەداری هیچ گۆڕانیان بەسەرا نەهات‌و چ ناوەرۆكێكی بنەڕەتی نوێیان بۆ فەرهەنگ دانەهێنا • بەڵكو بەتەواوی‌و بەیوختی مانەوەو چ گۆڕانێكی كاراماییش كاری تێ‌نەكردن • هەردووكیان وەك بنەڕەتێك بۆ زمانی رووسی هاوچەرخ هەر مانەوە •

زۆر راستە ، كە سەرخان لە ئەنجامی ژێرخانەوە دوروست ئەبێ ، بەڵام ببرای بیر لەمە ئەوە ناگەیەنێ كەسەرخان تەنیا ئاوەژووی ژێرخانەو ویانە چ دەورێك نابینێ ویا بێ‌لایەنە ویا بێ‌باك ودەستەوسان لەبەردەم سەرەنجامی ژێرخان‌و چارەنووسی چینەكان وسروشتی رژێم ئەوەستێ، نا بەڵكو بەپێچەوانەوە لەو ساتەی كەدێتەكایەوە ئەبێ بە هێزێكی كاریگەری زل‌و هاریكاریەكی بەتینی ژێرخانە كەی ئەدات بۆ نەشونما ودوروست‌بوون وچەسپاندنی ئەستوندەكانی‌و هەموو راووتە گیبرێكیش، ئەخاتە گەڕ بۆ هاریكاری رژێمی تازە وقەڵاچو كردنی ژێرخانی كۆن وچینە كۆنەكان‌و پاكۆدانیان • دیارە مەسەلەكەش ئەبێ بەم چەشنە رێ بگرێتە بەر، چونكە سەرخان كەلە ئەنجامی ژێرخانەوە پەیدا ئەبێ ، بۆ ئەوەیە كە خزمەتی ئەم ژێرخانە بكات ، بە چالاكی‌یەوە یارمەتی دوروست بوون‌و چەسپاندنی ئەستوندەكانی بدات وبە كارامەیی‌یەوە تێ‌بكۆشێ لەپێناو پاكۆدانی ژێرخانی كۆن • هەر كاتێكیش هات‌و سەرخان لە جێ‌بەجێ كردنی ئەم دەورە كاریگەرە پەكی كەوت ، یا لەپێودانی پارازتنی ئازایانەی ژێرخانەكەی گوێزرایەوە بۆ باری بێ‌باكی‌و دەستەوسانی ، یا هەمان هەڵوێستی نواند بەرامبەر سەرجەمی چینەكان ، ئەوا یەكسەر خاسیەتی خۆی ئەدۆڕێنێ وناوی سەرخانی لەسەر لائەچی • لەم كونجەوە، زمان ، جیاوازی‌یەكی بنەڕەتی لەگەڵ سەرخانا هەیە • چونكە زمان لەئەنجامی ئەم ژێرخان‌و ئەو ژێرخانەی نێو جەرگەی كۆمەڵێكی دیاركراو ، كۆن بێ یانوێ ، پەیدا نەبوە بەڵكو لە ئەنجامی سەرجەمی رواڵەتەكانی مێژووی كۆمەڵگەو مێژووی دێرینەی ژێرخانەكان سەرهەڵئەدات • زمان دەسكردی

بروانە : ل ٧

(كۆمەڵێك خەڵكی كە ببنەنێچیری ژێر چڕنوكی دڕندانەی فەرمان بەرانێك كە هەستبەكاری پێویستی سەرشانیان نەكەن ، تەنها روو تانەوەی‌هەژاران نەبێت ، چیت بە بیرا دێت ؟!) •

جەنابی موفەتیش

زیاتر لە پرسیارێك و یەك وەڵام

هونەرمەندی لاو (ئەحمەد سالار) دەرهێنەری شانۆی « جەنابی موفەتیش – نوسینی گۆگۆڵ – وەرگێڕانی رووف حسن» ووتەكەی خۆی سەبارەت بەو شانۆیە ، بەو پرسیارەی سەرەوە دەست پێ كردووە ئەڵێت (چیرۆكی جەنابی موفەتیش ئەم پرسیارە ئەخاتەروو) بێ‌گومان •• من دوای ئەوەی شانۆیەكەم بینی (لەسەر شانۆی سانەوی سلیمانی كە كۆمەڵی هونەرو وێژەی كوردی) پێشكەشی كرد •• ئەڵێم دوای ئەوەی ئەو شانۆیەم بینی بەم ئەنجامە هاتمە دەرەوە •• (جەنابی موفەتیش : زیاتر لە پرسیارك‌و یەك وەڵام) •• بێ‌گومان پێویستە پێشەكی ئەوەیان بڵێم ئەو ئەنجامەی دەستم كەوت وائەكات بەرچاوخستنی ئەم « كارە هونەریەی كۆمەڵی هونەرو وێژەی كوردی » تەنیا باسێكی ئاسایی نەبێ ، لەلایەكی كەشەوە نامەوێ وا بزانرێ ئەو ئەنجامەی دەست من كەوتوە بەرپەچ دانەوەی باوەڕی برای دەرهێنەر بێت ، لەبەر ئەوەی ئەڵێت (ئەم پرسیارە ئەخاتەروو) •• چونكە من دڵنیام لەوەی «برای دەرهێنەر» شانازی بەوەوە ئەكات ئەو كارە هونەریەی « زیاتر لە پرسیارێك بخاتە بەرچاوو » شانازیەكەی زیاتر ئەبێ، كاتێ لەوە دڵنیا ئەبێ هەموو ئەم پرسیارانە یەك وەڵام ئەداتە دەست •• لێرەوە :

من ئەڵێم : كۆمەڵێك فەرمان بەر !! كاروباری خەڵكی هەژارو چەوساوەیان كەوتبێتە دەست ، گاڵتە بە چارەنووس‌و پێویستەكانی ژیان‌و هەتا نرخی بكەن •• چۆن ئەبن ؟!

● **قازی دادگای گۆڕێوە بە مەیدانی كافرۆشەكانو بەرتیل « مریشكەو هێلكەو جوجەڵەیە !! » ••**

● **بەڕێوەبەری قوتابخانە •• قوتابخانەی كردۆتە سەرتاشخانەو مامۆستای – تاریخ ، تاریخ هەڵ ئەگرێتەوە ••**

● **بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دەرمانە باشەكان ئەفرۆشی‌و چرپا تازەكان ئەدات بەماڵی فەرمانبەرە دەست بڕەكانی هاوڕێی •• نەخۆشەكان ••• چاریان نیە •• مردن تەنیا چارەیەكە ••**

● **بەڕێوەبەری پۆلیس •• بەیانیان خەو •• شەوێش مێزی كونكەن گەرم ئەكات ••**

● **بەڕێوەبەری پۆستە بەئارەزوی خۆی نامەی خەڵكی ئەكاتەوەو هەرچی بەدڵ نەبێ ئەیدڕێنێ‌و •• بەرتیل خواردن بەلایەوە « رەوشت‌و خوی » سەركەوتوە ••**

● **دوو دەرەبەگ دار دەستی ئەم دەستە فەرمانبەرە ساختە چیەن ••**

● **بازرگانە ترسنۆكەكانی شار •• بنەڕەتی خراپەكاری‌و بەرتیل دانن •• بە هەردوو دیوا •• ترسنۆكن‌و ساختە چیەتی خۆیان ئەسلمێنن •• هەر دەزگاو دوكانی بێتەكایەوە گرنگ بەلایانەوە (بەرتیل دانەو) زامن كردنی گرانجانی‌و دەست برییەكەی خۆیانە ••**

● ئەوەی لەناو هەموو ئەم خۆێن خۆرانەدا بۆتە قوربانی •• رەش‌و رووت‌و هەژارەكانی شارن •• جا بۆیە ئەڵێم •• زیاتر لەپرسیارێك : ئەگەر بتەوێ بەڕێوەبەرێكی گەورە (قائمقام) پاك‌و دڵسۆزنەبێ • كاربەدەستەكانی ژێر دەستی نمونەی) ساختەكاری (بن چی‌بكەی باشە ؟!

قازی‌ی پێویستە نمونەی رەوشت‌و عەدالەت بێ چونكە ئاڵای ئەم دوشتە (رەوشت‌و عەدالەت) وا بەدەست ئەوەوە •• تاقازیی كابرایەك نەبێ لە (لەعەمامەكەیا كاغەزی قومار نەشارێتەوە) پێویستە چی‌بكرێ ؟ وە بەم جۆرە •• پرسیار •• بەدوای پرسیار•• ئایا موفەتیشێك بێت •• تا بترسن‌و ئیتر وانەكەن ؟! موفەتیش هات •• فەرمان بەرە دەست‌بڕەكان كەوتنە هەڵەكە سەما •• بەڵام ئەویش ئامادەبو بە بەرتیل هەموو شتێ بفرۆشێ • وەبەم جۆرە•• سوڕانەوە لە ئەڵقەیەكی بۆشا ئەنجام •• هەریەكی یەتە دەرەوە •• دوای بینینی ئەم‌شانۆیە •• تەماشا كەرێكی كورد •• كە ئەم جۆرە فەرمان بەرنەی لەلا غەریب نیە (نمونەی لە دوێنێو ئەمڕۆی ژیانیا) زۆرەو زۆر بوە •• لە ئەنجامی ئەم پرسیارانەدا ئەگاتە یەك وەڵام •• راپەڕینی •• بنەڕەتی هەموو شتێ بگۆرێ !! وە دوایەكەی •• لەبەر رووناكی بیری تیژی راپەڕیوەكانایە ••

●

دوای ئەم بەرچاو خستنە كورتەی شانۆیەكە نامەوێ بەسەر چەند شتێكا تێ‌پەڕم‌و باسیان نەكەم :

● **مامۆستا (رووف حسن) شانۆیەكی جوان و گونجاوی هەڵبژاردوە •• كە پێویست بو بۆ ئەم رۆژگارە ••**

● **هونەرمەند (احمد سالار) سەلماندی كە هونەرمەندێكی بە سەلیقەو بەهرەدارێكی لێهاتوە •• لە** دەرهێنان‌و نواندنا وەك یەك **لەپۆپەی بەرز یا بو ••**

● هونەرمەندە خوین گەرمەكانی‌تر :

● **كاك (برهان جمال) هونەرمەندێكی لێهاتووی بەتوانابو دەوری قازی‌ی لەسەر شانۆكە خولقاند بو ••**

● **حكمت هندی هونەرمەند جارێكی كە بەدەورە سەركەوتوەكەی جێی خۆی، لە دڵی تەماشاكەرانا چەسپاند ••**

● **هونەرمەندی لاو «عبدالكريم محمد» كە بەلای منەوە یەكەم جار بو لەسەر شانۆ بیبینم •• دەوری (شێركۆی موفەتیشی ئەبینی) لاوێكی لێهاتووو خاوەن بەهرەیەكی هونەری بەنرخەو دەرهێنەر باشی دۆزیوەتەوە ••**

● هونەرمەندەكانی تر : سالار عمر (دكتور) ، توفیق نامق (بەڕێوەبەری پۆستە) ، فواد محمد امین (كریم بەگ)، طه باراوی (رحیم بەگ) جعفر مجید (رحیم) •• (حەمە) صباح حامد، (بلە) ئازاد محمد بچكول ، عبدالرزاق پشدری (نەخۆش) هونەرمەندانە دەورەكانیان ئەبینی ••

(عمر چاو) شین •• مل كەچی كۆمەڵ لەبەر پێی هونەرمەندایە تیا)•• وەجارێكی كە پێویستی سەربەستی ئافرەت :

جێگای خۆیەتی جارێكی كە بێ زلەم كۆمەڵە دواكەوتوەی خۆمان بكەینەوە وە جێگای خۆیەتی جارێكی كە من بەر نە هەموو كەسی سەری رێز گرتن بۆ (هونەرمەند) عمر چاوشین كەچ كەمەوە ، دوای ئەوەی لەشانۆی (چاڵی جەرگی پیرژن)دا معجزەی هونەرمەندیەتی پیشانداو لە (جەنابی موفەتیش)دا بەتوانای هونەرمەندیەتی

بروانە : ل ٧

پارتی رابەرو سەركردەی جەماوەری كوردستانە

انور محمود

لە ١٦ی ئەم مانگەدا هەموو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە هەموو كوچەو كەنارو شارێكی كوردستانا یادی ئەو رۆژە پیرۆزەیان كردەوە ، رۆژی دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان كە تەمەنی ٢٥ ساڵی‌ساڵی پڕ لە شانازی‌و خوێناوی بردۆتە سەر •

پێش دامەزراندنی پارتی‌دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا • باری ژیانی نەتەوەكەمان گەلێ دوواكەوتوو بوو بەهۆی كوژانەوەی ئاگری‌شۆڕشی بەرزان‌و بوونی گەلێك پارچەی جیاواز ، وە نەبوونی‌پارتێكی جەماوەری كە باوەشی گرتبێتەوە بۆ هەموو چینەكانی گەڵ •

سەرەرای زۆرداری‌و دەست‌درێژیەكی زۆر لەلایەن دوژمنانی نەتەوەكەمانەوە • بریاردرا كەواز لەو پارتە جیاوازانە بهێنن وە بەرەو بانگەوازەكەی پارتی‌بەپەرۆشەو برۆن‌بۆ دامەزراندنی پارتێكی دیموكراتی‌و پێشكەوتن خوازی نەتەوایەتی •

پارتی ماوەی ٢٥ ساڵە لە تێكۆشان‌و رەنجدانایە بۆ هێنانەدی ئامانج‌و مەبەستەپیرۆزەكانی وە لەسەر رێ‌رەوی كوردایەتی‌و ئازادی خوازانە رۆیشتووە‌بۆ مەبەستی‌گەیاندنی گەلی كورد بەمافە‌نەتەوایتیەرەواكانی (بە حوكمی ذاتی)یەوە لە چوارچێوەی عیراقیكی‌سەربەستدا • وە هەوڵی داوە بۆ بەرپەچ دانەوەی ئەوهێزانەی بەربەستی مافە رەواكانی نەتەوەی كوردیان ئەكرد، بەم پێیە « پارتی » پێشرەوی جوڵانەوەی ئازادی خوازی‌ودیموكراتی گەلی كورد بووە • وە خەباتی كردووە لە پێناوی‌ئازادی‌و دیموكراتی‌وسەربەستی بۆ عیراق وپتەو كردنی برایەتی‌كوردو عەرەب‌و گەشە كردنی دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی‌جیهاندا •

لەم تەمەنەدا پارتی گەلی‌گیروگرفت‌و نارەحەتی هاتۆتەرێگا ، بەڵام لەباوەڕێكی‌بەتین‌و نەبەزانەوە توانیویەتی بەرووی هەموویانا بوەستی‌شێرانەو كەم‌تەرخەمی نەكردوە لە قوربانی‌دان لەسەر رێگای‌خەباتی رزگاری‌و سەرفرازی‌ی نەتەوایەتی‌دا ، لەماوەی ئەم‌خەباتە سەختەی‌دا زیاتر سوور بووە لەسەر بیروباوەڕە‌پیرۆزەكانی بەم جۆرە پارتی توانیویەتی جەماوەرێكی‌شۆڕشگیرو رۆشنبیر لە دەوری ئاڵاكەی كۆبكاتەوە لە زۆربەی‌زەحمەت كێش‌و رەنجبەرو جوتیارانی شۆڕشگیری كورد، باوەڕی تەواویان هێناوە بەپرۆگرام وئامانجەكانی پارتی‌چونكە مەبەست‌و دروشمە‌پیرۆزەكانی هەستی كوردایەتی‌و‌چینایەتی تیا رەچاو ئەكرێت • وە دژی ئیمپریالیزم‌و كۆنەپەرستی‌یە لەبەر رووناكی ئەم ئامانجانەدا پارتی بۆ كۆمەڵانی كوردەواری‌سەلماند كە پێشرەوی راستەقینەی نەتەوەكەیەتی« پارتی » لەماوەی تەمەنی ژیانیا بە هەزارەها ئەندامانی‌دڵسۆزو تێكۆشەری كردۆتە قوربانی پاراستنی خاكە پیرۆزەكەی‌و وە بووە بە چاوگ بۆ خرۆش كردنی ئاگری تێكۆشان •

جا پێویستە كۆمەڵانی بەشەرەفی خەڵكی كوردستان لەم رۆژە پیرۆزەدا پەیمان تازەبكەنەوە ، كە هەمیشە لەسەر رێگاو پێشەنگی كوردایەتی‌برۆن وە دەست بەرداری ئەو رێگاو مەبەستە پیرۆزە نەبن كەبراكانمان بە خوێنە گەشەو ئاڵەكانیان رەنگیان بۆ رشتوین‌و دیاریان كردووە وە كارێكی وابكەین كەزیاتر خەڵكی لەدەوری ئاڵای پارتی پێشڕەو كۆببنەوە •

institut kurde de paris

هەموو ئەو وڵاتانەی لەپلەی کۆڕانی ئابوریو کۆمەڵایەتی ئەو دان مەسەلەی جوتیارانە ···· ئا لەبەر رۆشنایەتی ئەم راستیانە کوردایەتی بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئوردوی گەلانی ئازادیخوازی دژ بە ئیمپریالیزمە ·· بەشێکی لەجیابوونەوە نەهاتووی ئوردوی شورشی هاوچەرخی ئادەمیزادە لە سەرانسەری جیهان دا ·

لەپاڵ ئەمەوە ، پارتی سەرکەوتووانە دوستو دوژمنی راستەقینەی گەلی کوردی دیاری کرد ، وە ئەوەی دەرخست کە دۆستی راستەقینەی کورد کۆمەڵانی فراوانی عەرەبو فارسو تورکو ئازەرن، وە تەنها خەباتێك سەرکەوتووە، کەخەباتی ناوکۆیی ئەم گەلانەیە دژی دوژمنی ناوکۆییان کە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانیەتی لەو وڵاتانە لە ئاغاو دەرەبەگو سەرمایەدارو دەسەڵاتەدارزۆکەکانی بورژوازیەتی بۆ گەن پرشنگدارترین بەڵگەی ئەم باوەرەی پارتی بە خەباتی ناوکۆیی گەلانی کوردو عەرەبو فارسو ئازەر هەڵوێستە شورشگێرەکانیەتی لە ١٩٤٨ بەرامبەر داگیرکردنی فەلەستین و لە (١٩٥٢) بەرامبەر پەیمانە گڵاوەکەی ئیمپریالیزمو لە (١٩٥٦) بەرامبەر هێرشە درندە سێقولیەکەی کرایە سەر مصر ،وە لە ماوەی دەسالی شورشدا کە دروشمی هەرە بەرزی (ئوتونومی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی شورشگێردا) بوو بەم خەباتو هەڵوێستە بیرو باوەڕانی پارتی نەك هەر فراوانترین جەماهیری کوردستانی لە دەوروبەری خۆی کۆکردەوە ، بەڵکو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی رزگارکرد لە گوشەگیریتیو خۆ پەنگدانەوە لەناو قەوارەیەکی تەسکو تەنگی خەباتاو بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی بەستیەوە بە سەرجەم خەباتەکانی گەلانی عیراقو گەلانی ئازادی خواز لە جیهاندا ·

لە هەمان کاتیشا پارتی لە ماوەی (٢٥) ساڵی خەباتی سەختو خوێناوی‌دا بەرگریکی پێشمەرگەیی‌یانەی کرد لە بوونی کوردو مافە رەواکانی بەرامبەر هێرشی درندانەی ناپاکزی شوڤینیزمو فاشیزمی سەرمایەدارو دەرەبەگو بورژوازیەتی عەرەبی کە شانبەشانی چینە کۆنەپەرستەکانی کورد خەریکی پیلانو تەگبیری گڵاو بێشەرەفانە بوون بۆ لەناو بردنی بزوتنەوە ساوایەکەی کوردایەتیو تەفروتونا کردنی ئەو بەرگرییە پیرۆزەی جەماهیری کلۆڵو چەوساوەی کوردستانو ·· سەرئەنجام تواندنەوەی گەلی کورد لەناو بۆتەی بۆگەنی خۆیان ·

لەپاڵ ئەم خەباتە پیرۆزە ، پارتی ، دلێرو پێشکەوتن خوازانە روبەرووی کۆسموپولیتە نارەسەنەکان بوو ، کە لەئەنجامی بیرکردنەوە تەسکو نازانستی‌یەیانو هەڵوێستە ناراستو پرزیانەکانیان حزابوونەتەوە ناو بەرەی دژایەتی کردنی کوردایەتی ، ئەمە لەکاتێکا کە بزوتنەوەی کوردایەتی ، بزوتنەوەی گەلێکی چەوساوەو دیلو وڵات پارچە - پارچە کراوو بێبەش لە ساکارترین مافێکی ئینسانیو لەکاتێکا کە ئیمپریالیزمی جیهانیو دەسەڵاتە بورژوازیە بۆگەنەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەرکەوتووە چوکی ستەمو زورداریو چەوساندنەوەیان داداوەتە سەر سینگی کوردی کڵۆڵ ·

ئەمانە بەشێکن لە کۆمەڵە خەباتو جەنگو تێکۆشانانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو رزگاری کوردو کوردستان ·· وە هەر ئەم بیروباوەرە پێشکەوتن‌خوازو شورشگێرانەن کە فراوانترین جەماهیری کوردستانی کۆکردووتەوە لە ژێر سێبەری ئاڵای پارتی ، وە هەر ئەم رێڕەوە راستو پێشکەوتن خوازیە ، کە ئەمرۆو ئاهەتایە ئەبێ بپارێزرێو وون‌نەکرێتەوە وەکە سەرکەوتنی ئێجگاری مرۆڤی کورد بەندە بە جونیەتیو جەندێتی پەیرەو کردنی ئەم رێرەوە ·

● سەرکەوتن بۆ خەباتی شورشگێرو پێشکەوتن خوازی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی تێکۆشەری مەزن بارزانی مستەفا ·

■ نەمری بۆ شەهیدانی پارتیو کورد ·

● سەربلندیو سەرفرازی بۆ هەموو ئەو جەنگاوەرە نەناسراوانەی کە لەپێناو بەختیاری ئەدەمیزادی کوردا هەمیشە کولنەدەرانە بێپەروا دریژە بە خەباتی پیرۆزی خۆیان ئەدەن ·

پاشماوەی : جەنابی موفەقیش

سەلماندەوە ·· جا بێز کردنەوەمان لەم کۆمەڵە ·· لەویوە دەست پی‌ئەکات ·· کچ لەشانۆ دووره ·· هونەریش تا ئەو رادەیە بەرزە ·· ئەمە·· دووشتی پێکەوە نەگونجاوە ··

دواووتە : کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی لەسلیمانی ، بنەرەتی بزوتنەوەیەکی هونەری چالاکانەی لەکوردستانا دامەزراندوە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ جستو چالاکی لاوەکانی ئەو کۆمەڵە ، لەسەر دڵسوزانە بەدەنگیانەوە بینو یارمەتیان بدەن (دروشمی شانۆیەکی نەتەوایەتی) کە ئەم کۆمەڵە بەرزی کردۆتەوە بە یارمەتیو دڵسوزی نواندن بەرامبەر رەنجو تەقەلای ئەو لاوە هونەرمەندانە یەتە دی ··

سلاوی دڵسوزی بۆ هونەرمەندەکانی - جەنابی موفەقیش سومرگیرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانو هونەروەرەکانو سەرکەوتوبێ کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی ··

ع · ع · م

بۆ زانین

ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژورو - لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی ئوتێلە گەشت گوزاریەکانی ژمارە (١) درێژ کردنەوەی مناقەسەی نهێنی ژمارە (٧) بۆدروستکردنی ئوتێلێکی گەشت لەرواندوز

دوا بەدوای ئاگاداری ژمارە ٨٩ ـی بەرواری ١٩ـ٧ـ٩٧١ ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی‌ژوورو (لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی ئوتێلە گەشت گوزاریەکانی‌ژمارە - ١ - رایئەگەیەنی کەماوەی مناقەسە نهێنیەکەی بەڵێندان بۆ دروست کردنی ئوتێلێکی گەشت لەرەواندوزدرێژکراوەتەوەو بەم مەرجانەی خوارەوە :

١ - مناقەسەکە ، پاككردنەوەی عەرەسەکەو کاروباری دامەزراندنی معماریو کارەباومیکانیكو تەندروستیو خزمەت گوزاریەکانی تر ، مادەوکار ، ئەگرێتەوە ·

٢ - دوو نسخەی مستندی‌مناقەسەکەو دانەیەك لەنەخشەکان بەتەواوی لەلایەن لیژنەی‌ناوبراوەوە دەست ئەکەوێ‌وە بە (١٥) دینار کە نادرێتەوە لەبارەگاکەی کە لە وەزارەتی کاروباری ژووروە ·

٣ - هەر عەتایەك کەشەهادەی ئینتسابی بەڵێندانی ژوری بازرگانیو وەثیقەی‌تەسجیلی بەریوەبەرایەتی باجی دەخلی‌گشتیو شهادەی دەرەجەی‌تەسنیف کەلە لیژنەی تەسنیفی بەڵێندەرانی وەزارەتی نەخشەدەرئەچێو هەموو بەتازەکراوی بۆ ساڵی ٩٧١ - ١٩٧٢ مالیەی‌لەکاتی کرپیندا لەگەڵ نەبێ ئەوا ئەو عەتایە رەفز ئەکرێت ·

٤ - پێویستە هەموو عەتایەك تەئمیناتێکی سەرەتایی بەقەبەڵی ٣٪ی نرخی مناقەسەکەی‌لەگەڵدا بێت بەشێوەی کەفالەتێکی تەصدیق کراو یان‌چەکێکی تەصدیق کراو لە مەسرەفێکی بروا پێکراوەوە لەعیراق بە قەبەڵی ئەو پارەیەی کە لە عەتاکەدا دیاری کراوە ·

٥ - پێویستە بەڵێندەرلیستەیەك لەگەڵ عەتاکەدا پێشکەش بکاتو ناوی ئەوکارانەی تیدا بنوسێ کە لەمەوبەر کردویەتیو ناوی ئەولایەنەی کە ئیشەکەی بۆکردوە·

٦ - ئەنجومەنی ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو ملزم نیە کەنزمترین عەتا یان عەتایەکی‌تر قبوڵ بکات ·

٧ - کاتی تەرخان‌کراو بۆتەواوکردنی کارەکە لە عەتاکەدا دیاری‌کراوە لەکاتی ئیحالەدارەچاو دەکرێت ·

٨ - دوا کاتی پێشکەش کردنی عەتائات سەعات دوانزەو نیوی نیوەڕۆی روژی شەممەی‌ریکەوتی ٢٨ـ٨ـ١٩٧١ ـە ·

٩ - هەر عەتایەك دوای‌کاتی‌تەرخان‌کراو کە لە برگەی هەشتدا دیارکراوە پێشکەش‌بکرێت پشت گوێ ئەخرێ ·

١٠ - عەتاکان لە زەرفێکی‌مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێتو ناوی موناقەسەکەو ناونیشانی‌ئەنجومەنی ئاوەدان کردنەوەی ژورو لە وەزارەتی کاروباری‌ژورووی لەسەر ئەنوسرێ ·

١١ - بۆ زیاتر شارەزابونوزانینی‌وەثیقەو ئیستفسار تکایە پەیوەندی لەگەڵ مەکتەبی‌معماری ئەندازیاری بکەن کە لە عمارەی حاجی کیتاویە -مەیدانی خلانی بەغدا تەلەفۆن ٨٢٧٥٧ ·

محمد محمود عبدالرحمن
سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدان
کردنەوەی ژورو

پاشماوەی : مارکسیزمو زانستی ··

چینێکی دیارکراو نیە ، بەڵکو دەسکردی سەراپای کۆمەڵە ، دەسکردی گشت چینەکانی کۆمەڵ وبەرهەمی رەنجی سەدەها نەوەیە · بۆ ئەوەش پەیدا نەبوە تا پێداویستی چینێکی تایبەتی پڕ بکاتەوە ، بەڵکو بۆ بەجێ هێنانی پێداویستەکانی هەموو کۆمەڵ، هەموو چینەکانی کۆمەڵ · لە راستی‌یا کە زمان پەیدا بوە ، بۆ ئەوە بوە تا ببێ بە تاکەزمانی هەموو کۆمەڵ ، زمانی ستاندارتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ · زمانی سەرتاپای میللەت · لەبەر ئەمە دەوری زمان ، دەورە یاریدەرەکەی ، لەو کونجەی کەدەستاوێژێکی کۆمەڵانی خەڵکە لەپەیوەندی یەکانی نێوان خۆیانا تەنیا بۆ راژەی چینێك نیە لەسەر حیسابی چینێکی تر ، بەڵکو بۆ راژەی هەموو کۆمەڵە ، هەموو چینەکانی کۆمەڵ ، بەبێ جیاوازی · هەر بەم پێیەش زمان لەباریا هەیە بێ‌جیاوازی خزمەتی رژێمی کۆنی گیانەلاو رژێمی نوێی پێشکەوتوو بکات یاوەك یەك بێتە هاناو خزمەت کردنی ژێرخانی کۆنونوێ ، یا چەوسێنەرو چەوساوەکان · دیارە کەسیش نیە ئەو راستی‌یە نەزانێ کە زمانی رووسی هەروەك چۆن بەر لە شۆڕشی ئوکتوبەر خزمەتی سەرمایەداری رووسیو رۆشنبیری بورژوای رووسی کردوە ، ئاواش ئەمرۆ خزمەتی رژێمی سوسیالیزم وروشنبیری سوسیالیزمی کۆمەڵگەی رووسی ئەکات · هەمان شتیش ئەتوانرێ لەبارەی زمانەکانی (ئۆکرانیو بیللە رووسیو ئۆزبەگیو کازاخیو گورجیو ئەرمەنیو ئیستۆنیو لیتۆنیو مۆلداڤیو لیتوانیو تەتەری‌و ئازربایجانیو پەشگیری و تورکمانی)و زمانەکانی تری نەتەوەکانی سۆڤیەت بووترێ کە خزمەتی رژێمی بۆرژوازی کۆنی ئەم نەتەوانەی کردوە ، هەروەك چۆن خزمەتی رژێمی سوشیالیزمی نوێی ئەمرۆ ئەکات · دیارە ئەم کارەش لەم مەسەلەیە بەدەر نیە ، بەڵکو زمان لەپێناو ئەم مەسەلەیەدا هاتۆتە پێشو هەر لەپێناو ئەمیشا دوروست بوە ، واتە بۆ خزمەتی هەموو کۆمەڵ ، چونکە لە راستیا تاکە ئامرازێکە کە دەرافەتی کۆمەڵانی خەڵك ئەدات بۆ ئەوەی لەنێوان خۆیانا بەیەکەوە بگەنو پەیوەندی ببەستن · بۆ ئەوەش تابێ بەشتێکی هاوبەش لەنێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵ ، تاکەشتێك بۆ هەموو کۆمەڵ ، هەروا بێ‌جیاوازی خزمەتی هەموو لایەك بکات، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەبارو وەزعی چینایەتی یان · ئاشکرایە هەرکاتیکیش گەرهاتو زمان لەم بارەی خۆی داپچرا ، بەو مانایەی کە ئەوزارێکی هاوبەشی هەموو گەلە ، یا هەڵوێستێکی لاگری نواندو پاڵپشتی دەستەبەرەیەکی کۆمەڵی کرد لەسەر حیسابی دەستەبەرەکانی تر ، ئەوا بێگومان خاسیەتی خۆی وون ئەکات ، کە گوایە هۆی بەیەك گەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکە لەنێوان خۆیاناو یەکسەر وەرئەچەرخێ بو زمانێکی (کشۆك)ی سەر بە دەستەبەرەیەکی دیارکراوی کۆمەڵو روو لە دواکەوتنو داتەپینو نەمان ئەکات · کەواتە زمان لەگەڵ ئەم هەموو جیاوازی‌یە قوولو وردەیشی لەسەرخان ، بەڵام لە هۆیەکانی بەرهەم هێنان بەدەر وجیا نیە ، وەکو ئەو ئامرازانەی کە وەك زمان گوێ لەمەسەلەی چینەکان راناگرنو ئەتوانێ بێ فەرقو جیا خزمەتی هەردوو رژێمەکەی سەرمایەداری وسوسیالیزم بکا لەپاشا سەرخان کە لەئەنجامی گوزەرانو ئاکارو کردەوەی ژێرخانێکی دیارکراو دێتەروو · بۆیە سەرخان ناتوانێ تاسەر بژێیت ، بەڵکو هەر لەگەڵ لاچوونو تەفروتونا بوونی ژێرخانی دیارکراو ئەمیش لائەچێو تەفروتونا ئەبێ · بەڵام زمان ، بەپێچەوانەی ئەمەوە ، بەرهەمی زنجیرەیەکی درێژخایەنی چاخەکانە کە لە نێوانیا دوروست ئەبێو پێش ئەکەوێو گەشەئەکاو تێروپڕ ئەبێ ·

بۆ زانین

هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی سەروو · لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت گوزاریەکان ، لیژنەی ژمارە(١) ·

موناقەسەی نهێنی ژمارە (٨) بۆ دروست کردنی ئوتێلی گەشت گوزاری لە حاجی ئۆمەران ·

هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی سەروو (لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت گوزاریەکان - لیژنەی ژمارە « ١ ») بلاوی ئەکاتەوە کەبینایەی ئوتێلێکی گەشت گوزاری لە حاجی ئۆمەران‌دروست ئەکات بە موناقەسەی نهێنیو بەگوێرەی ئەم مەرجانەی‌خوارەوە :

١ - بە گوێرەی موناقەسەکە ئەبێ ئەو راستایی‌یە پاك بکرێتەوەو هەموو کاروبارێکی بنیاتنانو دروست کردنو کارەباو میکانیکیو تەندورستیوشتی‌ترو هەموو جۆرە خزمەتێکی ماددیو هەولی‌تر جێ‌بەجێ‌بکرێت ·

٢ - ئیستیمارەکانی موناقەسەکەو نەخشەکانی لە لیژنەی ناوبراو دەس‌ئەکەوێت کەبارەگاکەی لە وەزارەتی کاروباری سەروودایە ئەوەش بە « ٣٠ » سی دینارە نادرێتەوە ·

٣ - پێویستە لەگەڵ عەتاکاندا تأمیناتێکی سەرەتایی پێشکەش بکرێت کە بریتی‌یەلە ٥٪ی نرخی موناقەسەکە بە کەفالەتێکی بانقی یان بەچەکێکی تەسدیق‌کراو لە لایەن بانقێکی باوەڕ پێ‌کراوەوە کەلە عیراق‌دا بە هەمان نرخ بێت ·

٤ - لەسەر بەڵێندەرپێویستە شهادەی بەشداربوون لە ژووری بازرگانیو وەسیفەی‌تۆمارکردنی لەلای بەرێوەبەرایەتی زەریبەی دەخلی گشتیو شهادەی تەسنیفی لەلایەن لیژنەی تەسنیف‌کردنی‌بەڵێندەران لە وەزارەتی نەخشەکێشانەوە کرابێت‌بخاتە روو بە مەرجێك هەموو ئەم شهادانە بۆ ساڵی ٧١ -١٩٧٢ی دارایی تازە کرابێتەوە لە کاتی کرینیاندا ·

٥ - پێویستە بەڵێندەرلەگەڵ عەتاکانیا لیستەیەك پێشکەش بکات ئەو کارانەی‌تیا بێت کە لەوەوپێش کردوویەتیو لەم جۆرە کارەیە ،وە بۆ حیسابی چی جیهەتێك کردوویەتی ·

٦ - هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو بۆی هەیە نزمترین عەتا یان هەر عەتایەکی‌تر بداتە دواوە ·

٧ - لە کاتی ئیحالە کردنداماوەی تەواو کردنی ئەو کارەی لە عەتاکەدا هەیە رەچاو ئەکرێتو ئەبێتە پێوانە ·

٨ - عەتاکان تا سعات دووی‌پاش نیوەرۆی رۆژی شەممەی رێکەوتی ٢٤ـ٨ـ١٩٧١ وەرئەگیرێت ·

٩ - هەر عەتایەك لەو کاتەی‌لە فەقەرە «٨»دا دانراوە دوا بکەوێت پشت‌گوێ ئەخرێت ·

١٠- عەتاکان لە زەرفێکی‌خەتم‌کراو دا پێشکەش ئەکرێتو ناوی موناقەسە نهێنی‌یەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنووسرێتو بە ناونیشانی هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو لە وەزارەتی کاروباری سەروودا ئەنیرێت ·

١١- ئەتوانرێ وەسائیق‌وهەموو پرسێك لە نووسینگای دار العمارە لە جادەی المغرب -بەغدا تەلەفۆن ٢٥٠٢١ وە ٢٥٠٢٢ · دەس‌بخرێت ·

محەمەد مەحموود عەبدولرەحمان
سەرەکی هەیئەتی ئاوەدان
کردنەوەی سەروو سەرەرای
وەزیفەکەی خۆی

پاشماوەی : پارتی پێشرەوی کۆمەڵانی

هەردولا دروشمی خەباتی خوێناوی لەریگای کوردستانا فراوانتر بەرز بکەنەوە ··

لەهەر کاتیکدا ئەو کەرتە بچڕاوانەی پارتی ویستبیتیان یەك بگرنەوە گوێرایەڵی‌و پشتگیری‌و هەست پێ کردنی تەواوی هەڤاڵانی پارتی بوسەر کردەکانیان نمونەیەکی بچوکی گیانی ریکخستنو هوشیاری ناو ریزەکانی پارتی بووە ·· ئەم یەك گرتنەوانە وەنەبێ شتیکی دەرونی‌بیو لەبەزەیی‌یەوە هاتبێ بەڵکو یەکیێك بووە لەپیویستی‌یە نیشتمانیەکانی نەتەوەی کورد ·

سەرکردەکانو ریکخراوە بەرزەکانی ئەم پارتی‌یە لەبەر تیشکی روناکی تاقی کردنەوەی کۆڕو کۆمەڵو ریکخراوە سیاسی‌یەکانی رابوردوی کوردستان مەسەلەی دواروژو چارەنووسی کوردیان هەمیشە شی کردوەتەوە ·· وریایی هەڤاڵانی پارتی ریگای لەدوژمن برریوە کەخۆی بهاوێتە ناوریزەکانیەوەو گێرە شێوێنی تیابکات ·

پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێ گەیاندنی کادری شورشگێرو وریا کردنەوەی کومەڵانی خەڵکی کوردستان هەمیشە لەتیکوشانا بووە ·· وە ئیستەش لەناو چوار چیوەی ریکخستنە پولاینەکەی دا رۆڵە شورشگێرەکانی کورد زیاد اموانەی کە قاڵبوی ناو خەباتی سەختی نەتەوایەتین پێی ئەگەیەنێ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە خودموختاری یەکی دیموکراتیانەیە لەناو دواروژیکی مۆگەردا ·

پارتی لە هەمو سەردەمیکدا پشتگیری لەبریارەکانی کونگرەی باندونگو ژیانی ئاسایشو هاوکاری لەگەڵ گەلانی چەوساوەو نیوە ژیردەست کردوە ، وەلە ماوەی ژیانیا تائەمرو توانیویەتی دەنگی کاروانی رزگاری نەتەوەکەی بە شورشی گەلانی هاوچەرخ بگەیەنێ وە تیکوشانی سەختی نەتەوەی کورد بە خەباتی دریژخایەنی گەلانی ئازادیخوازەوە هەڵ پێکیو کورد بە گەلانی جیهان بناسێنێ ·

لەسەردەمی پاشایەتیدا هەمو سالیك ریکخراوە سیاسیو نەقابی‌یەکانو کومەڵانی خەڵكو روشنبیرەکانی کوردستان بەدزی‌یەوە یادی ئەم روژەیان ئەکردەوە ··

لەسالی ٩٦١ شورشی زەحمەتکیشانی کوردستان هەرپابو ، باری ئالۆزی سیاسی ئەو سەردەمەی حوکمی عیراق هۆیەکی کاریگەر بوو بۆ هەڵگیرساندنی ئەو شورشە · شۆڕشی کوردستان بەرابەری **کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان توانی داخوازیەکانی میلەتی کورد لەناو سەنگەری سەر لوتکە چیاکانەوە نیشانی داگیرکەرانی کوردستان بدا ·**

هەر لەهەمان ساڵەوە لەو بەشە رزگارکراوەی کوردستانا هەمو ساڵیك بەسەربەستی یادی دامەزراندنی پارتی ئەکریتەوە ، وەلەو روژەدا لەهەمو قوژنیکی کوردستانی خوشەویستمانا ئەبیتە زەماوەندێك ئەوسەری دیار نەبێ روژ بەروژ بەپێی داخواری پارتی لەکومەڵانی خەڵکی کوردستان بەهەزاران لاوی شورشگێر لەپیناوی ئابڕوی نەتەوەکەیا چەکی ئازادی خوازی ئەکردە شانو روبەروی داگیرکەرانی کوردستان ئەوەستا ·· هەر روژێك ئەژیانی پارتیمان شورشیکە لەگیانی گەلی کورداو روبەروی دوژمن ئەتەقیتەوە ، ئەمروکە لەپاش برینی قوناغیکی سەختی چەکدارانەو نەبەردانە لەروی داگیرکەرا بەسەربەرزی لەهەمو شوینیکی کوردستانی خوشەویستمانا یادی ئەم دامەزراندنە پیروزە ئەکەینەوە·

پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی تەمەنی (٢٥) ساڵەی دا جگە لەشورشی چەکدارانەو وەرگرتنی مافی میلەتەکەی توانیویە خۆی بەوڵاتانی دەرەوەو ریکخراوە سیاسی‌یەکانی بیگانەو کومەڵگا پیشکەوتوخوازەکانو بارەگای کەمپی سوشیالیستیو گەلانی جیهان بناسێنێ ·· پارتی دیموکراتی کوردستان شورشی (١٠) ساڵەی خوی بە حەلقەیەکی ئەو زنجیرە شورشە ئازادیخوازانە ئەزانی کە سەرانسەری جیهانی سەرمایەداری هیناوەتە لەرزین ·· شورشی (١٠) ساڵەی کوردستان کە شاکاری پارتی دیموکراتی کوردستانە هەر بەو چەکەی کەکومپانیا جەنگی‌یەکانی جیهانی سەرمایە داریو کومپرادورە چاوبرسیە شەر هەڵ گرسینەرەکان بۆ کوشتنی گیانی شۆرشگێری لە ناو گەلە ژیردەستەکانا دروستیان کردوە هەر بەو چەکەی خویان وە لەبەر چاوی خویان دواروژی داگیرکەریو دەس‌بەسەراگرتنیان ئەنێتە گۆڕەوە ··

پارتی دیموکراتی کوردستان ·· هەر لەیەکەم کونفرانسیەوە لەریگای دەنگدانیکی دیموکراتیانەوە خەباتکەر کاك مستەفا بارزانی بەسەرۆکی خۆی هەڵ بژاردوە ،وەئیستاش هەرئەو سەروکی پارتی دیموکراتی کوردستانە ·

پاشماوەی : بەرەو تێگەیشتنێکی ··

ئەوە پێویستە چەند کۆبونەوە یەکی بۆ بکرێت »(٧) ئەم رەئیەیان پراتیك کرد بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو راستی‌یە بزرەی کە بوبو بەهۆی دانانی ئەم رەئیەو هاندانی بۆ « بەرزکردنەوەی ئاستی شەرکردن » ، ودوای ئەوەی هەڵەکانی ئەم رەئیە کەلەکە بوە سەریەکو شەرکەرەکان توشی ماڵ وێرانی گەورە هاتن لە ئەنجامی ئەو جۆرە جەنگانەدا بووە هۆی پەیدابونی رەئی دووەم کە هێرش ئەباتە سەر دانیشتنەکانی شەرکەرەکان لەناو جەرگەی شەردا ، ومواى لەقەڵەم ئەدەن کە « وەکو پەرلەمان وایە بەلای دیموکراتی شوسیالیستەکانەوە « وەکو هونەری نزیك گەڵ وایە بەلای هونەری گەلی‌یەوە »(٨) · بەلام ئەم رەئیەش بەتەواوی واز لە کۆبونەوە ناهێنی بەمەرجێك بۆ ئامانجێکی دیاری کراوبێت « پێویستی‌یەکی سروشتی‌یە کە هانی کۆبونەوەو گەشە پێ‌کردنی بدرێت بۆ گفتوگۆی سیاسیو ئایدیولوجی لەنیوان پیشمەرگەکاندا ، بەڵام ناتوانن بڕیاری لەسەر بدەن چونکە لە دەسەلاتی سەرکردەیە · وسەرکردەش پێویستە شارەزای‌یەکی باش وراست ورونی هەبێت لەبارەی سەربازیو دیسپلین (انضباط)ی یەوە · پیشنیاز کردنی کۆبونەوە لەلایەن سەرکردەکانەوە بۆ پیشمەرگەکان لەهەمو کاتێکدا وایان لی‌ئەکات کە نەباوەڕیان بە سەر کردەکانیان بمێنێو نەبە خۆشیان · ئەم کۆبونەوانە دیسیپلینی هوشیاری ئەپچڕێنن وناکۆکی و دووبەرەکی ئەبزوێنن لەناو پیشمەرگەکاندا وتواناو ماوەیەکی زوریش لەکیس ئەدەن · لەنوسینەکانی ئیسپانیدا بومان دەرئەکەوی کە شەرکەرە جمهوریەکان لەناوەراستی شەردا قسەیان لەسەر فەرمانەکانی ئەفسەرەکانیان ئەکرد ، زۆرجار یاخی ئەبون لە هێرش بردنە سەر بنکەکانی دوژمن ، وهەندێ جاریش خۆیان جیائەکردەوە ودەستیان ئەکرد بە کۆبونەوە بو هەلبژاردنی تاکتیکی پەسند بەلای خۆیانەوە کەچی لەوکاتەدا دوژمن هێرشی ئەهێناو تەقەی لی‌ئەکردن ئەمەش ئەنجامەکەی ئاشکرایە· لە کووباش لە سەرەتاوە ئەم شێوەیان بەسەرپێی بەکارهێنا ئەوەبو بەهۆی پەیدابونی دودلی و دوبەرەکی لەناو ریزی پیشمەرگە شورشگێرەکاندا«(٩)

تاقی کردنەوەی پرۆسێسی شیکراوە ئەوەی دەرخستوە کە ئەتواندرێت لەکاتی دووری دوژمن‌دا یان ماوەیەك لەپێش شەر دەست‌پێکردن کۆبونەوە بکرێت · مەبەست لەم کۆبونەوانەش گفتوکۆ کردنە لەسەر دانانی پلانو جێ بەجێ کردنی فرمانەکانی شەرو پێشکەش کردنی رەئی ، وداهێنانی دەستاوێژو وشێوەکانیەتی بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی تەکنیکیو تاکتیکی کە ئەبنە کەندو کۆسپ لە ریگای جێ‌بەجێ کردنی فرمانەکە · ئەوەش ئەخەنە بەرچاوی خۆیان کە هەر ئەشبێت فرمانەکە جێ‌بەجێ بکرێت ، وگیانی ئیجابی لەو کاتە بەسەریاندا زاڵ‌ئەبێت وئەبێ بەهاندەریان بۆ ئەوەی هەرچی لەووزەیان دا هەیە بەکاری بهێنن بۆ دۆزینەوەی چارە سەرکردنو جێ‌بەجێ کردنی فرمانەکە بەشێوەیەکی باشتر· واتە ئەم کۆبونەوانە تەنها بۆ لێکۆلینەوەی چاکترین رێگەی جێ‌بەجێ کردنی فرمانەکان تەرخان ئەکرێن بەشێوەیەکی دیموکراتی ، نەك بۆ گفوگۆکردن لەسەر باشیو خراپی فرمانەکانو بریاردان لەسەریان ، بەس ئەگەر لەکاتێکدا داوایان لی‌کرا وماوەی گفتووکۆ کردنیان هەبو بو ئەو مەبەستە· ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوەش پێویستە بدرێتەوە بەسەرکردایەتی وچاوەڕوانی وەرگرتنی فەرمانی تازە بکرێت بەدووپات‌کردنەوەی فەرمانەکانی پێشو وەیان گۆڕینیان · ئەوی گرنگە ئەوەیە کەئەبێت گفتوگۆ بوەستی ندرێت دوای بریاردان چونکەبوو بە پێویستی · ئەگەر نەتواندرا بریار لەسەر فرمانێك وەربگیری ئەوسا سەرکردەی لێپرسراو بۆی هەیە بریاری لە سەر بدات لە سەر ئوبالی خۆی · رەخنە گرتنو پیاچونەوە پێویستە لە دوای کوتای هێنان بەشەر یا وەستانی بکرێت · ئامانجی ئەو کۆبونەوانەی دوای شەریش هەڵسەنگاندنی جۆری کارکردنەو لێکۆلینەوە لەسەر ریکخستنی بزوتنەوەکە و پەیوەندی‌یەکانی ، وچۆنایەتی پیشمەرگەکان لەکاتی شەردا - ئازایەتیو ترسنۆکیان - وکورتکردنەوەی تاقی کردنەوەی پروسیسەکانی شەر ، بەشێوەیەك کە یاریدەی بەرزکردنەوەی ئاستی شەرکردن بدات دوای هەمو شەرێك ·

Institut kurde de Paris

هاوکاری

ژمارە : ٢٩
٢١ی ئابی ١٩٧١

سلاو بۆ گیانی پاکی «ئەبو ئەیاد»ی شەهید

لە کوری خەباتی شۆڕشگێریالە خەباتیکی پیروزو بێ‌گەردی نەتەوایەتیا ، لە شەریکی‌عادیلانەی دژ بە درندەترین ئیمپریالیزم‌و بێ‌ئابرو ترین‌کونەپەرست‌و نوکەر ، لە سەخت‌ترین جەنگی پارتیزانیا ،(ابو ایاد)ی پێشمەرگەی فەلەستین چووە ریزی نەمرانی گەلی فەلەستین‌و بزوتنەوەی پیشکەوتووانەی گەلانی دنیاوە ·

بێ‌گومان هەوالیکی‌پڕناسورو جەرگ‌برە هەروەکو زیانیکی گەورەی جیگا دیاریشە ، بەلام فیداکاری‌و لە خۆبوردن‌و ئازایی‌و جوامیری (ابو ایاد) لە سەریکی ترەوە تولەی ئەو هەموو کەلینانە ئەکاتەوە بەوەی ئاگرو بلیسەی خەباتی شۆڕش‌گیرانەی گەلی فەلەستین‌و گەلانی روژهەلاتی نزیک‌و ناوەراست خوشتر ئەکا چونکە فیداکاری رۆلە دلسوزە هوشیارەکانی گەلان رێ‌خوشکەری تیکوشانی لەپسان نەهاتووی گەلانن بۆ رامالینی چەوسانەوەی نەتەوایەتی‌و چینایەتی ·

(ابو ایاد)ی نەمرو هەڤالانی (ابو ایاد) ، پیشمەرگە دلیرەکانی فەلەستین کە دەستەو یەخە شەر لەگەل ئیمپریالیزمی عالەم‌و سەهیونیەت‌و کونەپەرستانی بێ‌ئابروی عەرەب ئەکەن ، ئەم شەرەیان ئەگەرچی بەناوی‌دەستخستنی ژیرکەوتنیان لەزنجیری سەرکەوتن‌و ژیرکەوتنی گەلان‌و بەتایبەتی‌گەلانی روژهەلاتی نزیک‌و ناوەراست بەهیچ جوریک جیاناکریتەوە · بویە بزوتنەوەی مروڤایەتی پیشکەوتووانە کە بزوتنەوەی نەتەوەی کوردیش ئەگریتەوە توندو تول بزوتنەوەی رزگاری هینەری گەلی فەلەستینی‌گرتوتە باوەش و بەدلو بەگیان‌هاوکاری لەگەل ئەکات‌و دەستی یارمەتی بۆ دریژئەکات ·

هەروەها لەسەرەکەی تریشەوە ئیمپریالیزمی عالەم پیلان‌و نەخشەکانی خوی دژی گەلی فەلەستین توندوتول بەستووە بە پیلان‌و نەخشە روخینەرەکانی تری دژی گەلانی روژهەلاتی نزیک‌و ناوەراست بەتایبەتی‌و گەلانی دنیا بەگشتی ·· کە هەندیک لەو پیلانانە بریتین لە هەولوتەقەلادان بو پوچەل کردنی حوکمە بورژوازی یەنیشتمان پەروەرەکان‌و وەرگیرانی ناکوکی نادوژمنانەی نیوان چینەکانی گەلیک بە ناکوکی دوژمنانەی توندوتیژو هەول‌دان بو دروست کردنی هیزی دژ بە شورش (مضاد الثورة) و تیکدانی شورشەکانی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی هی گەلانی عەرەب لە فەلەستین‌و ظفار وەریگا خوش‌کردن بۆ تەسلیم‌کردنی چەند پارچە زەوی‌یەکی شیخ نشینەکانی خلیجی عەرەب بەئیران‌و پساندنی خەباتی بەیەک بەستراوەی گەلانی ناوچەکە لەلایەک‌و لەگەل هی گەلانی تری دنیا لەلایەکی ترەوە ·

ئەتوانین دوای پروژە ناموبارەکەکەی روجەرزی ئەمریکا یەک‌یەک وەکو دەنکی تەزبیح هەلقەکانی ئەم پیلان‌و نەخشانەی ئیمپریالیزم بژمیرین ·

بۆیە ئەرکیکی گەورە لە سەرشانی هیزە پیشکەوتووە شورشگیرەکانی ئەم ناوچەیە هەیە کە لە جاران زیاتر خەباتی خویان ریکخەن‌و یەکخەن وە بەشیرازەی هوشیاری و برایەتی و بیروباوەری عیلمی پیشکەوتوانەی تاقی‌کراوەو سەرکەوتو تیکوشانی گەلانی ناوچەکە بەیەکەوە گری‌بدەن‌و جوتی‌کەن لەگەل خەباتی گەلانی تری دنیادا تاریگای رزگاری کورتترو هیزە شورشگیرەکان پاریزراوتربن لەپەلاماری درندانەی ئیمپریالیزم ·

دەبا تیکوشان بەهیزتر کەین بۆ جێ‌بەجێ کردنی ئاواتە پیروەکانی (ابو ایاد) وسەدان هەزار (ابو ایاد)ی تری گەلان باریگا خوشترکەین بۆسەرکەوتنی گەلی فەلەستین‌و گەلانی تری ناوچەکەو ئاگری شەری عادیلانەی نەتەوایەتی‌و چینایەتی بەتین تر کەین بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ·

ئاسۆ

پارتی پێشڕەو

نوری وەشتی

سلاو لەپارتی دیموکراتی کورد
ئەو پارتەی ئالای‌شۆڕشی هەلکرد
لەو پێشڕەوە بیت کەپێشمەرگەکەی
بەرەو رزگاری کوردستان ئەبرد
◉ ◉ ◉
ئەی پارتی نەبەز ، ئەی‌لانەی مەردان
ئەی حەق سینەری کوردو کوردستان
ئێمە سەربازی کۆل نەدەری تۆین
لەرێی ئامانجتا ئەبین‌بەقوربان
◉ ◉ ◉
ئێمە ئەو گەلەین خوێنمان‌ئەرێژین
کەبێ باکانە لاشەئەنیژین
تا بەرابەری پارتی‌شۆڕش گێر
تامی رزگاری‌و شادی ئەچێژین
◉ ◉ ◉
ناوی پێشمەرگە لە ناومێژوومان
نووسرا بەخوێنی رێژراوی لاوان
ئیستاش بەخوێنە پارتیمان نووسی
لەشکری شۆڕش گێری کوردستان
◉ ◉ ◉
سوێند بێ بەپارتی ، بەخوێنی رێژراو
بەکورد ، کوردستان، بەرۆلەی خنکاو
ببین بەچاوگەی ئاگری‌شۆڕش
تاکورد ئەبینی ئالای هەلکراو

هەڵویستەکانی پارتی پێشڕەو

ئەوەندەی کە پارتی پێشەنگ پەیوەندی بەبزوتنەوەی رزگاری‌بەخشی کوردایەتی وملِ‌ملێ‌یەکانی کوردەواری و شۆڕش وراپەرین ویاخی بونەکانی کۆمەلگەی کوردستانەوە هەیە ، باوەرناکەم چ پارتی‌یەک بوێ لوابێ یا بلوێ رەنگی ئەم حەقیقەتە زلە مێژوویی‌یە بریژێ · وە لەگەل ئەوەش کە بزوتنەی رزگاریمان کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە وەك مەسەلەیەکی گرنگ وبەهادارو ئالۆزکاوی هەردوو رۆژهەلاتی نزیك وناوەراست هەروا بێ چارەساز ماوەتەوە ، بەلام وانەبێ دەوری دیارکراوی مێژونیەی خۆی بەتەواوی نەگێرابێ ، هەر لەشۆڕشەکانی بۆتان وشەمزینانەوە ، تا شۆڕشەکانی سمکۆ وهەردوو شێخە نەمرەکەو شۆڕشەکانی بارزان وئالای مەهابادو شۆڕشەکەی ئەم سەردەمەمان· پارتیش وەك حیزبێکی پێشرەوی خاوەن ستراتیژیەت وپروگرام وپەیرەوی تایبەتی خۆی ، وەك خودان (سەرۆك) یکی قالبووی نێو ئەشکەنجەو تاقیمانەو خەون ئازاری ئادەمیزادی کورد ، هەر لەو رۆژەی کە خۆی لەسەر شانۆی خەباتی سیاسی‌ی عیراقا فەرزکردوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێن وبۆشاییانەی کە لەناو جوولانەوەی نیشتمانی‌دا هەبوو ، بۆ ئەوەی ببێت بەنوێنەری راستەقینەی دووەمینی دوو نەتەوەی عیراق، هاوبەشی هەموو پارتی ودەستەبەرە وتاقمی سیاسی‌یەکانی بوە لە سەرجەمی هەلسوکەوت هەلسوران وئیشێکی وولات پەروەریدا وخۆی کوتاوەتە نێو جەنگی هەموو راپەرین وقەلەمبازە شۆڕشگێریەکانی میللی‌یەوە لەسالانی ٩٤٨ و٩٥٢ وشەرە سێ‌قۆلی‌یەکەی پۆرسەعیدی ١٩٥٦ وهەروا لەدروست کردنی مەرجە پێویستیەکانی شۆڕشی بەنرخی ١٤ تەموزی ٩٥٨ بەشی خۆی وەرگرتوە · چگە لەو دەورە زلەی کە لەسالانی ٩٥٨_٩٥٩_٩٦٠_٩٦١ یشدا نواندویەتی لەپاراستنی کەسایەتی کوردو بەربەستکردنی هەموو ئەو هەرا وقرەو بالۆرانەی کە داوای پێ‌شێل کردنی مافی نەتەوایەتی ودیموکراسی بۆ میللەتی کوردی بەجەرگ سازئەکرد وبەربەرەکانی‌یە بەشەرەفەکانیشی لەگەل ئەو دەستەودایەرانەی کە مەبەستی تواندنەوەی کوردیان کردبوە خەیال‌پلاو !! خۆ کەسیش نەماوە ئەو راستی‌یە نەزانێ کە ئەو هێزە لەبن نەهاتوەی کە دەسالی رەبەق(٩٦١_٩٧٠) بەهەموو تالی وترشی‌یەکەیەوە، کێ رابەری کردوە وکێ پاسەوانی بوە ؟!! خۆ کەم کەسیش هەیە ئاگای لەپرۆژەی پەیمانی بەرەی نیشتمانی نەبێت ، کە پارتی لەپایزی سالی ١٩٦٨دا پێشکەشی هەموو حیزب وتاقمە نیشتمان پەروەرەکانی عیراقی کردوە · گرتوخانەکانی ئەمپەڕو ئەوپەڕی وولاتیش دەمڕاسترین شایەتی ئەندامە نەبەردەکانی ئەم پارتی‌یە چەلەنگەیە ·

پارتی ئمرۆمان ، ئەوەی دوێنێ وپێرێ نیە ، بە تایبەتی لەدوای ئەو دەورە مەزنەی کە سەرکردەی بزوتنەوەی کوردیەتیمان (پێشەوا بارزانی) گێڕای لە پێکەوەنانی بەرەی یەکگرتووی سیاسی کورد ویەکخستنی ریزو بیرو ئامانجی هەموو کوردپەروەران‌و بنیات‌نانی پەیمانێکی هاوکوف لەگەل بەعسی تێکۆشەر لەپێناو مافە رەواکانی ئادەمیزادی کورد · هەلویستەکانی پارتی زیندوو زۆر ئاشکراو روون بوە وئەمرۆش بەردەوام زۆر کوردانەو مەردانە _ هەموو شتێك _ بێ‌وچان‌و سل‌کردن ئەبەخشێ لەپێناو خێروخۆشی عیراقیێکی سەرفیرازو کوردستانێکی جوانترو لێ‌هاتووتر !!

محمود زامدار

بروسکەی پیرۆزبایی‌ی هاوکاری بەبۆنەی بیرەوەری‌ی ٢٥ ساڵەی پارتی‌یەوە

پارتی دیموکراتی کوردستان_ م·س· تێکۆشەر
سلاوێکی شۆڕشگێرانە

لە کاتێکا پیرۆزبایی لەخۆمان‌و لە ئێوە ئەکەین بەبۆنەی بیرەوەری بیستو پێنج ساڵەی‌دامەزراندنی پارتی سەرکردەمان پارتی دیموکراتی کوردستان ،جارێکی کە بەلێنتان بۆ نوێ ئەکەینەوە کە بەردەوام بین‌لەسەر رەوتی شۆڕشگێرانە ، رەوتی خزمەت کردنی کرێکاروجوتیاروکاسبکارو خاوەن‌پیشەو روشنبیرە شۆڕشگێرەکانی‌کوردستان ، رەوتی خەباتی ناوکۆیی کوردو عەرەب کەپارتی دەست‌نیشانی کردووە بۆ کاروانی رزگاری‌خوازی نەتەوەی کوردمان :

● دەبا بژی بۆ میللەت‌پارتی‌و سەروکی مەزنی بارزانی مستەفا ·
● نەمری بۆ شەهیدانی‌پارتی‌و گەلەکەمان ·
● سەرکەوتن بۆ جەماهیری‌زەحمەتکێشی گەلەکەمان لەپێناو دووارۆژێکی باشتر ·
● باشەکیشەوە ئالای‌رێکخستن ·

لە جیاتی دەستەی نووسەرانی هاوکاری
سەربەست بامەرنی

لە ئاسۆی هەفتەوانەوە

سەربەست

لە ١٦ ئابی رابوردوودا ،کۆمەلانی فراوانی خەلکی کوردستان‌و ئەندام‌و پالێوراولایەنگیرەکانی پارتی بەتایبەتی‌و جەماهیری فراوانی گەلی عەرەبی‌براو پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی هاوبەیمان‌و تەواوی هێنرە نیشتمانی‌و پێشکەوتن خوازەکانی وولات‌وسەر جەم دوستو هەڤالەکانی گەلەکەمان لە سەرانسەری‌جیهاندا ، پێشوازیێکی گەرمی یادی بیستو پێنجەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد ·

ئەم پێشوازی کردنە گەرمە ،ئەنجامێکی حەتمی هەلوێستە نیشتمانی‌و پێشکەوتن خوازەکانی پارتی‌یە ، کە توانی لەماوەدای خەباتێکی سەخت‌ودرێژخایەنی خوێناوی ماوەی بیستو پێنج سال ، بۆ گەلی‌کورد بەتایبەتی‌و بۆ دۆستەکانی کورد بەگشتی بسەلمێنێ کەپارتێکی نیشتمان پەروەری دیموکراتەو هەمیشە ئامادەی‌تێکۆشان‌و قوربانی دانە لەپێناو بەرژەوەندەکانی کریکاروجوتیارو کاسبکارو خاوەن پیشەو روشن‌بیرە شورشگیرەکان دا ، وە لەپێناوی سەرکەوتنی خەباتی پیرۆزی ناوکۆیی کوردو عەرەب بۆ وەدی هێنانی ئاوات‌و ئامانجی نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌یان ·

◉ ◉ ○

پارتی لەماوەی بیستو پێنج‌سالدا ، توانی کۆمەلە ئەرکێکی گرنگی قوناغی رزگاری‌نیشتمانی سەرکەوتووانە جێ‌بەجێ بکات ·

لەلایەکەوە کەرەستەی‌بنچینەیی بزوتنەوەی کوردایەتی دەست نیشان کرد کە کرێکاروجوتیارو کاسبکارو روشنبیری شورشگێرن ، بەمە بزوتنەوەی‌کوردایەتی رزگارکرد لەدەست ئاغاو دەربەگ‌و سەرمایەداروئەوەی دەرخست کە تەنها کرێکارو جوتیاران‌و هاوپەیمانەکانیان ، ئەتوانن سەرکەوتووانە درێژە بەخەباتی‌رەوا بدەن لەپێناوی مافە نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی‌یەکانی ئادمیزادی کورد ·

وە لەدووای دیاردی کردنی‌سووتەمەنی لەدووانەهاتووی بزوتنەوەی کوردایەتی ، پارتی ،لە ئەنجامی سوود وەرگرتنێکی بەکەلك لە تاقی‌کردنەوە تایبەتیەکانی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی رابوردوی کورد تاقی‌کردنەوەکانی گەلانی ئازادی خوازی جیهان ، ئەو بروایەی‌پەسندکرد کە هیچ بزوتنەوەیێکی شورشگێر بەبێ تیوریێکی‌شورشگێر سەرناگرێ ، بۆیەکا پارتی لەبەر رۆشنایەتی تیوری‌زانستی درێژە بە خەباتی خۆی‌داو تاقی کردنەوەی (٢٥)ساڵەی خەبات سەلماندی کە تەنها تیوری زانستی ئەتوانێ‌تاسەر چارەسەری گیروگرفتەکانی کاروانی شەرفمەندی‌خەباتی رەنجدەرو زەحمەتکێشانی کوردستان بکات ·

بەمانەو بەچەندەها هەنگاوی‌خەباتی تر پارتی توانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی‌کورد سەرکەوتوانە رزگار بکات لە گێژاوی گۆشەگیری‌وشوفینزم‌و رێ‌رەوە راستەکەی بۆ دەست‌نیشانکات وەکو بزوتنەوەیێکی نیشتمانی بەوپێ‌یەی کە دژ بە ئیمپریالیزم‌و لەپێناو رزگاری نیشتمانی نەجەنگێت ، وە وەکو بزوتنەوەیێکی پێشکەوتن‌خواز ، بەو پێ‌یەی کە ئەیەوێ چەندین گۆڕانی بنەرەتی بکات کە ناوەرۆکێکی کۆمەلایەتی‌یان‌هەیە ·

هەروەها پارتی ئەوەی‌دەرخست کە کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیێکی نیشتمانی دژ بەئیمپریالیزم‌و وەکو هەموو بزوتنەوەیێکی نەتەوایەتی کە لەدووا شی‌کردنەوەدا بەگێڕیەکا جونیکی چینایەتی‌یەو مەسەلەی‌نیشتمانی لە کوردستان‌و لە

بروانە : ل _ ٧

سەرگۆشەیەوە

● گومان لە دەوری(سەرکردایەتی‌دا) نی‌یە کە چەند گەورەیە لە سەرکەوتن‌و‌نوشوستی هێنانی هەموو راپەرین‌و بزووتنەوەیەکی‌سیاسیدا · نەتەوەی ئێمەی کوردیش لە ماوەیەکی دووروودرێژەوە لە خەباتێکی سەختی خوێناویدایە لە پێناوی رزگاری‌نیشتمان‌و ساغ کردنەوەی نەتەوایەتی‌خۆی‌دا· لە زووربەی‌ئەوراپەرینانەی کە پێی هەستاوە نوشوستی هاتۆتەرێ، ئەگەرچی لەمەیدانی سەربازیدا لە هەندێکیاندا سەرکەوتبێ‌بەلام لە سیاسەتدا هەر دۆڕاندویەتی‌و ئەنجامیش هەرڕەنجەڕۆیی‌و مال ویرانی‌و بەفیرۆ چوونی خوێنی ئەوجەماوەرە رەش‌و رووتەو رەنجدەرە بووە کە بوونەتەسوقەمەنی لەو راپەرینانەداو بوونەتە قوربانی هەلەی‌سەرکردایەتی‌یەکی لێ‌نەزانی نەشارەزا ··

● لێرەوە مێژوو پەنجەی‌خەتا را ئەکێشی بۆ سەرکردایەتێکانی راپەرینەکۆنەکانی کوردو بەشی زۆری ئۆبالی ئەو نوشوستی‌و سەرنەکەوتنی ئەوراپەرینانە ئەخاتە ئەستۆی ئەوانەوە بەهۆی ئەو نووچانەوە کە لە زۆر کاتدا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی‌خۆیان داویان بە دوژمن‌و بۆتە هۆی ئەو ئەنجامە تاڵ‌وسوێرانەی نەتەوەکەمان چەشتوویەتی ·

● لەگەل بەرەوپێش چوونی‌رەورەوەی مێژووداو گۆڕانی باری سیاسی لە دنیادا لە‌ئەنجامی ئەو کارەساتانەوە کە روویان ئەدا ، میللەتەکەمان‌زیاتر لە هۆی سەر نەکەوتنەکانی خۆی نزیک‌دەبووە کە ئەویش نەبوونی پارتێکی سیاسی وایە کەبتوانێ دەوری پێشەوایی ببینێ‌و بتوانی لە هەمووریزوو دەستەکانی میللەت نزیك ببێتەوەو هەمووبەرەکانی لەریزەکانی خۆیدا کۆبکاتەوەو شیرزەیی‌و پرش‌وبلاویان یەك خات‌و هێزو توانایان لە خەباتێکی سەختی کۆنەدەرانەدا ئاراستەی دوژمنانی داخوازی ئامانجی‌نەتەوەکەمان بکات‌و بەرەو سەرکەوتنی بەرێت ·

ئەگەرچی لەدوای شەری‌جیهانی یەکەمەوەو چەند سالێك لە پێش هەلگیرساندنی‌دووا شەڕی جیهانیدا ، لە کوردستاندا چەند حیزب‌و رێك‌خراوێك لە لایەن رۆشین بیرانی کوردەوە پێك هێنرابوو بەهیوای کۆ کردنەوەی ریزەکانی میللەت‌و بردنیان بەرەوگەیشتنە ئامانجی نەتەوایەتیمان بەلام ئەو حیزب‌و رێکخراوانە‌ئەوەیان لە توانادا نەبوو کە هەنگاوی وەها بنێن لەئامانجەکانیان نزیکیان بخاتەوە ئەم هۆیانە رێگەی خۆش کردبۆ دامەزراندنی حیزبێکی بەهێزترو بە توانا ترو لەرۆژی ١٦ی مانگی ئابی سالی ١٩٤٦دا بە ناوی پارتی‌دیموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی پالەوانی‌نەتەوایەتی مەزنمان بارزانی قارەمان هاتەمەیدانی‌خەباتەوەو لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی بیرو باوەری‌ئاشکرایەوە وئەو ئامانجە پیرۆزانەوەی کردی بەدروشمی‌خۆی توانی زۆووربەی ریزو دەستەکانی میللەت لەدەوری خۆی کۆکاتەوەو توانی دەوری پێشەوایی بگرێتەئەستۆی خۆی ··

● دامەزراندنی پارتی‌دیموکراتی کوردستان بەیەکی لە رووداوە گرنگەکانی مێژووی‌میللەتەکەمان دەژمێردرێت ، چونکە بەدامەزراندنی ئەم‌پارتی‌یە میللەتی کوردمان پێ‌ی نایە قوناغێکی نوێوە ، قۆناغی‌رێك‌وپێکی لە خەبات‌و ئیشکردندا ·· لەیەکەم رۆژی‌پێك هێنانی‌یەوە پارتیمان ئەرکی گرانی ئەستۆی خۆی‌زانیوە بۆیە بە هەموو توانایەکیوەو ئەوەندەی لە باریدا بووەهەولی داوە کە جوتیاران‌و کاسب‌کاران‌و رۆشن‌بیران لەدەوری خۆی خڕکاتەوەو هێزیان یەك خات بۆ ئەو خەباتەسەختەی لە بەردەمیایەتی بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە‌پیرۆزانەی کە لە پێناویاندا هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە ، کەئەویش سەرفرازی نیشتمان‌و نەتەوەی کوردمانە · وە لە‌ئەنجامی تاقی کردنەوەی نەتەوەکەماندا پارتیمان باوەڕی‌بەوەش هێنابوو کە تێکۆشانی میللەتان بریتی‌یە لە زنجیرەیەك‌کەیەك بەوی ترەوە بەستراوەو لەیەکتر جودا نابنەوە » واتەخەباتی رزگاری خوازیی‌کوردیش ئەلقەیەکە لەو زنجیرەیەداو لەوان‌جیانابێتەوە وە جیابوونەوەی لەوان مانای هەمان نوشوستی‌جران‌دێنێتەوە رێگای تێکوشانی» لەبەر رۆشنایی ئەم باوەڕەیەوەکەوتە لایەنگیری هەموو ئەو بزووتنەوەو راپەرینەپێشکەوتووخوازانەی گەلان ئەیان‌کرد دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی ··وەکەوتە کەلك وەرگرتن لەتاقی کردنەوەی میللەتەکانی تروشێوەی تێکوشانی دوورەو پەرێزی (انعزالی) بەیەکجاری‌واز لێ‌هێنا ·

● پێك‌هاتنی پارتێکی واپێشکەوتووخوازو کۆبوونەوەی زوربەی خەلکی کوردستان لەدەوری‌و خۆبەستنەوەی ئەوپارتە بە بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکانی جیهانەوە ، دیار بوو کە بەدلی ئیستیعمار نەبوو ··بۆیە هەر لەیەکە رۆژی دامەزراندنی پارتیمانەوەئیستعماری گەندەل کەوتە هاندانی پیاوە ئەلقە لەگوێ‌وکاسەلێسەکانی بۆ تێکشکاندی ئەو رێکخراوەو راونان‌وئازاردان‌و کوشتنی ئەندام ولایەنگیرەکانی لێرەوە سزاوئازارو کوشتن‌و برین دەمی کردەوە بۆ تێکۆشەرانی ریزەکانی پارتیمان » بەلام هەتاکو سزا بێ‌بەزەیانەتربوایە خەباتسەخت ترو بەتین ترو باوەڕ پۆلاینتر ئەبوو ·

● هەفتەی رابوور دوو یادی٢٥ هەمین سالەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیمان‌بوو ، یادی چارەکە سەدەیەك خەباتی سەخت‌و وخوێناوی یادی تێکۆشانی قارەمانانەی پارتێکەمان بوو ، لە کاتی یادکردنەوەی هاتنەمەیدانی‌خەباتی پارتیماندا یادی ئەورۆلەقارەمانانەش ئەکەینەوە کە لە پێناوی بیرو باوەڕو ئامانجەکانی‌پارتیدا خویان کردە قوربانی‌و خوینی خۆیان لە بەندیخانەوسەر سێدارەو قەدپال‌و لوتکەی چیاکان‌و پێ‌دەشت‌و کۆلان‌وشەقامەکان کوردستاندا ئەکردە قوربانی نەتەوەکەیان · هەزارسلاو لەیادی یۆبیلی زیوینی پارتیمان ·

نوری حەیدەر



هەلبەرکێی ئافرەتانی کوردستان ، لە ئاهەنگی لقی ٥

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یەلە (دار الجماهیر)ەوە دەرئەچێ تلفون : ـ٦٩٧٢١

نرخی ٢٠ فلسە

ژمارە : ٣٠ ساڵی دووەم ٢٨ی ئابی ١٩٧١

سەرەك كۆمار سەر پەرشتیی كۆبوو نەوەی ئەنجومەنی باڵای كشتوكاڵ ئەكات

لە هەفتەی رابردوودا سەرۆك احمد حسن بكر لەكۆشكی كوماردا سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی باڵای كشتو كاڵی كردوە لەكۆبونەوەكەشدا نافذ جلال حویزی وەزیری كشتوكاڵ ودكتور طه ابراهیم العبدالله وەزیری ئاودانو حسین سیدجبر سەرۆكی یەكێتی گشتی كۆمەڵەی جوتیارانو ئەندامانی ئەنجومەنی ناوبراو بەشدار بوون .

لەكوبونەوەكەشدا باسی سیاسەتو نەخشەكێشانی كشتوكالو چۆنیەتی ئاودانوچاككردنی زەویزارو دامەزراندنی سەدەو لێكۆڵینەوەی توبوگرافی زەویو زار كراوە.

لە كۆتاییدا ئەنجومەن لەكاروباری وەزارەتی چارەسەركردنی كشتوكاڵو ئاودانەوەی كولیوەتەوەو چەندبڕ یارێكیشی لەم ڕووەوە دەركردوە.

شەڕی نهێنی سیاو بەنتیجنت سێرڤس لە تاران دا

شانزە دەوڵەت داوا ئەكەن كۆماری گەلی ی چین لە نەتەوە یەكگرتوەكاندا وەربگیرێت

سوپای رزگاری میللی زەفار تەنگ بە دوژمنەكانی هەڵئەچنێ

شۆڕشگێڕەكانی ئۆگەندا سەربەڕژێمی كۆنەپەرستی عیدی ئەمین شۆڕ ئەكەن

پارتی كۆمۆنیستی ئەمریكا بەشداری هەڵبژاردنی سەرەك كۆمار ئەكات

محاكەمەكردنی ئەفسەرێكی ئەمریكا بە تاوانی كوشتنی ١٠٢ كەس لە ڤێتنام دا.

لە هەفتەی رابوردوو لەفورت ماكفرسون لە هەرێمی جورجیا مەحكەمەیەكی سوپایی ئەمریكا دەستی كردوە بە لێكۆڵینەوەی مەسەلەی كاپتن (ئارنست مدینا) كە تاوانبارە بەوەی لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی ـ مایلای ـ ڤیتنامی خوارو ١٠٢ كەسی بێ گوناهی كوشتوە .

داواكاری گشتی لەدادگاكەدا وتویەتی : تاوانباری ناوبراو پێی لەوە ناوە كە دوو كەسی كوشتوە . وە بەرپرسیاریشە لەكوشتنی كوژراوەكانی تر چونكە لە كاتی كوشتنو بڕینەكەی ـ مایلای ـ دا ئەو فەرماندەی تیپی ـ شارلی ـ بوە .

كەچی لەلایەكی كەوە چەند شاهیدیك وتویانە گوایە مدینا لەكاتی كوشتارەكەدا لەوێ نەبووە !!

ئاژانسەكانی دەنگو باس رایانگەیاندوە كە بێتو روون ببێتەوە كە مدینا خەتابارە ئەوا حوكمی گرتنی بەدرێژایی ژیان بەسەردا ئەدرێت .

نامەیەكی ئەنجێلا دیڤیس لە بەندیخانەوە

نیویورك :

خاتو ئەنجێلا دیڤیس لە بەندیخانەی سان رفایل نامەیەكی نوسیوە ئەڵێ : پاسەوانەكانی بەندیخانە جورج جیلسونیان كوشتوە بەبیانوی ئەوەی گوایە ویستویەتی لە بەندیخانە رابكات . خاتو دیڤیس وتویەتی :

شەهیدكردنی جورج بەلای منەوە لەدەست چوونی هاوڕێو سەركردەیەكی شۆڕشگێڕە ، جاریكی كەش گولەی دوژمن دڵی قولەرەشو ئازادیخوازانی پڕ كردەوە لەماتەمیو ئازارو ئەشكەنجە !

تاس

كۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاوەدان كردنەوەی ژوورو

وا چاوەڕوان ئەكرێت كە رۆژی سێ شەممەی ئایندە ئەنجومەنی ئاوەدان كردنەوەی ژوورو بە سەرۆكایەتی كاك محمد محمود عبدالرحمن وەزیری كاروباری ژوورو كۆبێتەوە بۆ لێكولینەوەی ئەو مەسەلانەی لە بەرنامەی كاریدا دەست نیشان كراوە .

نوێنەرانی ووڵاتی بێلایەن لە نەتەوە یەكگرتووەكان

لەم چەند رۆژانەدا وتوێژ لە نێوان وڵاتانی بێلایەن دەستی پێكردوە بۆ بەستنی كۆنگرەیەك لە كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكاندا چەند هەواڵێكی رۆژنامەگەری لە قاهرەوە وائەگەیەنن كە ئامانج لەو كۆبونەوەیە رێك كەوتنە لەسەر راو هەڵۆیستو بڕیاریك دەربارەی لێكولینەوەی باری ناوچەی عەرەب بەگوێرەی ئەو بڕیارەی كە كۆنگرەی باڵای وڵاتانی بێلایەن لە لۆساكادا دەری كردوە .

دروست كردنی « ٤٥ » خانوبەرەی تر لە كوردستاندا

دایرەی ئاوەدان كردنەوەی ژوورو ٤٥ خانووی تری دروست كردوە لە پارێزگەی كەركوك بۆ ئەوانەی بەهۆی رووداوەكانی كوردستانەوە زیانیان لێ كەوتووە .

ئەم خانوانەش لەقەزای چەمچەماڵو ناحیەی شوان دروست كراونو نزیكەی ١٣ هەزارو ٥٠٠ دیناری تێچووە .

سەرۆك احمد حسن بەكر پێشوازیی دوكتۆر خضیر ئەكات

پێری سەرەك كومار احمدحسن بكر لە كۆشكی كوماردا پێشوازی دوكتۆر عبدالله خضیر وەزیری یەكیەتیوسەرۆكی وەفدی پیرۆزبایی كردنی عیراق بەبۆنەی سەربەخۆیی بەحرینەوە كردوە . دوكتۆر خضیر لەهەفتەیرابردووداو بە سەرۆكایەتی وەفدێكی رەسمی چووبوو بۆبەحرین بۆ پیرۆزبایی كردن بەبۆنەی سەربەخۆییەوە . وە لەگەڵ لێپرسراوانی بەحرینداد ەربارەی مەسەلەی فەلەستینو كەناری عەرەب دوابوون .

لەلایەكی كەشەوە عبدالخالق رضا بەریوەبەری گشتی كومپانیای تەئمینی نشتمانی لەكۆشكی كومارا ئامادە بووەوناوی لە سجلی تشریفاتدا تومار كردوە بەبۆنەی چوونی بۆ دەرەوەی عیراق .

ئا.د.ع

تەرخان كردنی «٤٣٥» هەزار دینار بۆجێ بەجێ كردنی چەند پڕۆژەیەك لە كەركوك

لەناوەڕاستی مانگیداهاتوودادەست ئەكری بەدروست كردنیچەند پڕۆژەیەك لە پارێزگەی كەركووكو نزیكەی ٤٣٥ هەزار دیناریش بۆ ئەم مەبەستە تەرخان كراوە .

ئەم پڕۆژانەش بریتین لە خەستەخانەیەكی نەخۆشی سنگو فراوان كردنی خەستەخانەی كوماریو خەستەخانەی مەركەزی لەكەركووكو خانوی دادگاو دوو مەڵبەندی تەندروستی و سێ خانووی تر لە سێ قەزای پارێزگەكەدا .

لەلایەكی كەشەوە دەزگای ـ اشغال ـ ی كەركوك خەریكی قیرتاو كردنی رێگای ـ توز ـ كفریو سنجارو ـ قەرەداغە بەقەبەڵی ٧٤٠ هەزار دینارو درێژایی ئەو دوو رێگایەش ٨٠ كیلو مەترە .

ئا.د.ع.

حزبی كەتائبی بەكرێ گیراو داوا ئەكات رێگای حزبەكان نەدرێت لە لوبنان

پێرێ وەزارەتی دادی لوبنان داوای دەنگدانی گشتی كردوەبۆ زانینی رای گشتی دەربارەی رێگادانی چوار حزبە سیاسیەكە:

پارتی دیموكراتی كورد ، بەعسی عەرەبی سوشیالست ، حزبی كومونیست ، حزبی نەتەوایەتی سوریا .

ئەوەی شایانی باسیشە لەكاتی خۆیدا مامۆستا كمال جنبلاط وەزیری ناوخۆی لوبنان رێگای ئەو چوار حزبەی دابووكە كاربكەنو ئیستاش حزبی (كەتائب !) ی گومان لێكراو سەر بە رۆژئاوا داوا ئەكات كەگوایە ئەم رێگادانە شەرعی نیە .

وەواش چاوەڕوان ئەكرێت كە لە كۆبونەوەی ئەنجومەنی نوێنەراندا صائب سلامی سەرەك وەزیران ئەنجامی ئەم دەنگ دانە ئاشكرا بكات .

شەڕی نێوان شۆڕش گێڕەكانی ئۆگەندەو هێزە بەكرێ گیراوەكان

سەرەكی ئوگندە عیدی ئەمین بڵاوی كردەوە كە شەرێكی گەورە لەنیوان هیزەكانی ئەوو شۆڕش گێرەكانا لەنزیكی سنووری ئوگندەو تەنزانیا بەدووری ٢٠٠ میل لە (كەمبالا)ی پایتەخت رووی داوە .

ئەمین ووتویە : ئەم شەرەكاتی قەوماوە كە شۆڕشگێڕەكان پەلاماری كاروانێكی عەسكریان داوەو چوار سەربازیان بەدیل گرتوە .

لەلایەكی كەوە زانراوە كە حكومەتە بەكرێ گیراوەكەی عیدی ئەمین فەرمانیداوە بەسوپا كە لەكاتی گیرانی هەر سەربازو ئەفسەرێكا هیچ نهێنیەك نەدركێنن تەنیا ناو پایەی ئیش كردنی سەربازیان نەبێت .

ئەوەی شایەنی باسە عیدی ئەمین چوار رۆژ لەمەو بەر بڵاوی كردبوە وە كە لەوانەیە شۆڕشگێڕەكانی سەر بە سەرەكی پێشوی ئوگندە (ملتون ئوبۆتی) پەلاماری هیزە سەربازیەكانی حكومەتەكەی بدەن .

دوا هەواڵی شەڕەكانی ئەم ووڵاتەش وەك ئاژانسی رویتر بڵاوی كردۆتەوە ئەڵی لەكانونی دووەمی رابوردووەوە هەتا حوزیران هەزار كوژراو لە ئوگندە بوە .

چەژنی نیشیتمانیی ڤێتنام

هلسنكی :

پێرێ سكرتاریەتی ئەنجومەنی ئاشتی جیهان بەنامە داوای لەسەد لیژنەی ئاشتیو نشتمانی كردوە كە ئاهەنگ بگێڕن بەبۆنەی ٢ی ئەیلولەوە، جەژنی نشتمانی كوماری ڤیتنامی دیموكراتی كە رۆژی سەربەخۆییەتی .

تاس

چوار هەواڵ

● **پیرۆ مافی پەنابەری سیاسی ئەدات بە جەنەڕال توریز** ●

حكومەتی پیرۆ داوای لە حكومەتی نوێی بولیڤیای راستڕەو كردوە كە رێگای خوان توریز بدات بولیڤیا بەجێ بهێڵێ . ئەدگار میركاردوی وەزیری دەرەوەی پیرۆ كەئەم هەواڵەی راگەیاندوە وتویەتی :

جەنەڕال توریز كە لە ئەنجامی هەڵگەڕانەوە كونەپەرستەكەی ئەم دوایی یە لەسەر حوكم الابرا لەگەڵ هەندی لایەنگیرانی پەنای بردۆتە بەر بالۆیزخانەی پیرۆو حكومەتی پیرۆش مافی پەنابەری سیاسی داونەتێ .

● **تاقمی پڵنگی رەش داوای روخاندنی حكومەتی دوژمن ئەكەن** ●

نزیكەی سێ هەزار لە جولەكەكانی رۆژهەلات كە بەتاقمی پڵنگی رەش ناسراون لە شاری قدسی داگیر كراودا خۆپێشاندانێكیان كردوە دژی ئەو جیاوازیە رەگەزایەتیەی لەلایەن جولەكەكانی روژئاواوە دەرهەقیان ئەكرێت . خۆپێشاندەران داوایان كردوە كە پنحاس سابیری وەزیری دارایی بێتو گوی بگرێ لە داواكاریەكەیان . لەلایەكی كەوە ئەم تاقمە لەناوجەرگەی قودسا كوبونەتەوەو سەركردەكەیان وتارێكی خوێندوتەوەو تییدا داوای كردوە كە حكومەتەكەی ئیستای ئیسرائیل دەست لەكار بكێشێتەوە ، ئەمەش بەیەكەم خۆپێشاندان ئەژمیرێت كەتائیستا لەئیسرائیلدا كراوە .

● **وەفدێكی چین سەر لەجەزائر ئەدات** ●

پێرێ وەفدیكی كوماری چینی میللی بە سەرۆكایەتی شین بوشای جێگری وەزیری ئاوەدان كردنەوە بەسەردانێكی رەسمی چووە بۆ جەزائر بۆ بەشدار بوون لەئاهەنگی كردنەوەی پێشانگای جەزائری دەوڵەتان . ئاژانسی دەنگو باسی چینی نوێ ئەڵێ : وەفدەكە چەند رۆژێك بە جەزائردا ئەمێنێتەوە .

● **محاكەمە كردنی تاقمێك لە لیبیا** ●

پێرێ لە لیبیا دەست كراوە بە محاكەمەكردنی چەند كەسێك بەتاوانی ئەوەی گوایە پار ویستویانە رژێمی فەرمان رەوای معمر قذافی هەڵگێڕنەوەو دەست بەسەر ئیستگەو سەربازگەكاندا بگرن .

شانزە دەوڵەت داوای وەرگرتنی كۆماری گەلی چین ئەكەن

پەكین : شینخوا :

ئەلبانیاو جەزائرو ١٦دەوڵەتی كە داواكاریەكیان پێشكەش بە نەتەوە یەكگرتوەكان كردوەو تییدا داوایان كردوە كە دان بە نوێنەری حكومەتی كۆماری چینی میللیدا بنرێت كەنوێنەری راستەقینەی چینە لە نەتەوە یەكگرتوەكانو ئەم داواكاریەش كە لە ١٥ی تەموزی ١٩٧١دا داویانە بە سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتوەكانو ئەڵێ :ـ پێویستە مافە رەواكانی چینی میللی لەنەتەوە یەكگرتوەكان بۆ كۆماری چین رەتبكرێتەوەو كوماری چینی میللی یەكێك بێ لە پێنج ئەندامە هەمیشەیەكەی ئەنجومەنی ئاسایشو دەركردنی تاقمی چانگ كای چیك لەو شوێنانەی لەنەتەوە یەكگرتوەكاندا زەوتی كردوە .

پارتی كۆمۆ نیستی ئەمریكا ..

چەند رۆژێك لەمەوبەر لیژنەی نشتمانی حزبی كومونیستی ئەمریكا بریارێكی دەركردوە دەربارەی بەشدار بوون لە هەڵبژاردنی سەروكایەتی كە لە ساڵی ١٩٧٢دا ئەكرێتو گیس هولی سكرتیری گشتی حزب بۆ ئەم جێگایە دانراوەو بۆ شوێنی جێگری سەرۆكی ئەمریكاش گارفیس تایزی سەرۆكی نشتمانی یەكێتی كرێكارانی لاوان لەپێناو رزگاریدا ، دانراوە .

ئەم هەواڵەش هنری ونستونی سەرۆكی نشتمانی حزبی كومونیست لەكونگرەیەكی رۆژنامەگەریدا لەنیویورك رایگەیاندوە .

تاس

دەست درێژی یەكی تری ئەمەریكا بۆسەر ڤێتنام

ووڵاتە یەكگرتوەكانی ـ ئەمریكا بۆجاری پەنجاو دووهەم دەست درێژی كردۆتە سەر خاكی ڤیتنامی دیموكراتیو بنكە سەربازیەكانی بوردومان كردوە .

هەفتەی رابوردوو سەر كردایەتی سەربازی ئەمریكا لە سایگون بڵاوی كردەوە كە فرۆكەكانی ئەمریكا بنكەكانی خاكی ڤێتنامی دیموكراتی لەنزیكی سنووری لاووس بۆردومان كردوە .

قسەكەرەكە دانی بەوەدا ناوە كە ئەم بۆردومانە بەهۆی توند بونی پەلامارەكانی شۆڕشگێڕەكانی ڤێتنامەوەبوە .

بڕوانەمان بە حكوومەتی نیكسۆن

دەزگای هارم راپۆرتێكی بڵاوكردۆتەوە ئەڵێ : بڵاوكردنەوەی راپۆرتە نهێنیەكانی تێوەگلانی ئەمریكا لە جەنگی ڤیتنامدا زیاتر بڕوای رای گشتی ئەمریكای بە سیاسەتی حكومەتی نیكسون كەم كردۆتەوە .

راپۆرتەكەی دەزگای هارم ئەڵێ : لەئەنجامی دەنگدانێكدا كەلەم دواییانەدا كراوەدەركەوتووە كە لە سەدا ٦٧ی لاوانی ئەمریكا بڕوایان بەسیاسەتی حكومەتی نیكسون نەماوە لەجەنگە ناڕەواكەیدا كەدژی گەلانی هیندی چین بەرپای كردوە . لەلایەكی كەوە ئاژانسی (تاس)ی سۆڤیەتی ئەڵێ :

نیوەی ئەوانەی لەم دەنگدانەدا بەشدار بوون لەوباوەڕەدان كەحكومەتی نیكسون راستیدەربارەی جەنگی ڤێتنام لەگەڵی ئەمریكاو رای گشتی ئەشارێتەوەو ئەو گەنجانەی كە تەمەنیان لەنیوان ١٨و ٢٠ ساڵانەدایە بەهیچ جۆریك باوەر بەقسەكانی حكومەتی ئەمریكا ناكەن .

ئا.د.ن ، ئا.د.ع.

سوپای رزگاری میللی ناوچەی زەفار

عەدەن ـ شینخوا :

ئەو بەیاننامەیەی بەرەی رزگاری میللی لەكەناری عەرەبی لە عەدەن بڵاوی كردۆتەوە ئەڵێت :

پیاوەكانی سوپای رزگاری میللی لەناوچەی (زەفار) ، لە٣ی وە بۆ هەشتی ئەم مانگە زیاتر لە٣٠ ئەفسەرو سەربازی هێزەكانی دوژمنیان كوشتوەو زیانێكی زۆریان لە هیزە بەكرێ گیراوەكانی بەریتانیاداوە .

و لە ٣ی ئەم مانگەداپیاوەكانی سوپای رزگاری میللی لەغەمێكیان لەژێر ئوتوموبیلیكی سەربازی دوژمندا تەقاندۆتەوەكە بۆتە هوی كوشتنی هەمووئەوانەی لە ئوتوموبێلەكەدا بون .

دوا پەلاماری شۆڕشگێڕەكانیش بۆ سەر هیزە بەكرێ گیراوەكان لە ٨ی ئابدا بوە لەنزیكی شیوی (مازوب) كەلەوپەلامارەدا ٢٨ ئەفسەروسەربازی بەكرێ گیراو كوژراون .

insititut kurde de paris

(ئاژانسەکانی هەندەرانی خەبەری ڕوخانی حکومەتی دوکتۆر مصدەقیان بەخۆشی یەوە بڵاوکردەوە ، ڕۆژنامەکانی ئینگلستانو ئەمریکاش گورانی دەوڵەتی ئێرانیان بەرێکەوتێکی باش داناو دڵخوشیان دەربری، لە تاران وا قاو بوو کە ئەحمەدقوام پێشنیاری داوە بەشا کە فەرمانی بڵاوپێ کردنی مجلسی نوێنەرانی بدرێت ، وە نیازی بوو حکوومەتێکی دکتاتوری و کونەپەرستی بەقازانجی بێگانەکان دابمەزرێنێ)

شەڕی نهێنی سیاو ئەنتلیجنت سێرڤس لەتاران

C.I.A X B.I.S

بێگانەکان لەو ڕۆژانەدا یەك لەدوای یەك دەچوونە لای قوام السلطنە ، نوکەرەکانی ئەمریکاو ئینگلیز لە ماڵی قوام السلطنە خەریکی جێبەجێ کردنی کاروبار بوون ، لێرەدا بەجێیە یادادشتەکانی ڕوژەکانی (٢٧ و ٢٨)ی پوشپەڕی (حسنی ئارسنجانی) سەرنج بدەین حسنی ئارسنجانی دەنوسێ:

(بەیانی چوومە ماڵی قوام السلطنە ، لەپێش خزمەتکەم پرسی : ئاغا خەوتووە یان نە؟

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

نووسینی : موکری

گوتی : سەعاتێك زیاترە دوکتور ئقبال لای تەختەکەی ئەو دانیشتووە ، گوتم ڕەنگە قسەیێکی تایبەتی بێت یا پەیامێکی هێنابێ .

دوکتۆر ئقبال مەنوچەهری ئقبالە کە ئێمە لەمەو بەدوای ئەم وتارەدا باسی ئەوە دەکەین کە نوکەرێکی سەر لەپێناوی ئەمریکایە ، ئقبال لەلایەن کێوە پەیامی هێنابوو ؟ ئەلبەتە لەلایەنی شاوە ، کە پەیامی ئەو لەگەڵ پەیامی سەفارەتی ئەمریکا فەرقی نەبوو .

ئارسنجانی دەنووسێ : (چەند دقیقە سەبرم کرد ، لەپاشان چوومە لای قوام السلطنە ، هێشتا لەناو جێگەدا بوو ، دەی گوت کەمی ناساغو نارەحەتە ـ قوام السلطنە لە تەختەکەی هاتە خوارێ کە بچێ دەموچاوی بشوا ، کورێك هاتەلای و بەسەر پێوە هەندێ سرتەی لەگەڵدا کرد ئەو کورەم دەناسی ، یەکێ بوو لە دەست پەروەردەکانی مورغ الدولە) . ئارسنجانی لە یادداشتەکانیدا لە پاشان دەنووسێ (قوام السلطنە گەراوە پرسیم چۆتە کام هودە . گوتیان یەکێکی لایە ، گوتم کێیە ؟ گوتیان مورغ الدولەیە . لەم کاتەدا دەرگای هودەکە کراوە ، دیتم مورغ الدولە قەڵەمێکی بەدەستەوەیە ، وە نوسراوێك دەخوێنێتەوە ، من نەچوومە ژوورەوە بە هیوای ئەوە کە مورغ الدولة کاری تەواو بێ وە بەتەنیایی بتوانم لەگەڵ قوام السلطنە قسەبکەم ، ڕویشتمو دوای ، چارەکە سەعاتێك هاتمەوە ، گوتیان ئێستا (مهید) لای قوام السلطنەیە . گوتم (مهید) کێیە ؟ گوتیان گویا لە سەفارەتی ئەمریکاوە پەیامی هێناوە ،وە لەمەو پێش قونسوڵی ئێران بووە لە (نیویورك) دیسان دوای چەند دقیقە هاتمەوە ، گوتیان کەسێك لای قوام السلطنەیە ، گوتم کێیە ؟ دەرکەوت ئەو کورە بوو کە بەیانی هاتبوو (ئەسەدی) گوتی ئەوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە پەیامی هێناوە ، گوتم ئەمە چ جورە مەبەستێکە کە ئەم پەیام هێنەری بێ ، گوتی نا .. پەیامی گرنگ دەهێنی) .

لە لابەلای ئەم دێڕانەی یادداشتەکانی ئارسنجانی دا شەڕی نهێنی سیاو ئەنتلجنت سێرڤس ، وە خۆفروشی پیاوە سیاسییەکانی تاقمی حاکمەی ئێران دەردەکەوێ . قسەی تێدانییەکە واسطەی ئێرانیەکانی نێوان ئەمریکاییەکانو قوام السلطنەو ئینگلیزەکانو قوام السلطنە ـ مأموری لقەکانی جاسوسی ئەمریکاو ئینگلیزن لە ئێران ـ ئارسنجانی ئیعتراف بەمەش دەکاو دەنووسێ : من ئەم پەیام هێنەرانە دەناسم ، دەزانم ئەمانەپیاو (جاکسون)ن. لەو یادداشتانەدا جگەلەوانەی کە گوتمان (ابو القاسم پناهی) و (مقتدر شفیعا) و (ئەحمەد پور)و هی دیکەش کە نوکەری بێگانەن ، ناویان هاتووە .

ڕۆژی ٢٧ پوشپەڕ پێش خزمەتی قوام السلطنە پاکەتێکی لاکو مورکراوی کە مارکی (ئەشرەف پەهلەوی) پێوە بووە دای بەقوام السلطنە ، ئەشرەفی پەهلەوی لە چوار لاپەرەدا بە دەستخەتی خۆی ئەوەی کە دەبوو قوام السلطنە لەپلەی هەوەڵی سەرەك وەزیرایەتی خۆیدا جێبەجێ بکات نووسیبووی، ئەشرەف پەهلەوی نووسیبووی لە بەیان نامەی دەوڵەتدا قسە لەمەسەلەی نەوتیش بکرێ کە دەبێ بەقازانجی ئینحصارەکانی خارجی جێبەجێ بکرێ .

ڕۆژی ٢٧ پوشپەڕ قوام السلطنە بەیان نامەیەکی توندوتیژی بڵاوکردەوەکە لەودا گوترا بوو : (.... بەهەموان رادەگەیەنم کە سەردەمی یاخی بوون بەسەرچووە ، وە ڕۆژی سەردانەواندن بو ئەمرو نەهی حکومەت هاتووتە پێشەوە ، گەشتیەوان سیاسەتی دیکەی بەدەستەوە گرتووە) .

بەیان نامەکە قسەی لە محاکەماتی گویا ئینقلابی بۆ تەرتو تونا کردنی خەلك دەکرد بەیان نامەی دەوڵەتی قوام السلطنە کە لە لایەن سەفارەت خانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە ئامادە کرابوو ، ڕە (شا) شپەسندی کردبوو ، مورغ الدولە نووسیبووی .

ڕۆژی ٢٨ پوشپەڕ (لوئی هندرسون) سەفیری ئەمریکا کە بەئاشکرا دەستی لەکاروباری وڵات وەردەدا ، چووە لای قوام السلطنە وە سەعاتێك بەنهێنی قسەیان کرد ، ئارسنجانی دەنووسێ :

چاوپێکەوتنێکی باش بوو ، هندرسون بەڵێنی دابوو کە دەوڵەتی ئەمریکا پولێکی باش بە خۆرایی کۆمەك دەکات تا کەموکوری بودجە چارەبکرێ .

ئەمەش دەست تێوەردانێکی بێشەرمی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە لەکاروباری ژوورەوەی وڵاتدا ، جگە لەو پیلانانەی کە بەدزییەوە جاسوسەکانی ئەمریکایی دەیان گێڕا سەفیری ئەمریکا بەئاشکرا وەعدی دەدا کە بۆ خوێناوی کردنی جولانەوەی دژی ئیمپریالیستی گەلەکانی وڵاتی ئێمە ، حازرە ملیونەها دوڵار بەخۆرایی بدات بەنوکەرە سەرلەپێناوەکانی خۆی .

هەڵسورانی فراوانی (سیا) کە بووبووە هۆی دەرچوونی فەرمانی (شا) بۆ سەرۆك وەزیرایەتی قوام السلطنە ، ئەنتلجنت سێرڤسی تۆرەکردبوو (مستر میدلتن) کارداری سەفارەتی بەریتانیا کە لەو وەختەدا هەموو کارێکی سەفارەتی ئینگلیزی بەدەست ئەوبوو نەچووە لای قوام السلطنە .

شەڕی نهێنی نێوان سیاو ئەنتلجنت سێرڤس درێژەی هەبوو ، هەر ئەو ڕۆژە خەبەر بە قوام دەدەن کە (میدلتن) بۆ ماسی گرتن چووتە راو . ئارسنجانی دەنووسێ :

(چوونی « میدلتن » بۆ ماسی گرتن منی داچڵەکاند ، گوتم نەچێ داوی ماسی بخاتە تارانو ماسیەکی گەورەتر بگرێ) .

مەبەستی نووسەر لەم دێرانە هەرچییەك بێ ، لەو یادداشتانە دەردەکەوێ کە سیاو ئەنتلجنت سێرڤس لەناوخۆیان بەنهێنی شەریان بوو لەسەر ئەوە کە لەرێگەی هێنانە سەرکاری نوکەرەکانی خۆیانەوە کانگاکانی نەوتی ئێران بگرنە دەست .

ماویەتی

بەرەو تێگەیشتنی دیموکراتی ی سەربازی بەشێوەیەکی چاکتر

شارهێزێکی ناشۆرشگێرە ، تاشۆرش لەشاخ دانەمەزرێ

بەرێز مامۆستا شالاو
هیوادارین ئەم خاڵانەی خوارەوە لەنووسینی داهاتووتا ڕەچاوبکەیت

- **ووشەکان گەورەتر بنوسرێت یەکجار ووردن**
- **ماوە لەنێوان ووشەکاندا بەجێ بێڵە**
- **دێر بەجێ بێلە**

(هاوکاری)

لەگۆڤاری « الهدف » ەوە ژمارە : (٩٥)ی ڕۆژی ١٠ـ٤ـ٩٧١ وەرگیراوە

نووسەر
پێشمەرگەی ج.ش.ت
ف « أبو همام »

وەرگێر : شالاو

٤ ـ هوشیاری سیاسی : بزوتنەوەی دیموکراتی

پێناگات تەنها لەژێر سێبەری هوشیاری سیاسی قوولدانە بێت ، پێش پراتیکی دیموکراتی سەربازی پێویستە دەست بکرێت بەهوشیارکردنەوەی سیاسی و پەروەردە کردنی ئایدیولوجیو بڵاوکردنەوەی هوشیاری چینایەتی . تاقی کردنەوەکانی پێشو لە سەر پراتیکی دیموکراتی پێش پرکردنی هوشیاری سیاسی تەواو دەریخست کە ئەبێتە هۆی پەرت کردنی یەکیەتی هێزە چەکدارەکانو چروك کردنی دیسیپلینو هاتنە خوارەوەی توانای شەرکردن . هوشیاری سیاسی مەرجێکی پیویست وبنچینەییە بۆئەوەی پێشمەرگەکان تێبگەن گیان بەخت کردن لەپێناوی جێبەجێ کردنی فرمانەکە شتێکی هەرزانە لەو کاتەدا ، چونکە جێبەجێ کردنیکی ئارەزووییە بۆ خزمەتی ئامانجی ناوکۆی وگفتو گۆکردنو وەرگرتنی ڕەئی لەم ڕووەوە هیچ ئامانجێکی تری نیە تەنها هاندانی جێبەجێ کردنی فەرمانەکە نەبێت . هوشیاری سیاسی دیارە بۆ سەرکردەکانیش پێویستە تاوەکو بزانن بونیان لەسەرکردایەتی ولێپرسراوێتی ئەوە ناگەینێ کەبونەتە خاوەن دەسەلاتێکی زۆرو جیاواز ، بەڵکو مانای ئەوەیە کەماندوترو خۆبەخت کەرتر ئەبن ، وپتر ئەرکی لێپرسراوێتی هەڵئەگرنو زیاتر خۆیان ڕائەگرن بۆ ڕەخنە « هەموو توشی نەبونی ئەبن ، هەر لە سەرکردەوە هەتا چێشت کەر جگە لەنان خواردنی وەك یەکی هەر یەکەیان ڕۆژانەی خۆی وەرئەگرێت . بۆیە لەم حاڵەتەدا پێشمەرگەکان هیچ فسکوهور ناکەن دژی کەس »(١٠) .

هوشیاری سیاسی شتێکی زۆر پیویستە بۆ ئەوەی بەباشی لەرەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن بگەین ، وە وادانراوە کە دەستاوێژێکە لە دەستاوێژەکانی دروست کردن نەك ڕوخاندن ، وئەبێت بەدڵێکی فراوانو دوور لەرق وگیانی تولەسەندن وەربگیرێت ، ووای تەماشا بکرێت کە دەستاوێژێکی بنچینەیییە بۆخستەڕووی توانای دروست کەرانەی جەماوەر ، وبەرزکردنەوەی هەستی لێپرسراوێتیان بەبێ سنور ، وجەماوەر هانبدرێ بۆ بەشداربون لەباس کردنی گیروگرفتەکانو ڕەخنەبگیرێ لەکەمترخەمییەکانی ڕوئەدەنو چارەیان بۆ بدۆزێتەوە بەجۆرێك پێکەوەلکانی سەرکردەو پێشمەرگەکان زیاتر بکات ، وەتوانای شەرکردنیان لەناودا بەرز بکاتەوە .ئەوی ڕاستبێت مارکسی ـ لینینییە هوشیارەکان ناترسن لە ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن ، وایسەیر ئەکەن کە دەستاوێژێکی گرنگە بۆ پشتگیری ڕیزەکانیان « بەشیکردنەوەی هەڵەکانی دوێنی ئەتوانین بزانین چۆن خۆمان لە هەڵەکانی ئیمروو سبەینی دوور ئەخەینەوە»(١١) و «پارتی پرۆلیتاری شۆرشگێر ئەوەندە بەهێزە کە بتوانی بەبێ ترس دان بە هەڵەکانیا بنیو ڕەخنە لەخۆیو نوختە بێ هێزەکانی بگرێت »(١٢) .

مەسەلەکانی سەربازیو سیاسی پەیوەندییەکی ئەوەندە پتەویان بەیەکەوە هەیە بەجۆرێك کە ناتواندرێت لێك جیابکرێتەوە ، بناغەی سەرەتاییە ـ سەربازی یە شۆرشگێرە پرۆلیتاریەکان لەسەر بناغەی سیاسەتە شۆرشگێرە پرۆلیتاریەکان دامەزراوە لەناو هەر ریکخستنێکدا ناتواندرێت پراتیکی دیموکراتی سەربازی بکرێت ئەگەر هوشیاری سیاسی شۆرشگێری پرۆلیتاری بڵاو نەبێتەوە لەناویا ئەمە ئەوەمان پێدوویات ئەکاتەوە کە دیموکراتی بڵاونابێتەوە لەهەر سێ مەیدانەکانی سیاسیو ئابوری وشەرِدا تەنهالەسەر بناغەی هوشیارکردنەوەی سیاسیو ئایدیولوجی نەبێت ئەویش هەوینەکەی هوشیاری چینایەتی یە هەر هەوڵدانێك بەسەر ئەم ڕاستییەدا بازبداتو پراتیکی دیموکراتی بکات پێش پربونی هوشیاری سیاسی بریتییە لە هەوڵدانیکی شەلو نەریتێکی خەسیوی ڕەگ براو .

٥ ـ دیموکراتیو دیسیپلین:

جاران لەناو هێزە چەکدارە کۆنەکاندا دیسیپلین ئالەتێکی بنچینەیی بو سنور دانان لەدرندایەتیو توندوتیژی سەبازەکانو گەرەنتی بو بۆ پیکەوەلکانی کەرتەکانی سوپا بەشێوەیەك وەکو ئالەتێکی وورد کار ئیشی ئەکرد بەپێ ژێرایەتی ئارەزویی یەك کەس بەبی ئەوەی سەربازەکان ڕەئی یەك یان بەشداری یەکیان هەبێت لەدانانی پیلانەکەوەرەئی باوی ئەو سائەوەبو کە پاراستنی دیسیپلین پێویستە لەسەر بناغەی توندوتیژیو ترساندنو سزادان دابمەزرێت . ئەم ڕەئیە لەچۆنایەتیو دوخی چینایەتی ناوکۆمەڵ وسوپا پەیدابووە ، وبۆ سەر دەمیکی

ماویەتی

کورتەهەواڵ

شوئان لای سەر لە یۆگۆسلاڤیا ئەدات

ڕۆژنامەی بوربا کە لە یۆگۆسلاڤیا دەرئەچێ نوسیویەتی ئەڵێ : وا چاوەڕوان ئەکرێت کە شو ئان لای سەرەك وەزیرانی کۆماری گەلی چین سەر لە یۆگۆسلاڤیا بدات .

ڕۆژنامەکە وتویەتی . یۆگۆسلاڤیا ئارەزوی پەیوەندیو هاوکاری ئەکات بەمەرجێ لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیو ڕێز لێ گرتنی یەکتری بێت .

محاکەمە کردنی ٢٦ کەس لە تورکیا

لە ئەستەمبولدا دەست کراوە بە محاکەمە کردنی ٢٦ کەس بەتۆمەتی ئەوەی لە مانگی ئایاری ڕابردوودا قونسلی گشتی ئیسرائیلیان ڕفاندوە . ئاژانسی دەنگو باسی ئەسۆشیتدپرێس ئەڵێ ، دادگا تومەتی ئەوەشی داوەتە پاڵ ئەم ٢٦ کەسە گوایە ویستویانە ڕژێمی فەرمان ڕەوای تورکیا هەڵگێڕنەوە . لەلایەکی کەشەوە داواکاری گشتی داوای کردوە لەم تاقمە ٩ پیاو ٤ ئافرەت لە سێدارە بدرێتو ئەوانی تریش لەساڵێکەوە بۆ ٢٠ ساڵ حوکم بدرێن .

کۆنگۆی میلل ئیشتراکی عیلمی ڕەچاو ئەکات

لە کۆبونەوەیەکدا کە بەبۆنەی بیرەوەری ٨ ساڵەی شۆڕشی ئابی ١٩٦٣وە بەستراوە ماریان نگوابی سەرەك کۆماری کۆنگۆی میلل (برازاڤیل) وتویەتی : گەلی کۆنگۆ بڕوای بەئیشتراکی عیلمی هەیە کە تاکە ڕێگایە زامنی ڕزگاری کردنی چەوساوان ئەکات لەژێر چنگی ئیمپریالیزمو دەست بەسەراگرتنو ئازاردانەدا گەلی کۆنگۆ ڕێگای ناسەرمایەداری هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی کۆنگۆیەکی گەشەکردوو بنیات بنێو زامنی ڕزگاری ئابوریو سیاسی گەلی کۆنگۆ بکات .

تاس . ئا.د.ع.

قوڵە ڕەشەکانو بزوتنەوەی توندوتیژی شۆرشگێرانە لە ئەمریکا

بەشی یەکەم :

ئاوڕیك بۆ دواوە

سەرەتا :

ئەو ڕاستیە دەمێکە سەلماوە، کە بزوتنەوە شۆڕشگێرەکانی جیهان ، کە بۆ سەربەخۆیی ومافی ڕەوای گەلەکانیان خەبات ئەکەن زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراون ، سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەك لەو بزوتنەوانە هاندەری ئەوانەی ترەو لە سەرکەوتنی تەواوی نزیك ئەکاتەوە ، چونکە کەوتنی هەر هێزێکی ئیمپریالزمیو ڕژێمێکی سەر بە ئیمپریالزم لە هەر شوێنێکی جیهان مانای تەنگ پێهەڵچنینی ئەو هێزەیە بەگشتیو نزیك کردنەوەیەتی لە کۆتای .

لەبەر ڕووناکی سەلماندنی ئەم ڕاستیەدا شارەزابونو پێناسینی بزوتنەوە ئازادی خوازەکانی گەلان بەیەکتر ، بۆتە پێویستیەکی گرنگ بۆ زیاتر پێکەوە بەستنی ئەو بزوتنەوانە کە ئەمە زامنی سەرکەوتنی زووتر بەسەر هێزەکانی دوژمن بە سەربەستیو ئازادی گەلان نزیك ئەکاتەوە .

ڕژێمی سەرمایەداری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی سنووری ئەمریکادا ، ڕوو بەڕووی لێدانی توندی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەو گەلانە بوە کە دەستی ناڕەوای بەسەردا گرتون لە وڵاتانی هندەی چینیدا لە ناوە وەش ، ڕوو بەڕووی بەرپابونی بزوتنەوەیەکی توندی شۆڕشگێڕانە بوە، کە سووتەمەنیەکەی قوڵە ڕەشەکانی ئەمریکایە ، جا گومان لەوەدانیە گرنگی ئەم بزوتنەوەیە لەوەدایە کە لە ناوەوەی ئەمریکادا تەنگی بە گەورەترین ڕژێمی سەرمایەداری دژ بەسەربەستیو ئامانجەکانی ئازادی گەلان هەڵچنیوەو ئەمەـ ڕێگا لە بەردەم ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەدا ئەکاتەوە کە هەمان مەبەست (سەربەستیو سەربەخۆیو ڕوخاندنی ڕژێمی ئیمپریالزم) دروشمیانەو دەرکەوتووە بە ڕوخاندنی هێزی ئیمپریالزمی ئەمریکا ئەو سەرکەوتنە زیاتر زامنو نزیك ئەبێت .

جا بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش (کە گەلەکەی پارچە پارچە بوی دەستی ئەو هێزە ئیمپریالزمەیەو بزوتنەوەکەی ئەمیش ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی بزوتنەوەی ئازادی خوای گەلانی (جیهان) بۆ ئەوەی لەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی (ئەو ئینسانە خوێن گەرمانە) شارەزابێ چۆن دەستی پێکرد ؟! بەرەو کوێ ئەڕوات ؟! ئەنجام چی ئەبێت ؟! ئەم لێکۆڵینەوە پێشکەش ئەکەین .

وەرگێر : بەهرە

نیکسۆنی درۆزن

کاتێ (ریتشارد نیکسۆن) سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای گرتە ئەستۆ ، باسی گیروگرفتی قوڵە ڕەشەکانی ئەمریکای کردو ووتی (هیچ مرۆڤێ ناتوانێت خۆی بە سەربەست بزانێت یان هەر سەربەست بێت ، لە کاتێکدا دراوسێکەی سەربەست نەبێت،جا بۆ ئەوەی بەراستی پێش بکەوین ،پێویستە پێکەوە پێش بکەوین ، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕەشو سپی ئەبێت وەك یەك نەتەوە پێکەوەبن نەك دوو نەتەوە) .

نووسەرێك سەبارەت بەم قسەیەی نیکسون ووتی (ئەوەی لە کوچەو بازاڕەکانی قوڵە ڕەشەکانی ئەمریکادا ڕوو ئەدات ، لە لەدایك بوونی نەتەوەیەك کەمتر نیە) .

لەسەر دەمی حوکمی نیکسوندا زۆر ڕووداوی خوێناوی قەوماوە ، ژمارەیەکی زۆر لە قوڵە ڕەشەکان بە هەمە جۆر بیرو باوەڕەوە ، لە خۆپیشاندانو دانیشتن لەسەر شەقامەکاندا بۆ ناڕەزایی دەربڕینو داواکردنی سەربەستیو ئاشتی لەسپیەکان بێزاربوون بەتایبەتی لەدوای کوشتنی (مارتن لۆثر کنگ) کە هەڵگری ئاڵای تێکۆشانی بەئاشتیانە بوو بەڵام بە نەمانی ئەم کابرایە ، سەردەمی ئەو تێکوشانە بەسەرچو ، وە سەردەمێکی نوێ لە دایك بو، کە تیایدا بۆ یەکەم جار لەووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا قوڵە ڕەشەکان ، هەڵوێستی خۆراستیان بە توندو تیژی نواندو ڕێگای بۆمباو گوللەو ڕوو بەڕوو بونی ڕاستەو خۆی دوژمنیان هەڵبژارد .

لێرەوە ، باسەرنجێکی دوێنێی دوور بدەین

جا بەسەرهاتی قوڵە ڕەشەکانی ئەمریکا بەسەر هاتێکی دوورو درێژەو ماوەی سەختی بریتیە لە چوار سەدەی ڕەبەق ، لەو کاتەوەی (جیهانی نوێ) لە دوورگەیەکی چوڵو هۆڵەوە گۆڕا بە مەڵبەندی کۆمەڵێکی دەوڵەمەندو لەوێشەوە بۆ کۆمەڵێکی پیشەسازی پێش کەوتو ، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی ببێتە قەڵای پیشەسازیو پارەو تەکنەلوجیا لەجیهاندا بەڵام لەگەڵ گۆڕانو پێشکەوتنی ئەم (کۆمەڵە گەورەیەدا) قوڵە ڕەشەکان لە بەندایەتی ڕاستەو خۆوە گۆڕان بۆ بەندایەتی بەردەوامو هەمیشەی تا گەیشتنە ئەو ڕادەیەی ئەو بیست ملیۆنەی بەزۆری زۆرداری لە مێژوو شارستانیەتی خۆیان دور خرانەوە ، وایان لێهات ناوی خۆشیان لەبیر بچێتەوەو ئاوارەو ون بو (لەناو ئەو کۆمەڵە گەورەیەدا) بژین چونکە بەنزمو لەدواپلەی کۆمەڵایەتیو ئابوریا حسابیان بۆ ئەکرا .

لەکوێوە هاتنو چۆن !؟

چوار سەدە لەمەو بەر قوڵە ڕەشەکانی ئەفریقیا گەیەنرانە ڕۆخەکانی ئەمریکاو ئەفرۆشران بەسپیەکان ، لەکاروباری زەویو زارا (کشتوکاڵ) وەك کۆیلەو لە ماڵەکاندا وەك خزمەتکار ئیشیان پێئەکرا ، ئەوسا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئاغاکانیاندا لە یاسادا بەم جۆرە دیاری کرا بو (ئاغا مافی تەواوی هەیە « کۆیلەکەی » بفرۆشێ یان ڕەهنی بکات یان قوماری لەسەر بکات ، کۆیلەش لەسەریەتی ملکەچ بێتو هیچ مافێکی هاتووچۆیی نیە بە فەرمانی ئاغاکەی نەبێت ، حەوتیان لەشوێنێکا پێکەوە کۆببنەوە ، بە لە یاسا دەرچو ئەدرێنە قەڵەم مافی ئەوەیان نیە لەهیچ دادگایەکا شاهیدی بدەن لەسەر کۆینەی وەکو خۆیان نەبێت).

ئەم کۆیلە ڕەشانە بەزۆر لە

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

ئەدەب و ژیان

گۆرانی ی یاخی ی ژمارە ؟!..

ئەنوەر قادر جاف

-١-

گیانم ، خۆمم
گوم کرد لە خەمی شەوێکا..
لە وڕێنەی
هەڵبزرکاوی خەوێکا ..
هەزار وشەی - بێ سەرو شوێن -
لە سینەدا بووبوو بەگڕ ..
بووبوو بە خوێن
خۆمو وشەکانم گوم بووین
لە قووڵایی :
دەریای تەمەنی ئازارا ..
خنکاین .. تیا چووین..
ئەو وشانەی ، لە ئاگرا
لە ژووری تاریکی شیعرا
مەلە ئەکەن ، لە یەك ئەدەن
گڕ لە یەکتری بەرئەدەن
ئەیانەوێ ،
پەی بە هەوری مردن ببەن
لەو (سێدارە) دانراوەو..
لە تەلیسمی ژیان بگەن !!
ئەو وشانەی ،
هەزارو یەك مەشخەڵ ئەنێنە چاوی شەو
بۆ رۆژی نەو ..
بۆ بەهەشتی خۆشەویستی ، چاو پڕ لە خەو
ئەکشێن بۆ ناخ ، پڕ بۆسۆو خوێن
هەر ئەسووتان ، - بێسەرو شوێن - ..
تاکوو لە پڕ - دەلاقەیەك-
وەکوو زامی پێشمەرگەیەك
وەك خۆر لەسەر
سنگی لاشەی سووتاوی شار
دەرکەوت لە دوای هەزارەها نووکە نەشتەر
لێی ئەتکا - تۆڵەو ئازار -
بەبێ ئەوەی خۆم بزانم
روانیم کە دڵۆپێ خوێنم
لەو زامەدا .. لەو زامەدا
لە گڕی ئەو تروسکەدا
خۆم ، وشەمم ، دۆزیەوە
لەو دەلاقەو لە فرمێسکی ناوچەوانی
سوورو شینی
رەشو رووتەکانا ، ئازاری خۆم بینی
لە قەقنەسی گۆڕستانی ،
ئێسکی رەشی سووتێنراوا
لەناو لاشەی سەر بڕاوا
لە ژیلەمۆی ئاگردانی
هەزار چاوی هەڵکوڵراوا
وێنەی گوم بووی خۆمو ئێوەم
دۆزیەوە .. هاورێکانم !
بەبێ ئەوەی خۆم بزانم
منیش سروودەکەی ئێوەم
ئەوتەوە .. هاورێکانم
هاوارم کرد ، .. چریکانم..
منیش - یاخیم -
دەنگی منیش لە سروودەکەی ئێوەدا
نرکەیەکە ..
لە خەمو بڕوای نەبەزیوی ئێوەدا
کڵپەیەکە ..

-٢-

تاکەی ئیتر هەر ئاوا بین؟!
بێین و بچین وەك شەوورۆژ
مل بنێین و بڕوێن ،..لۆژ .. لۆژ
بەبێ ئەوەی هیچ تێ بگەین
بۆچی ئەشێین و چی ئەکەین ؟
بەبێ ئەوەی ..
بۆ هەنگاوێکی گورج و گۆڵ ، لووتی پێمان
دابێتەوە ..
بەبێ ئەوەی ..
بۆ جەنگەڵی پڕ دڕکوداڵی سەر رێمان
رق و خەمو ئەشکەنجەمان
بروسکەیەك ..
ئاگرێکی تووڕەی یاخی بنێتەوە ..!!

-٣-

تاکەی ئیتر یاخی نەبم ؟!
هازارەها دەروونی پیس، - گیانی چڵکن -
بوونەتە کۆتی گەردنم

بڕوانە : ل ٧

هۆنراوەی ئازاد

کوردستان موکریانی

لە ژمارە - ٢٥ - و - ٢٦ - ی رۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستدا کاك (عەزیز گەردی) لەژێر ناوی هۆنراوەی کوردی و عەروزی عەرەبی - رەخنەوە لێکۆڵینەوەدا دەربارەی ئەو پێشەکی یەی کە لە نێو دیوانی دڵداردا نووسیبووم ، رەخنەی لێ گرتووم و بەم هۆیەوە لە هۆنراوەی ئازادیش کۆڵیوەتەوە.

کاکە گەردی :

هۆنراوەی ئازاد ، ئەو هۆنراوەیە نیە وەکوو تۆو هەندێك کەس وای تێ گەیشتون وە یا هەوڵ دەدەن وای پیشان بدەن کەوا لە سەرواو کێش و ئاواز بێ بەری یە .. نەخێر ، ئەمە هۆنراوە نی یە ..

هۆنراوەی ئازادیش دەربەستی هەندێ کۆت و بەندو زنجیرە . بەڵام ئەوەندە هەیە پەیڕەوی کردنی ئەم کۆتانە وەکوو لە هۆنراوەی کۆندا بوو بەم رادەیە لە نێو هۆنراوەی ئازاددا نیە .

ئەو سەربەخۆیی و ئازادی یەی لە هۆنراوەی ئازاددا لە باری سەرواو کێش و ئاوازدا .. هەیەو پەیدا بووە .. پێویستی ژیان هێنایە کایەوەو پەیدای کرد .

هۆنراوەی ئازاد زۆر کەس بە تنۆکێك رۆنی دەچوێنن کە لەسەر گۆمێك ئاودا پەرت و بڵاو دەبێتەوەو زۆر دەبێ هەتا سەری گۆمەکە هەمووی داگیر دەکا .

گەر ئارەزوو بکەن و نەکەن .. ئەوا هۆنراوەی ئازاد داهات و پەیدا بوو پەخش و بڵاوبۆوە .. بەڵام کاکی برا ئەو باسەی کە دەربارەی بە هەڵە ناوناوی (الشعر الحر) لە نێو هۆنراوەی عەرەبیدا بۆ منی باس دەکەی .. بە من چی ؟. چ پەیوەندیەکی بە منەوە هەیە .. هەتا لەم بارەوە رەخنە لە من بگرێ .

کاکە : من نە خاتوو (نازك الملائكة)و نە بەهەشتی (بدر شاكر السياب)م کە لە بنچینەو بنەڕەتی هۆنراوەی ئازادیان لە نێو وێژەی عەرەبیدا دارشتووە .. هەر وا من نە ئەم جۆرە هۆنراوەیەم ئەوسا لە وێژەی عەرەبیدا داڕشتووە .. وە نە ناوی (الشعر الحر)م لەم چەشنە هۆنراوەیە ناوە . نازانم بۆ لەبەر ناوناوی (الشعر الحر) لە وێژەی عەرەبیدا رەخنە لە من دەگری .. تێ ناگەم لەبەرچی بەهۆی منەوە باسی ئەم بابەتە کە لەم شوێنەدا گەلێ بێ جێیە بۆ دەکەن ..؟.

کاکە ! جا ئەگەر دکتۆر (محمد النويهى)و جەنابی ئێوە بڵێن و نەڵێن .. حەز بکەن و نەکەن ، وا ناوی (الشعر الحر) لە نێو نەوەی ئەمڕۆدا بڵاوبۆوەو ناوەکەی چەسپاوەو جێگای خۆی گرت .. ئەو هۆنەرانەی ئەمڕۆ هۆنراوەی ئازاد دەهۆننەوە تازە هەرگیز دەست لە هۆنینەوەی هەڵناگرن .. چونکە ئەمڕۆ چەرخی راپەڕین و شۆڕشە .. پچڕانی کۆت و بەندو زنجیرە.. رزگاری یە لە دیلیەتی .. رۆژی ئازادی و سەربەستی یە .. کەواتە ئەم هۆنراوە ئازادەی نهۆ بە دی دەکرێ ناوەکەی پڕ بەخۆیەتی چونکە ئاوێنەی راستەقینەی ئەم سەردەم و چەرخەیە .

دەربارەی ناونانی (هۆنراوەی ئازاد) لە وێژەی کوردیدا ، ئەم ناوەش من لێم نەناوە . بەڵکوو کاتێ خوێندکارێکی بەشی کوردی بووم و بۆ یەکەمین جار بە زمانی شیرێنی کوردی وانەم خوێند . مامۆستایانم ئەو مامۆستایانەی بە چەشنی شارەزای زمان و وێژەی کوردین کە دەتوانم بڵێم لە نیویدا تواونەتەوە .. بەڵێ لەوان ناوی هۆنراوەی ئازاد فێر بووم و ئیتر ئەم ناوە لە نێو مێشکمدا نەخشا .. نووسرا .. چەسپا .. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم بە راستی ئەم ناوە هەیە بۆ ئەم چەشنە هۆنراوانە .. بۆیە ئیتر ناتوانم بەکاری نەهێنم .

کاك عەزیز گەردی !...

دوای لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر دەربارەی هۆنراوەی - خەندەکەی بایی - ی دڵداری نەمر گەیشتۆتە ئەم چەمکە :

(کەواتە ئەم هۆنراوە بەرزەی دڵدار هەم خاوەن سەروایەکی دیارو دەست نیشان کراوەو هەم لەسەر عەرووزی عەرەبیش ئەڕوا بە حوکمی لەسەر عەرووز رویشتنیشی ئاوازێکی زۆر رێکی لێ هەڵئەسێ) .

کاکە ! هەروەکوو لەسەرەتای ئەم باسەدا روونم کردەوە هۆنراوەی ئازاد وەنەبێ بێ سەروا بێ ... سەروا دارە .. بەڵام هۆنراوەی کۆن نیە .. بە درێژی کێشانی پارچە هۆنراوەکە لە سەر یەك سەروا ناڕوا .. بۆیە وتوومە لەسەروا دوور کەوتۆتەوە مەبەستم لەوەیە کەوا لەسەر یەك سەروا ناڕواو خۆشت ئەوەت لێکداوەتەوەو دان بەوەدا دەنێی .

فەرمووتە (ئەم پارچە هۆنراوەیە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی دەڕوا .. بە حوکمی لەسەر عەرووز رۆیشتنی ئاوازێکی زۆر رێکی لێ هەڵئەسێ) .

برا !.. نەك تۆ کە لە گێتی رەخنەو لێکۆڵینەوەی وێژەی کوردیدا شارەزاو زانایەکی بێهاوتای.. بەڵکوو ساکارترین کەس بەمەرجێ گوێی مۆسیقی و چەشەی وێژەیی هەبێ .. ئەم پارچە هۆنراوەیەی دڵداری نەمر بخوێنێتەوە یا گوێی لێ بگرێ .. یەکسەر هەست بەوە دەکا سازەکانی ئەم پارچە هۆنراوەیە لەسەر یەك ئاهەنگ نەرۆیشتوون بەڵکوو گۆڕانێکی تێدا هەست پێ دەکا .. گۆڕانی ئاهەنگ بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئاوازەکەی یەك ئاواز نیە ، بە واتا رێك نیە . لێرەدا کێشی عەرووزی عەرەبی ئەو کێشەیەی کە لە هۆنراوەی کوردیدا بە زۆری بەدی دەکرا لەم دەقەدا بەدی ناکرێ و دڵدار رێچکەی کۆنی لەدەستداوە.. ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی پارچە هۆنراوەی ناوبراوی دڵداری نەمر ناوی ئازادی بەسەردا بچەسپێ .

سێ بەند لە یاسای سروشتی ئادەمیزاد

محمد رشید فتاح

یەندی یەکەم - چەخماخە -

دڵۆپی ئەسرین وەك یاقووت بە گۆنای بلوورینی یەوە بەند بووبوو هۆن .. هۆن سینەی سافی بێ گەردی بەفرینیشی پاراو ئەکرد ، گۆمی مەنگی شێنی ئاسمان بە پەڵە هەورێکی ڕەشی ناوەخت هاتبووە ئەسرین رشتن .. وەك خۆی لە دووچاوی ئەوا بنوێنێ ، تاڵەزیوینی یەکانی تیشکی ڕۆژ ناو بەناو چەشنی تەوقە بە پەرچەمی خورمایی یەوە گیر ئەبوون ، ئەت ووت جوانی سروشت لە جوانی ئەوا تواوەتەوە .. مناڵە کەی ناو کۆڵانەکە لە خۆشی و جوانی سروشت هەڵپەڕو داپەڕێکیان بوو بە هەر چوار پەل سەمایان ئەکردو قاوقیژێکیان دەست پێ کردبوو ئەت ووت ستایشی دایکەلەی سروشتیان ئەکەن بەوەی وا بە دڵی ئەوان خۆی ڕازاندۆتەوە ..

● گورگە زێ یە.. زێ یە.. زێ یە ..

بەڵام سروشتی ئادەمیزاد دەستی ئەنا بە ڕووی جوانی سروشتاو .. لە پارچە جەرگی خۆی بێ دڵی ئەکرد :

● بێ دەنگ بن .. هەتیو سەرتان هەڵ ئەکەنم ..

● گوناهیان

● لەسەریان هەڵمەدەرێ.. مناڵی من نین .. بیان بە بۆ تۆ .. دەی ملتان بشکێنن !.

● هەروا زوو لەبەر چاوت ڕەش بووین ..

پەڵە هەورە ڕەشەکە چەخماخەیەکی کت و پڕی لێ هەستاو گرمەیەکی کرد .. مناڵەکان داچڵەکین .. کەمێك بێ دەنگی کردن . سروشتی ئادەمیزادیش کەوتە چەخماخە وەشاندن ..

● سەد جارم ووت .. تۆ کەڵکی ئەمڕۆی ژیانی منت پێوە نیە .. لە کۆڵم بیتەوە باشترە .. ئەگینا .

● ئەگینا چی ؟!

● ئەگینا ئەت کوژم ..

● لەسەر چی ؟ خراپەم.. گوناهم ..

● بە هەوەس .. بە ئارەزوو .. ئەتوانم هەزاری وەك تۆ لەناوبەرم .. ئەی گوایە ئەو هەموو چەکانە نابینی لەبەر چاوت ..

● ئەهە.. تا دوێنێ بوو.. دەستت ماچ ئەکرد .. ئەمڕۆش لە پای هیچ بوویتە شت و خەڵك ئەکوژی ..لەسەر حسابێ ئەو خەڵکە ساویلکەو ڕەش و ڕووتەی بەناو مافت بۆ ئەسەندن !!.. هەمدیس هەمان سروشتی خۆ لێ گۆڕاو کەوتەوە گرمە گرم و ناڵە ناڵ ..

● ئاخری ئەتکوژم .. بەسە دەم درێژی .. مل بشکێنە .. بڕۆ .. بڕۆ .. دەی لەبەر چاوم وون بە ..

● ئەوا ڕۆیشتم .. ئەوا ملم شکان .. هیوادارم .. ڕۆژێك بێت لەناوت بەرن .. تۆڵەت لێ بسێنن .. ئەوانەی .. بەسەریانەوە خۆت با ئەدەیت و .. بە خۆڕایی ئەیان ڕووتێنیتەوەو ..

.. .. .. !!

● بابە .. بابە ..!!

بەندی دووەم - گوڵەباخ -

بولبولی شێت و شەیدا لە ڕۆژانی بەهاردا .. تا ماندوو ئەبێت لە سەودای عەشقا بە ڕووی گوڵەباخدا هەڵ ئەدات ، پەپوولەی باڵ نەخشین وەك پەروانە بێ ئارام لەتاو جوانی تیشکی ڕووناکی خول ئەخوات .. چاو بەندی خوای جوانی یە .. دەروون پڕ لە گڕو تاسەیە بۆ ڕووی خۆشەویست .. هەناو لە چۆکدایە سەر لە ڕێدایە .. ووتە لە بەڵێندایە .. بیرو هۆش لە گفت و ڕازی بووندایە ..

● بە ڕاست منت خۆش ئەوێ ؟!.

بە کڕنوشەوە سروشتی ئادەمیزاد پەرۆشی وەڵامی ئەم پرسیارە بوو ..

● بێ گومان بە .. زۆریش تۆم خۆش ئەوێ ..

● ئاخر ..

● ئاخر چی .. هەژاری.. دەستت ناڕوا ..گوێ مەدەرێ من ئەت ژیەنم ..

سروشتی ئادەمیزاد لە تەریقیا سەری داخست و .. قەیرێك بێ دەنگ بوو .. وەك باوەڕی بەم ووتە شیرینانە نەبێت .. تا سروشتی ئەو هێنایەوە سەرخۆی :-

● خۆشەویستی ڕاست جیاوازی لە میانەی هەژاری و دەوڵەمەندی دا ناکات ..

زیاتر هەنگوینی ئەسوو بە دڵ و مێشکی ئەو سروشتە بێ ڕووەدا ..

● لەسەر ئەو بیرە لاچۆ.. پشت بە من ببەستە .. نایەڵم بێ پارە بیت .. دەستت ئەگرم ..

● باوەڕ ناکەم .. تۆ بڵێی گەورەترین لە خۆ بوردن بێت ؟!.

● بەڵێ گەورەترین لە خۆبووردن و ڕاسترین پەیمانە. هەمان سروشتی شەیدا باوەشی بۆ گرتەوەو پڕی پیا کردو .. نووساندی بە خۆیەوەو .. زمانی بە لە دایك بوونی گەورەترین لە خۆبوردن و جوانترین پەیمان پژا :

● گوڵەباخی .. گوڵەباخی ڕاسیت .. خۆشەویستی ڕاستەقینەمیت .. بریار بێ تا دواهەناسەم بت پەرستم .. لەبیرت نەکەم .

بەندی سێیەم - دۆزەخ -

ئاگری دۆزەخ نیڵەنیڵ کلپە ئەستێنێ .. ڕۆژی هەزاران تاوانبار بە پشکۆ زلەکانیا ئەچزێن و داخ ئەبن و ئەبرژین. ئەوانەش لە ڕۆخەوە چاوەڕانن ..بەو دیمەنە ئەتۆقن و لەهۆش خۆیان ئەچن و پەنجەی پەشیمانی ئەگەزن و ، کاڵەك بە ئەژنۆ ئەشکێنن ..

سروشتی ئادەمیزاد لە ڕۆخی دۆزەخا دەست بەرداری هەموو پەیمانێك بوو :

● چارم ناچارە .. کە بەجێت بێڵم .. شەڕی ژیان و مردنە .. ئەبێ بەشداربم تیایا ..

● چاوەڕێت ئەکەم .. تا مردن .. لەسەر پەیمانی خۆمم ..

پێی نا بە دڵی خۆی داو پەیمانی سەرلەنوێ تازە کردەوە :

● چاوەڕوان بکە .. تا شتێکیشت بۆ بێنم ..

● ئادەی خێرا .. با دوا نەکەوم ..

یاسای سروشتی ئادەمیزاد پشکۆیەکی دەست دایەو چزاندی بە بن دەستیاو .. بڕیاری خنکاندنی داو لە کونجی لە بیرچوونەوەدا کەوتە سزادانی .. بەوەی هەرچی خایەو مایەی هەبوو لە بنی هێناو جێ هێشت ..

بڕوانە : ل ٦

دوو پارچە هۆنراوەی شاعیری شەهید لۆرکا

١ - ئەم ئەمووستیلەیە ،بهاوێژە ناو .. ئاو ..
پەنجەی سێبەرەکە لە پشتماچەقیوە ..
ئەم ئەمووستیلەیە ...بهاوێژە ..
تەمەنم لە سەد ساڵی کپ ..تێپەر بوو ..
هیچم لێ مەپرسە ..
ئەم ئەمووستیلەیە ...بهاوێژە ناو ... ئاو .

◉ ◉ ◉

٢ - بۆ کوێ ئەرۆی ...ئەی ئاو ..؟!
من ... دەم بە پێکەنین ..
ئەرۆم بەرەو کەناری دەریا.!
بۆ کوێ ئەرۆی ... ئەی دەریا ..؟!
من ... لە سەرکەوتنما ..
ئەگەرێم بە دوای سەرچاوەکەم ..
بۆ ئەوەی بحەسێمەوە ..
تۆش .. ئەی درەختی« چنار » .. چی ئەکەیت ؟
من .. نامەوێ هیچت پێ بڵێم ..،
لە لەرزین بەولاوە .. چی ترم پێ ناکرێ ..
ئاواتەکانم بهاوێمە ...کوێ ..؟
رووبار .. یا .. دەریا ..؟
چوار چۆلەکە ... بێ مەبەست ..
لەسەر چنارە بەرزەکەدا ..
هەڵنیشتوون .!!

گۆررینی : هیوا سەرهەنگ

پاشماوەی : لەگەڵ نیهات یوسفی

نێرە ، تویێ دبێژی بدوشە .. ئەزدێ ڤی نمونەی نیشا تە دەم دا تو بزانی چەوا پشتگیریا مە دکەن ..

روژەکێ ئەز چوومە (لاوان) ، وانژی زانی ئەزێ هاتیمە چ .. هەر ژ پێرڤە گوتە من هەرە (شەهرەبانێ) کو یانێزیکی (بەعقوبە)یە لوێرێ ئاهنگەك یا هەی ، من گوتێ دێ بلا ، بەلێ ما ئەز دێ بتنێ چمە ئاهەنگی ؟ گوت : پا هەتا نوکە تو یێ بتنێی...!! ڤێجا ما ژڤێ بێڤەتر دێ چ بێژنە من !!؟

بڤێ چەندێ مە ئەڤ لاوێ زیرەك هێلا لناڤ سازو ئاوازێن تەمبیورا زێرین .. دیارە هوسا کەروان ناگەهیتە مرادێ ، دیارە هەکە دەستێن یێن وەکی (نیهات)ی نەگرین و هاریکاریا وان نەکەین و پشتگیرێت وان نەبین ، ئەوژی ساڵەکێ دووا .. سێ یا .. دێ دڵشکەستی و دڵبریندار بن و نەشێن پەیاما خویا پیروز دخزمەتا ئاوازێن کوردیدا سەرکەفتی بگەهینن خوزی من دیتی ئەم خودان .. خودان ..

پەخشانی نوێ

لە پێناوتا

- سامی شۆڕش -

گیانە ..
ئەی ئەو شۆخەی لەپێخەفی
برژانگەکانتا ،
گیانی ماندووم .. پشوو ئەدا ..
شەونمە گەرمەکانی سەرپەڕەی گوڵی کوڵمەکانت
بە شنەی زەردەخەنە ..
وشکیان کەرەوە ..
سەر بنێ سەر سنگی پەموویینی فریشتەی خەو ..
بیر لەوە نەکەیتەوە ..
گوایە .. لە زستانی زیندانا ..
کام باوەشی گەرم ئەملاوێنێتەوە ؟
یا .. لە شەستەی بارانی گوللەو بارووتا ..
کام سنگی پتەو ئەبێتە قەڵغانم ؟
نا .. گیانە .. نا ..
بۆ دوارۆژم . چاو نەخرێتە گۆمی گریان ..
لە سایەی گلێنە کزەکانتەوەیە
سواری کێو بووم ..

مێخی رێگەی تاریك و تەنگ ئەهاڕم .!
هەتا .. سەرلەنوێ ..لە ئاسمانەکەمانا ..
بکەونەوە سەما ..
لە سایەی لێوەکانتەوەیە..
لوولەی تفەنگی ئاگرپژێنم
کردۆتە ئەشکەوت
هەتا .. هەر مژێکی ..تەمەنێکی لاویم پێ ببەخشێ !
لە سایەی تۆوەیە
دەریای ئارەقەی شین ..شەق ئەکەم
هەتا .. هەتا هەتایی بۆمن بیت !

ئای .. خۆزگە ئەو تەزووەی لە گیانمایە ..
تۆزقاڵێکی لە گیانی تۆدائەبوو ..
تا .. بتزانیایە ..
ئاسن .. چ مۆمێکی نەرمە
لە بەردەم ئاگری بیروباوەڕدا !

◉ ◉ ◉

باوەڕت بێ .. ئارامی دڵ
بەیداخی سەرکەوتن لەسنگما ئەچەقێنم ..
جا .. ئەگەڕێمەوە بۆت..
چونکە ئەو سروودەی لەهەگبەکەمایە
گیانی نەمری کوردستانە..
ئاوازەکەی بزەی تێکەڵ بە خوێنەوە بووی
شەهیدێکی بیروباوەڕە .
دڵنیاش بە .. نابەزم ..
هەتا لە خەرمانەی خۆرا
چەپکە تیشکێکی گەشت بۆ نەهێنم !..

institut kurde de paris

ژمارە : ٣٠
٢٨ی ئابی ١٩٧١

ئاهەنگی بیرەوەریی «٢٥» ساڵەی دامەزراندنی پارتی لە شاری هەڵەبجە وقوربانی

شاری سلێمانی ، شاری هەڵەبجەو قوربانی ، شاری خەبات و تێکۆشان شاری شەهیدانی حوزەیران ، بەگەرمی یەوە پێشوازی بیرەوەری ١٦ی ئابی مەزنیان کرد ، ئەو رۆژە مێژووییەی کە لەپێش چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر تیایا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا . پارتیو رێکخراوە پێشەیی و کوردستانیەکان وەخەڵکی شار کەوتنە ئاهەنگ گێڕان لە هەموو کونج وقوژبنێکی شارەکەمان ، کۆڕی هەڵپەرکێو زەماوەند لە گەڕەکەکاندا هەر لە ئێوارەی ١٥ی مانگەوە گەرم کرا بوو تاوەکو ئێوارەی ١٦ی لە سەرچنار ئاهەنگی گەورە کرا بەئامادە بوونی ئەندامە سەرکردەیەکانی پارتی و رێکخراوەکان و لێپرسراوانی میری و سەدان میوانی شارەکانی تر لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر . لەکات ژمێری شەش و نیودا ئاهەنگەکە کرایەوە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان بەکۆتایی سروودی (سلاوت لە پارتی) پێشکەش کرا ، ئینجا ووتاری لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان خوێندرایەوە لەلایەن کاك عبدالقادر جەبارەوە ، ئەمەش تەواوی ووتارەکەیە :

بەناوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گەرم ترین پیرۆزبایتان پێشکەش ئەکەین بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتیمان . میوانە بەڕێزەکان:

ئەو میللەتانی سەرزەمینەوە، واتە تێکۆشانی بێوچانی پارتیمان لەپێناوی بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی لەکوردستانی عێراقدا بەشێکە لەیەکێتی نیشتمانی عێراقیدا خەباتێکی ئاڕاستە کراوی گونجاوە لەگەڵ هۆی دامەزراندنی پارتی ودەوری پێشڕەوی لەبزووتنەوەی کوردایەتی ڕاستەقینەدا کەلەم پلەی تێکۆشانی نەتەوەی کورد گەیشتنە بەئۆتۆنۆمی بۆکوردستان وەگەشە پێکردنو خەملاندنو ڕەگ داکوتانێتی لەزاخۆ وە تا خانەقین سەرەڕای ئەوەی بەشداربوونی پارتیمان لەگەڵ پارتی بەعسی سۆشیالستی هاوپەیمان بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەو ئابووریو کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراق چونکە هەردوو پارتی ڕابەری هەردوو بزووتنەوەی نەتەوایەتی میللەتەکەیانن کەکیانی سیاسی عێراقی لەهەردوو بەرەکەدا هەڵوێستی نەتەوەیی مەزنی کوردو عەرەب پێك هاتووە وە ئەبێ پارتی بەعسی سۆشیالیست ئەگەر بیەوێت بەردەوام بێت لەچەسپاندنی بیروڕای لەعێراقو لەوڵاتەکانی عەرەبیدا ئەبێ بەهەموو توانای هەوڵ بدات بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی لەنێوان هەردوو

بڕیاری گرنگی کۆنگرەی یەکەمی پارتیمان

بێگومان ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ وەك ئاڕێکەوتنە مێژوویی یەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧١ ئەم ڕاستیەمان بۆمیللەتی کورد بەگشتی وەبۆ سەرکردایەتی پارتیمان وەهێزە سیاسیە دیموکراتیەکانی عێراقیو عالەمی بەتایبەتی ڕوونتر بوونەوە ناشکرابوو، چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی بەگشتیو شۆڕشی کوردستانی عێراق بەڕابەرایەتی پارتیمان بەسەرۆکایەتی بارزانی بەتایبەتی سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا .

بێگومان ئەم سەرکەوتنە عەقڵیەکە لە سەرکەوتنەکانی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانی نەتەوایەتیو ئایینی ، هەروەها عەقڵیەتە کە لەزنجیرە سەرکەوتنەکانی میللەتانی سەرزەمین بەرەو گەیشتن بەمافی چارەنووسی خۆیان کە ئەمڕۆ بەمافێکی دان پیاهێنراو دائەنرێت لەلایەن



کات) زیاتر لە(١٠) باخەوانیش لەسەر حیسابی ئەم باخچەیە ئەژین ، بەڵکوو بۆتە جەنگەستانو چرەیەك ئەوسەری دیار نەبێ .. خۆ گڵۆپەکانی لە (١٠) دانەی یەکێکیان بە هەزار حاڵ دائەگیرسێت ئەویش بە پرتە پرتێکی کزەڵانەوە .

ئەم باخچەیە جوار دەرگای گەورەی تێدایە ، لە یەك دەرگا زیاتریان ناکرێتەوە .. وا دیارە نهینییەکی گەورەی لە دواوە بێت .. یان شتێکی وا لە ئارادا بێت کە ئێمەوەمانان نەیزانین .. سەرەڕای هەموو ئەمکەمتەرخەمییە لەم دووایەیەدا پیسایی و ئاوی زێرابی مالانیان کردۆتە سەر .. لە هەمووی سەیرتر حەوزێکی تێدا نیە ، تەنانەت کوبەیەکیش هیچ نەبێ بو ئاو خواردنەوە .

خۆزگە تەنیا جارێك لێپرسراوێك هەر بەڕێکەوت بەوێدا تێپەڕ ببوایە تا چاك

بەڕێوەبەری دەزگای ترانسپۆرت لە هەوڵێر بۆ «هاوکاری» ئەدوێ

یارمەتیمان بدەن لەم ڕووەوە .. ئەوەی شایانی تێبینی ئەم چەند « فایلی معاملاتی » کرینی پاس بکەن کەچەند زۆرە !! بەڵام چار چیە ؟!

پرسیار : باشە بۆچی هێلی پاسەکان ئەوەندە درووو درێژن؟ بێگومان ئەمەش ماوەی گەیشتنی پاسەکان بە ئیستگەی کوتایی زۆر دەکێشێ هۆی چیەو چۆن چاری دەکرێ ؟

وەڵام :

دووروو درێژی هێلی پاسەکانمان هوی کەمی پاسە وەکو لە سەرەوە باسم کرد .. لەم ڕۆژانە لێژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوەی باری هێلی پاسەکان ، بێگومان بەپێی تووانا ئەم لێژنە هەول ئەدت چارێکی ئەم مەسەلەیە بکات .. هەروەها پارێزگاری هەولێر بریاریدا ئوتومبێلی ئەهلی « تاکسی » لەناو شار کاربکەن تاکوخەڵکی زۆر پەرێشان نەبن .

هاوکاری :

بەڕێزتان چەند ڕۆژێکە بەڕێوەبردنی ئەم دەزگا گرتوتە ئەستۆ ، هەروەها یەکێکن لە سەر کردەکانی پێشمەرگەی کوردستان ، کەواتە نەك تەنها کە فەرمانبەر بەڵکو کە ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی میللەتی کوردن چۆن تەنکو چەڵەمەی دەزگای ترانسپورت لە هەولێر چار دەکەن ؟!

وەڵام :

بێگومان پێویستە گشت هاو ولاتیانی دڵسۆز لە هەر کۆڕێکا بێت بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەلسێ ، بەتایبەتی ئەوانەی کە خویان بۆ میللەت بەخت ئەکەن ، پێویستە زیاتر دەوری خۆیان ببینن ئەگەر کاربەدەست بن لەمیری دا .. وە کاربەدەستانی ئەم دەزگایە بەپێی تووانایان ئەرکی سەر شانی خویان دەبینن .. منیش گشت تووانام دەخمە کار لەم ڕووە وە بۆ ئەوەی بەدوو سەرە ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ بکەم ، واتە کە فەرمانبەر کە ڕۆڵەیەکی پێشمەرگەی کوردستان . ئەوەی شایانی باسە بۆ چارە کردنی مەسەلەی کەمی پاس ، بەڕێز پارێزگاری هەولێرو یاریدەری پارێزگار مامۆستا محسن قوجە زۆر هەول دەدەن تەنگوچەڵەمەکە زوو چار بکرێت ...

پرسیاریکی تر :

بێگومان باری ژیانی کرێکار و ئیشکەرەکانی ئەم دەزگایە کاری خۆی دەبەخشی لە لایەنی سستیو چالاکییەوە ئاچ جورە گیرو گرفتی ئەو تۆهەیە لەم ڕووەوە ؟

وەڵام :

هەر چەند من ماوەیەکی کەمە هاتۆم بۆ ئەم دەزگایە ، بەڵام ئەوەی بۆم دەرکەوتوە و ئاشکرایە کە باری ژیانو گوزەرانی گشت کرێکارو ئیشکەرانی تارادەیێك مایەی ڕەزامەندی هەموولایەکە، وە بەپێی تووانا هەر داوایەکی هەیان بێت بۆ بەرز کردنەوەی ڕادەی گوزەرانی ژیانیان بۆیان جێبەجێ ئەکەین .. وە ئەوانیش هیچ گلەییەکی ئەو تویان نییە بەرامبەر بەئیمە .. ئەوەی شایانی وەلامە کارو

بڕوانە : ل ـ ٧

لە ڕۆژانەی گرێکارێك دا



ماوەی چەند ڕۆژێك بوو کرێکارێم دەست نەئەکەوت ، بەبێ ئیشی مابوومەوە ، بەڵام بەهۆی پاشەکەوتی ڕۆژانی کارکردن ژیانی کولەمەرگیمان ئەبردەسەر ، .... نەکبەتی لێرەدا نەوەستا ، بەڵکو نەخۆشیش چنگی چەپەڵی بۆ کوڕە گەورەکەم درێژکردو دووچاری لەرزو تایەکی بەهێزی کرد کە بەتەمای ژیانی نەماین ... ئێ ووتم نەخۆشخانە مەڵبەندی پیاوی هەژارو کڵۆڵی وەکو منە ،.... پارەی چونە لای دوکتۆری نیە !!

کورکەم بە هەرچی حالێك گەیاندە نەخۆشخانەکەو لەوێ دەرزی یەکیان لێداو تۆزی ئاویان بۆ نووسی ، کەچی تائەهات نەخۆشی یەکە تینی ئەسەندو لەگەڵیا ئاگر لە دڵم بەرز ئەبۆوە ، کورە گەورەکەمە هیوای ژیانمە ... گۆچانی دەستی پیرێتیمە .

کەزانیم ئەوە سودی نەبوو ناچار بردم بۆ لای دوکتۆر تا چاری بکات ، لەوێ ماوەیەکی زۆر وەستام تانۆبەم هاتە سەر پێش چوونە ژووەوەم کابرای فەڕاش نیو دیناری لێ سەندمو ئنجا چوینە الای دوکتۆر .

دوکتۆر کەوتە پشکنینی کورەکەم وە لە پاشا پڕی پەرەیێك ناوی دەرمانی نووسیو ووتی :

- ئەم دەرمانانەی بۆ بکرەو پێویستە شتی سوکی بەدیتێ وەك ئاوی مریشك و بسکویتو ئەگەر تاسێ ڕۆژی تر فەرقی نەکرد بیهێنەرەوە .

منیش زەچەتەکەمڵێ ورگرتو لەگەڵیا بیرم لە پارەی ئەم دەرمانانە ئەکردەوە کە بە جارێ مالم ویران ئەکات لەم بێ ئیشییەدا وە لەلایەکی ترەوە دڵم بەچاك بوونەوەی کورم خۆش بوو ، ئازاری برسی یەتی لەیاد بردبو مەوە ، هەرچی چۆنێك بێ دەرمانەکانم کڕی کە بایی سێ دینار بوو .

سێ ڕۆژ ڕۆیشت ، بوو بە چوار ، بەڵام کورەکەم هەر چانەبوو، وە تا ئەهات کوپەکەم لاواز ئەبوو ، منیش لەسەر قسەی دوکتۆر بردمەوە بۆ لای ئەمجارەش پێش ئەوەی بچمەوە لای دوکتۆر کابرای فەراش ووتی :

- نیو دینارم بدەرێ .

منیش پێم ووت :

- ئەوە نازانی سێ ڕۆژ لەمەوبەر لێرە بووم و نێو دینارم دایتێ ، خۆ دوکتۆر خۆی ووتی ئەگەر باش نەبوو بیهێنەرەوە ... ئیتر ئەم سەرانەیە چی یە؟

فەڕاشەکە بە تورەیی یەوە وەڵامی دامەوە ووتی :

- من ئەمانە نازانم ئەگەر وایە بادکتور خۆی لە ژوورەوە بتداتەوە .

ناچار پارەکەم دایە دەستیو چوینە ژورێ بۆ لای دوکتۆر ، منیش خێرا پێم ووت کەوا فەڕاشەکەی نیو دینارێ لێ سەندوم ، ئەویش ووتی :

- ئەی چۆن پۆچی ئێستا کورەکەت ناپشکنم !! ئیتر چیت ئەوێ !! با سێ ڕۆژیش لەمەوبەر لێرە بووبیت ، ئەوە حەقی هیلاکی یە !!

ئیتر قسەم نەکرد ، ئەویش کەوتە پشکنینی کورەکەمو پاش تۆزێك تەواو بوو ئنجا ڕوی کردە من ووتی :

- ئەو دەرمانانەی بۆت کریوە ئیتر بەکاری مەهێنە ، ئێستا دەرمانی تازەی بۆ ئەنووسم ئەگەر باش نەبوو بیهێنەرەوە ، پاش هەفتەیەکی کە !!

بەڕاستی لەو کاتەدا ئاگر لە چاوم دەرپەڕیو خۆم بۆ نەگیراو پێم ووت :

- کابرا تۆ ئەڵێی دوکتۆر نیت ، ئەم هاتو بردەیە چی یە؟ بۆ ئەوەندە ناراستن ، بەڵێ هەرئەبوایە ئەو کاتە بمزانیایە کە تۆ گیرفان پڕکەری نەك دوکتۆر کە بەم بەرگە دڕاوە پیناویانەوە هاتمە بەردەمت کە ئاشکرا هاوار ئەکاتو ئەڵێ لە نانی ووشك زیاتر هیچی ترم پێ پەیدا ناکرێ ، بەڵام بەزەی یەك لە دڵتا نەبوو ، بەڵکو جاریکی تریش نیو دینارت لێ سەندم لەگەڵ ئەوەی نەخۆشەکەش هەر لەشوێنی خۆیەتی ، وە ئەتەوێت ئەمجارەش پێمە وە بۆ لات بۆ ئەوەی بەتەواوی ڕووتم کەیتەوە ، لەلایەکی تریشەوە بەپارەی دەرمان کڕین ... ئاخر بەچی بیکڕم، چۆن بژیم ، تاکەی هەژار ئەروێننەوە ، تاکەی ... جەردەیی و خوێن مژینو گیرفان پرکردن .....

ئیتر هاتمە دەرێ و کورەکەم هێنایەوە بۆ ماڵەوە و .... دامە دەست خوای گەورە .

نەریمان فوئاد مەستی

بەخێوی گشتی و شارەوانی سلێمانی

ئاراس مصطفی

ئاخ .. کە دەردت گرانە شارەوانی سلێمانی !.. دەردت زۆرە .. بەڵام نازانین بۆ بێ دەرمانە !.. شارەکەمان جاوەڕوانی زۆر کارن لە شارەوانی .. بەڵام وا دیارە بەشیان هەر نائومیدیی یە .

ئەگەر خوانەخواستە .. هاوڕێیەکی بیگانە بۆ سەردانو دیدەنی بێتە سلێمانیچ قووڕەتە باسێکی هاوینەهەوارو شوێنێکی حەوانەوەی بۆ بکەین .. ئەگینا ئەبێ بیبەیت .. بردنەکەش مایەی پەستیو ناخۆشی یەکی تفتو تاڵ ئەبێت .

باخچەی گشتی ، کە لە ڕاستیدا ئەبێ نموونەی خۆشیو ڕازاوەیی بێت کەچی لەم ساڵانەی دواییدا بۆتە نموونەی پەستیو ویرانەیی . تەنیا هەر بە ناو باخچەیە .. ئەگەرچی (خوا خێرەومەندان بەر قرار

ئەمەی لا ڕوون ئەبوەوە .

دواجار بە ناوی هەموو ئەوانەوە کە مانەوەی نەم باخچەیەیان لا مەبەستە داوا لە شارەوانی بەڕێز ئەکەین نوێنەرێك بنێرێت نەك بۆ چارە کردنی باخچەکە .. .. بەڵکوو هەر بۆ درۆو ڕاستی .

بڕوانە : ل ـ ٧

Institut Kurde de Paris

ژمارە : ٣٠
٢٨ی ئابی ١٩٧١

بەرپەرێ ژڤانێ

یەکەم کۆبوونەوە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی دهۆک

رۆژی ١٢-٨-١٩٧١ بە سەرپەرشتی موحافزی دهۆك هەڤال - هاشم عەقراوی - یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆك بۆ یەکەم جار کۆبونەوەیەکی گشتیی پێك هێنا بۆ لێدووانی کاروبارو گیروگرفتی یەکانی .

لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك رۆشنبیرو ئەدیب و نوینەرانی رێکخراوە کوردستانیەکان بەشداربوون . هەروەها وەندی یەکێتیی نووسەرانی کورد مەرکەزی گشتییش بەشدار بوون کە بریتی بوون لە (دوکتۆر احسان فوادو محمد امین عثمان) و نوێنەری کۆمەڵی رۆشنبیرانی کورد کاك عبد الوهاب عبدالرحیم .

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا هەموو بەشداربووان دەقیقەیەك بە ماتی بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان راوەستان . دوای ئەمە کۆبونەوەکە دەستی پێ کردو چەند وتارێك بەو بۆنەیەوە خوێندرایەوە .

پاش ئەو وتارانە دەست کرا بە هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەر کە ئەنجامەکەی بەم جۆرە بوو :

١ - شێخ ممدوح بریفکانی - سەرۆکی دەستەی بەرێوەبەر .
٢ - کاك محمد حویز - جێگری سەرۆك .
٣ - کاك خلیل صالح - سکرتێر .
٤ - کاك علاء الدین سعید - امین صندوق .
٥ - مەلا عبدالکریم ابراهیم - ئەندام .

ئەوەی شایەنی باسە هەڤال - هاشم عەقراوی - موحافزی دهۆك و ئەندامی یەکێتی بۆ هاندان و دەستگرتنی لقی یەکێتیی (١٠٠) دیناری پێشکەش کردو هەروەها لقی یەکێتیی ماموستایانی کوردستان لە دهۆك کەل و پەلی ژووریکی تەواوی بە باربو پێشکەش بە یەکێتی کرد . وایش نیازە کەسان و رێکخراوی تر یاریدەی یەکێتیی بدەن و دەستی بگرن .

پاشماوەی ژمارەی پێشوو هندەکەسێت شەهرەزا ژئەختیارێت ئامێدیێ دبێژن : حەمکێ(١) نەمر لسەر چاخو دەمێ محمدێ تەیار پاشای بو ئو زبیری و سمایلی بو . هندەکێت دی دبێژن : نەخێر ، حەمك لسەرچاخو دەمێ قوباد پاشایێ کورێ سولتان حسێنێ وەلی بو ٩٨٤ مشەختی - ١٥٨١ زاینی هەر وەکی سەیدایێ مەلا ئەنوەر دکتێبا خودا گۆتی .

حەمەکورێ نەمر یێ کو بحەمکێ ناڤدار بویی خودێ بوی خەلاتی خەلاتکر ، بیناهی ژێ ستاند ، ئانکو ژدیتنێ زربەهرکر ، بخەلاتەکێ دی خەلاتکر ، داکو بوببەرفەبینیت ، ئەڤ خەلاتێ کو پێ خەلاتکری دەنگ خۆشی ئاوازسازو دلڤەکەری بو . ژبەر ڤێ یەکێ میرێ بەهدینا لپایتەختێ میرگەها خولئامێدیێ ئینا داکو بکەتە سترانبێژێ شانەشینێ و کوچك و دیوانێ . پاشای نێزیکی خوکر ، هندەك ستران پێ دانە گوتن ، بو مهانە پاشی مهانە راکری کو بدلێ خو چوی و پێڤەنوسیایی برەنك خو . روژبو روژێ ناڤو دەنگێ وی پێتر بەلاڤبو . ستێرا وی لئەسمانێ تورێ

هۆزانڤانێ کوچك و دیوان و شانەشینا حەمکورێ نەمر

صادق بهاء الدین

کوردی هنەرمەندێ گەشترو پرروهن و روناهیتر لێ هات .

پاشی لالا پاشایی ڤەبوری بوی بەرەبەرە بو دلوڤان و خوشتڤی للالی هەمی کەسان . روژەکێ پاشایی ڤیا ژحەمکێ پشتراست ببیت کا راستە هەر وەکی ژێ دبێژن مروڤەکێ بکێرهاتی و بنرخ و بهاو خوشتڤیێ هەمی کەسانە گوتێ : حەمکا بخازە کاتە چ دڤێت ؟ حەمکێ ژرێڤە سەرمکر ، دارخازا دلێ خو بێژتە پاشایی ، بەلێ پاشی پاشای کوتەکی لێ کری ، چاڤێت خو پەرخاندن هزرێت خو کرن چاڤێ پاشای لحەمکێ یە کا دێ چ بێژیت ، پاشی هەیامەکی هزرێت خوکرین گوت : « پاشای خوشبیت ، من دڤێت بالۆلکی(٢) بدەنە من ژدەولەت سەرێ خو ؟! » گاڤا پاشای گول لدارخازا حەمکێ بوی ، ما هزرێت خوکرن چیایێ بالۆلکی ، وی بوچی یە پاشی گوتێ . ئەرێ حەمکو گوبینو سەرگردان و تونا بێژی یە من ، تە چیایێ بالولکی بوچی یە ؟!

حەمکێ دجهدا بەرسڤا پاشایی داڤە گوت : « پاشای خوشبیت من بالولك بو توڤیێت بێ کەسی و سەرگەردانە دا دەبارا خو پێ بکەن نانەکێ ببێ دەنگی و سەرڤەهسایی بخون . دارا دێ ژێ برن فروشن ، بەرێ دارا ژی هەر جهوا بیت دێ چەمالکەك ژێ بدەست کەڤیت کو بچو رەنگا تالوقەتی ئامێدیێ یا نابن » دێ شێن ڤەدەر ژین ، ئەز ژی دێ ئانەکی هەلبوم .

نێزیکی کەس و کاریت خو بم کەنگی من ڤیا دێ سەرا وان دەم .

جارەکێ حەمك لدیوانا پاشای بو لئامێدیێ پاشای ئەڤ پرسیارە ژێ کر گوتی : « ئەرێ حەمکو تە چەوا ئەڤ ستران و لاڤژنە ڤەهاندینەو بدەنگ ئو بئاواز گوتینە گوێینو ؟! حەمکێ گوتی » پاشای خوشبیت ، ئەز هێژ لتوڤیێ بوم شەڤەکێ ژشەڤا من دخەوێدا ددیت هێژ ئەز رابوم لخێڤزانکەکی بگەرم کونمێرویەکا دگەروی یا من هلدایی ، پاشای خوشبیت ، زراڤێ من بزدیا ، ترسی کەفتە پاخلا من ژترسادا ژخودێ باوەر بکە ، حەویەك نەدکەفتە من ، ئەز مامە دوان هزرادا ، کا ئەڤە دێ چ بیت دێ چ بسەرێ من هێت ؟! هەر دوێ شەڤێدا ، خەو نەچو چاڤێت من ئەز رابوم لخێڤزانکەکی بگەرم داکو ژێ پسیارکەم کا دێ بو خەونا من دیتی چ بێژیت ، هەکە ئەز حەتا سپێدی دێ دهزرو مالخولیانادا مینم . پاشی ئەز گەریایم هەیامەکێ خوشی ئەز وەسا کەرخ بویم کو چو هێزا وەسا ددەست و پێت منـدا نەمایی ، بێژە ئەز بسەر خێڤزانکێ حوتم بو چو سیناهی یەك ژی نە ددیت ، بەلێ دل روهن و

من خەونا خو ژسەری هەتا بنی بو گوت . پاشی ژتەمەت جگارە کێشانەکێ بسەرڤە چویی من ژێ پسیارکر ها خێڤزانکو تو بو خەونا من چ دبێژی ، من هاژ خو نی نە ژوێ گاڤێ وەرە هەتا نهو ، دلێ من هەلاویستی یە! خێڤزانکی گوتە من : خو نەترسینە ، پشتراست بە ئەو مزگینی یە ، دیارە یەزدانی تو خەلاتکری ، بەلێ دێ چ دەیە من ؟ چ ژدەستێ من تێت ئەز ژتە ڤەناگرم بەسی تو بێژی کا دێ چ بسەرێ من هێت ! چو بسەرێ تە ناهێت ئەڤە من خەلاتی خو ژی بتە هێلا . تو دزانی دێ چ بێت حەمکو ؟! نەخێر ! ئەز ژبەر وێ چەندێ هاتیمە . یان دێ تو ببیە هۆزانڤان ، یان ژی پەلیڤانێ ، سترانبێژێ شاهی داوەت و گوڤەند و شەهیانا ، ئان ژی دێ ببیە زانایەکێ بەرکەفتی و پوسپوڕو شەهرەزا .

گوتنا وی خێڤزانکی پاشای خوشی بیت راست بو هاتە ڤە . هەر پاشی وێ خەونێ ئەز بومە لاڤژەبێژو داستانڤان و ئاوازڤان بەلێ ئەز نەبومە زاناو دانا ، ئەز هەر نەزان مام . حەمك کورەکێ حوتم بو چو سیناهی یەك ژی نە ددیت ، بەلێ دل روهن و

هوشیار ، چك و جست بو . پاشای ڤیا بزانیت کا راستە هەر وەکی دبێژن گەلەکێ لسەر خو ئو رژدە . پاشای دەست هاڤێتێ مهانە هاڤێتنە بەر پاشی حەمك بسەرکەڤتی ، هەمی مهانە(١) هەلاندین و بسەرکەڤتی گومان لنك پاشای نەما کو حەمك دل روهنە ، هەما بو تێت و هەر وەکی هوشیاری یەکا نەپەنی لنك هەیە . بەلێ دیسا هەروەکی دبێژن ئێمناهی یا دلێ پاشای نەهات و ژێ پشت راست نەبو ددلێ خودا دگوت : ئەز دێ هندە پسیارێت دی ژێ کەم ، دا باش بزانم هەتا چ رادەیەك پوسپوڕو شەهرەزا ئو مەلەڤانە دداستان و بەیت و ستران و ئاواز گوتن و ڤەسێت دلڤەکەر ؟!

دەمێ سالێ کاملانا بهارا سپەهی و تازەو رەنگینا کوردستانێ یە لجهەکی چیایی یێ بلندو هەلکەڤتی وەکی ئامێدیێ ، کو ژلایێ باکوری ڤە لهنداڤ روبباری وێ نهالا کویر ، یاپر دارو بار ، پر جوم و جەلال کو دسەردا دیمەن دێداری سپەهی و رەنگینێ سویلاڤێ ئو مزویرکا یێ لناڤبەرا تەحتا خەلیل ئاغای و تەحتاکانی یا خاتوینی ژلایێ روژئاڤا ئو روژهەلاتڤە ، رێزچیایێ مەتینا بسەرو شکێرو زنارڤە ژلایێ باکورڤە ئەڤ هەمی بلنداهیێت ، بدارو بارو بتەراشا خەملاندین و بئاڤو کانی و دەراڤە بروبیارو سویلاڤە بوازو تلوڕو ئاوازێت سازگارڤە ، دیمەنەکو دیندارەکێ دلخازە . هەر کەسێ لزنویرکا ، یان سەر دەرێ لشاقولی ئاخای ، یان لەدرسا مەلا یەحیایی یان ژی لحەوشامیرا بەرێ ژێ هەل بدەت ژینێ شویرهێ دێ بەردا کانی یا سویر - کانی یا حسن و حسینان - پاشی شێخ باهدین ورەزێت لچارنکار ، شیڤا روبباری یالبن کانیکا شیڤێ و رەزێت روبباری بیت وەکی حەودا درێژ ، رێز لسەر رێزێ و ئویلاغ ، کو ئەڤ رەزەنە هەژ سەرێ سوریا درێژ دبن هەتاکو خو لکانی یا مالا ددەن ، هەر چەند رەزەکا کانیەکا ئاڤی لێ دزێت کو هاڤینگەهێ ئاڤێ ژێ دبەن هاڤینان . لهنداڤێ کانیا مالا کانی یا سنجێ یا برەزو باغ و لهنداڤ وان رەزو باغا بالولکە کو دارخازا حەمکێ نەمر بو ژپاشایی خاستی کو بدەتێ دا توڤی دەبارا خو پێ بکەن ، بشێشی کو گوپێکا مەتینا لوێری دیسا لهنداڤە ، دسەردا هەکو ژگەلیێ کانی یا سنجێ دەرباز بوی زومێت هاڤینێ لبەرێ سویلێ کو دبەرێدا سپێدە زوی یا شیشلتێت بێری - ڤانان یێت مەنجەلوکێت ماستی ددەستادا ، پارزوینکێت سەرتوی و لوزکی و نیشکی و پەنیری بپشتێڤە رێکا ئامێدیێ گرتی یە بسەر شیشلتێت دارڤانا هەلدبون دگەلێدا یێت دچونە چالیا دارا . لهنداڤ بەرێ سویلی یا پر جوم و کانی چیایێ ئەلهویە کو وەکی ئەلهوی کو وازەکێ ژبەرخو دەرکەتی ، یێ بسەهمە لراستا رێزە چیایێ مەتینا درێژدبیت بەلێ سەرێت بلند ژبشیشی بلندترن .

بەلێ ژلایێ روژهەلاتا ئامێدیێڤە ، هەکو مروڤ لبورجا بەلەك ، لکارگەها میرێت بەهدینا ، یان لسەر دەرگەهی ، دەرگەهێ ژوری - زێباری - یان لبن بەرویکێ ، یان لمەیدانێ لنك سنددرویکا سولتان حسێنێ وەلی بەرێ خو بدەتە روژهەلاتێ ڤە ، هندی چاڤ ڤەتڕەدکەن دێ دولەکا نەیا کویر ژدویرڤە بینت چەند نێزیکی کەلا ئامێدیێ دول دێ کویرتر لێ هێت هەتا کو نیف سەعەتی ژی دویر بیت هەڤبەری بلندی یا کویر بیت هەڤبەری بلندی یا کەلێ .

ئەڤ دولا کو دەمێ بهارێ وەکی مەحفویرەکا کەسك لی تێت بگولو کولیلکو گولیزارا رەنگ رەنگ دبیت هەمی گوندو ئاڤاهی نە . هەکە ژلایێ باشوری - ژێری - ڤە ژی لهنداڤ شویرها ڤەما ، یا ئیشقەلایێ ، یان جەڤتیکێ بەرێ خو ژوردا بدەین ، رێزە چیایێ گارەیە ، دبەردا ، ئانکو دبەربەنی دا ، رێزەکانی و زوم و گوندێت ئاڤاهی پاشی رێزە چیایەکێ دی یێ نزمترو ببنارو رێزە گوندێت ئاڤا هەتا خو لسپنەی ددەت کو نهال کویر دبیت پاشی بەر کەلا ئامێدیێڤە هندە نیف دەشتەك لێ هەنە وەکی بویکێت (حەجی

دویماهی هەیە

بیرهاتنەکێ

محمد علی ابراهیم

شەڤەکا تاری
شەڤێت زفستانێ
شکەفتەکا بێ رەنگ
ل کوردستانێ
خێزانەکا برسی و هەژار
نە قویت نە روناهی نە ئار
دەنگێ بچویکەکی برسی
ژ دەیکا خو دپرسی
دایێ ...... دایێ
بوچی سەرمایە
بوچی شکەفتێت تەنگ و تاری
هێدی ... هێدی . بنەرمی لسەر خو
دایێ کر گری بابێ گووت کورێ خو
کورێ بابێ خو گیانێ دەیکا خو ...
خو راگرە بلا تەم هوسا بین
ریت و رسواو پێ خاس بین
بەلی : سوبەهی
دەما ببەت تەناهی
شەوڤا خوینا خەباتێ
بتازەهی ... شەڤ تاریا
بو مە دێ کەت روناهی
هینگی ئەم دێ چین گوندو باژێرا
سەربەست ... ئازاد ، وەکی مێرا
ئەو روژە بومە دێ پیروزبیت
ئاگری هلکین جێژن نەوروز بیت

دگەل هونەرمەندێ خورت نیهات خالد یوسفی

عبدالرحمن علی

ژبەرکو کوردستانا شرین گوڤەندەکا سازو ئاوازو نەغمەو سترانێن بێ دویماهی یە ، هەر ژ جوم و جەلال و کانی و ریبارا بگرە هەتاکو دول و نهال و دەشت و گرو کەندال و چیاو بەروژو نزارو گەل و کێرێێن بلندێن نزیك ئەسمانێ هەتاکورەز و بیستان و دارستان و چیمەن و لەیلان و دیلانا بگرە .. ڤینداوەرە ڤی کوردێ هندە دلتەرو کەیفچن و سەرخوش و مەستێ جانی و شرینی و شوخ و شەپالیا پەری و زەریێن کوردستانا دەلال و رەنگین و

هێشتا نوی بویك .. هەمی .. هەمی .. خویندەڤانێ بەرکەتی ، بەندە سترانەکا زەلال و هەرا زیندیا دوو لێڤێن پر خوینێن ئەڤینداریێ ژیانێ نە ..

وەلێ کورە بن چاڤێن من ، ئەڤ ولاتێ شوین بەهشتێ لدلێ کوردێ بەلنگازو بەروەریای گرتی .. بندەست و بێ خوی و خودان و هەڤال و دوستە ..

لەورا .. دگەل بلندبونا دەنگێ زولالێ گەورێن پر ئاخین و ڤیغان و نالین ، دەنگێ تڤەنگ و تانگ و توپا راسترین و خوشترین بەرسڤە .. ژبو بلویرا شڤاناو تەمبیورا دلتەرو ئەڤیندارێن ئازادیا کوردا .. ژبو حەیران و بەندو لاوژو پەستێن بریڤانێن ئەڤرو بێ بیری ..

ئەڤ ریپورتاجا برایێ هێژا (عبدالرحمن علی) پێشکەشی وەدکەت .. دگەل لاوەکێ خوین گەرم و دل تەرو سەرخوش و مەستێ ئەڤینا کوردستانا بێ خودانە .. دگەل برایێ خوشتڤی (نیهات یوسفی) .. یێ کو وەك هەمی لاوو تولازو خورتێن ولاتی ، یێن پێڤەهاتی و زیرەك .. یێ بێ خودانە .. بێ خودانە .. بێ خودانە .

« هاوکاری »

ئاشکرایە سترانبێژێن کورد یێن پێڤەهاتی و زیرەك گەلەك دکێمن ، ژبەر نەخاندنا وان لخاندنگەهێن هونەری و ژبەر نەبوونا پیتەبێدان و هاریکاری کردنەکا راست و دروست ، ئەڤە ژبلی هندێ کو گەلە دکێمن ئەو کەسێن هەر ژ بچیوکاتی دەست داینە تەمبیرو بلویرو کەمانێ و هەتا دیماهیا رێ ببەنە سەر ، ئان ئەو ئەڤین و سەودا ستران گوتنێ ددلێ واندا هەتا دیماهیێ بمینیت .. دیارە ئەڤ رەنگە سترانبێژو هونەرمەندە گەلە دکێمن ئەڤێن هەی ژی بزاڤێ ناکەن داکو بێنکاڤەکێ پێشڤە بچن .. هەر ژبەر ڤێ چەندێ مە خوگەهاندە سترانبێژو هونەرمەندێ لاو برایێ هێژا (نیهات یوسفی) ژبەرکو هەر بچویکینی ئەڤینداری سازو ئاوازو سترانا بو ئو هەتا نوکە یێ بێڤە گرفتارو مژویلەو لخاندنگەها هونەری ئێکە ژوان سوختێن زیرەك و پێڤەهاتی و سەرکەفتی . هەروەسا (نیهات) گەلە پیتەی ددەتە ساخ کرن و زیندی کرنا ستران و سازو ئاوازێن فولکلوریێن کوردی .. بێ کومان ئەڤە چەلەکی و بزاڤەکا پیروزە ئەم هیڤی دارین .. برایێ (نیهات) سەرکەفتی بیت تێداو هێڤیا مە ئەوە ئەڤێن ژ رەنگێ (نیهات)ی مشە ببن و بشێن مەبەست و ئارمانجێن کوردایەتیێ دناڤبەرا سازو ئاوازو سترانادا پێشکەشی دونیایێ بکەن .

پرسیار : ئەز هیڤیدارم تو هەرێ سەرکەفتی بی ، من دڤێ تو هندەك ژ ژیانا خو بو خویندەڤانێن هێژا روون بکەن ؟

بەرسف : ناڤێ من (نیهات خالد)ە ژ بنەمالا (یوسفی) یا ، ئەزی ل (ئامێدی)ێ بویم ، بەلێ بابێ من (بامەرنی) یە ، ژیێ من بیست و ئێك سالە . ئەز هێشتا یێ دخوینم لخاندنگەهێ .

پرسیار : باشە تە بوچی ئەڤ رێکە گرتیە ؟

بەرسف : براستی هەر ژبچویکاتیا خو من حەژ سترانا دکر ، هەروەسا من وێنە دچێکرن ، خاندنگەهـ گەلە بدلێ من نەبوو من دڤیا ئەز لخاندنگەهەکێ بخوینم کو من فێری سازو ئاوازا بکەت ، هەروەکی تو دزانی چو خاندنگەهێن هوسا لئامێدیێ نینن ، ژبەر ڤێ چەندێ من بزاف کر کو ئەز خو هوی ئالەتەکێ موسیقی بکەم . نوکە زانینا من ئەڤەیە یا لبەر چاڤێن تە .

پرسیار : تە کی ژ سترانبێژ ژهەمیا پتر دڤێت ؟

بەرسف : براستی سترانبێژی مەزن (شەمال صائب) من ژهەمیا پتر دڤێت ، هەروەسا سترانبێژێ گەنج (تەحسین طاها) ، من ژ ئالەتێن موسیقی پتر دەنگی تەمبیورو کەمانجێ بێ خوشە ، ئەز نوکە (تەمبیورێ) لێددەم و من گەلە سوود ژ فێرکرن و خویندنا لخاندنگەهـا هونەری یا وەرگرتی .

پرسیار : باشە تو بو بەشدار نابی دگەل تیپێت موسیقی یێن کوردی ؟!

بەرسف: ما ئەز ل چ دگەرم بەلێ کانێ !

هزار جارا ئەزێ چویمە ئێزگەی .. بەلێ کەسێ لدویف بانگێ من نڤێژ نەکر .. ئەز چ بکەم .. کەس پێتە بهونەری نادەت وەکی پێدڤی یە .. هەروەسا ئەزێ چویمە نك (لاوان)و (رەوشنبیرێن کورد) .. بەلێ کەسێ پیتە بمن نەکر .. مادێ هوسا چەوا چیتە سەری .. هەر گوتن و بەس ، ئەم پێدڤی کریارا نین ، ئەڤەژی نوکە نینە !!

پرسیار : وەکو ئەم دزانین ئەڤ کومەلە یێن هاتینە دەینان ژبو پشتگیریا بزاڤێن وەکی بزڤا تە !!

بەرسف : ئەز هەرێ دبێم

بروانە ل ٧

وەرن داهوی زمانێ کوردی ببین

دلسوز بەهدینی

پاشماوەی ژمارەی پێشوو ئەڤ کوژیە ژبو وان کەسانە یێت کو دڤێت هوی زمانێ کوردی بتیپێت عەرەبی ببن ، بەلێ نەشەهرەزاییت زاراڤێت (اصطلاحات) کوردی نە . ژبەر هندێ ئەم دێ رێ لبەر کورت و خوش کەین دێ بزمانێ عەرەبی ژرێڤە بونڤیسین هەتاکو بەرە - بەرەهوی زاراڤێت کوردی بکەین . هەکو هوی بون دێ ئێکسەر بکوردی بو نڤیسین . بڤی رەنگی برایێت خو یێت عەرەبی دزانن و دڤێت هوی زمانێ کوردی ببن دێ هوی کوردی کەین بساناهی .

الدرس الرابع (دەرسا چارێ) فی بدایة الدرس الثالث (دەرساسێ) أعدنا ما قدمنا فی الدرس الثانی ، (دەرسادووێ) من الاحرف الصائتة (تیپێت دەنگدێر) وهی :-

أ - (ئە - ە) أو ما یقابل الفتحة فی اللغة العربیة مثل : (ئەز ، ئەم ، ئەڤ ، ئەو ، ئەمە ئەڤە ، دەرگەهـ ، پەنجەر ، سەرەدەر ، سەروەر ، شانەدەر ، بالبەر ، بەران ، کەزان ، کەلان ، رەڤان ، بەز ، گەز ، پەز ، لەز ، رەز .

ب - (ئێ ، ێ ، ئێ) وهو من الاصوات أو الاحرف الطویلة حیث یفتح الفم فتحا تاما عند اخراجه بالاضافه الی انه موجود فی اللغة العامیة البغدادیة فی عدد غیر قلیل من الکلمات مثل : (زێن ، وێن ، خێر ، وهو اما فی بدایة الکلمة (بێژە) أی قبل الحرف الساکن أو الصامت (تیپادەنگدار) مثل : (ئێش ، ئێم ، ئێك ، ئێکجار) . أو بعد الحرف الصامت (تیپادەنگدار) مثل (دێ ، بێ ، نێ ، خوێ ، کێ) . أو بعد حرفین صامتین (دودەنگدارا) مثل (خێڤ ، لێڤ ، سێڤ ، شێڤ ، دێو ، مێو ، ژێر ، بێر ، شێر ، فێر کنێر ، مێر) . أو فی نهایة الکلمة مثل : (بەرێ ، زینێ ، جارێ ، گەڤزکێ ، ڤزکێ ، بوتکێ) .

وفی الدرس الثالث (دەرسا دووێ دا) قدمنا الحرفین الصوتیین (دوتیپێت دەنگدێر) ، التالیین :

١ - (ئی ، ید ، ی) وهو من الاصوات أو الاحرف الصائتة الطویلە حیث یفتح الفم نصف فتحة .

ماوێتی

ڤیان

عبدالرحمن مزوری

ئاگرەك بەردا هناڤا
وەشیانە جەرگێ ژچاڤا
گەستم ئەوان بسکێت خەلەك
نینە من حەویان چ گاڤا
کوشتم کرم تەرم و کەلەخ
بریندارم کەتمە داڤا
شەڤ و روژێ یێ سەرخوشم
نەشێم پاڤێژم چ گاڤا
ئێخسیر کرم کرمە هەژار
هەوارە ژگەردەن زراڤا
تەلسەر هەیە خالەك رەشە
ماچی دکەم هەمی گاڤا
تە بن گوهـ بەفرا زوزانە
کەتم وێرێ وەکی خاڤا
مەژبەر هەر ئاخ و ئوخە
برشتم وان سەرو چاڤا
عاشقم کفشم ژرەنگی
ئەڤە حال نینە مال ئاڤا !!
توتیا شیرین سروشتێ
جان ماسیا لبنێ ئاڤا
نرگزا رەزك و نزارا
چ توڤ نێچیری بو راڤا
« پەری رەنگی صفەت حوری
ژمن تو بگرە سلاڤا

لام و برویت دێم دوری
تیرو خەدەنگێت دلبەرێ
مەستم ژچاڤێت رەش بەلەك
کەفتیمە بەر چەرخا فەلەك
سوتم وەکی پیش و پەلەخ
هەردەم دنالم ئوخ و تەخ
ژهەردو لێڤا مەی دەنوشم
نەمایە ڤەت عەقل و هوشم
مەمکا ئەز خارم هەی هەوار
بارا منن ئێش و ئازار
رویێ تە یارم مەهوەشە
نکمن ئەوە (بەرێ رەشە)
کەزی روحانن تاتانە
کێ ژبەر عەقل و هش مانە ؟
شەپالە روی سێڤ و خوخە
لەو تژی دل خوین و زوخە
دەلال و نازك و شەنگێ
کەرکەر کرم تە بێ دەنگێ
حوریا باغێ بەحشتێ
لژیانا من هەمی تشتێ
سورگولا مێرگ و بهارا
مامزا چول و بەیارا
کەڤوکا جوانی یان پوری
خودانا گەردەنا بەوری

Institut kurde de paris

مارکسیزم و زانستی زمان

محمود زامدار

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

بۆیە زمان بۆ ماوەیەکی درێژتر لەهەر ژێرخانێك وهەرسەرخانێك ئەژێت و ئەمێنێتەوە هەر ئەم مەسەلەیەشە کەپەیدابوونی ژێرخانێکی دیارکــراو سەرخانەکەی ونەمانیان شی ـ ئەکاتەوە ، نا بەلکو پەیدابوونی گەلێ لەژێرخان و سەرخانە هاوجووتەکانی و لە پاشا داڕمانیان لە ـ مێژوودا ـ نابێتە مایەی نەمانی زمانێکی دیارکــراو والاچوونی بناغەکەی و دوروست بوونی زمانێکی تازە شان‌بەشانی ناوەرۆکێکی. فەرهەنگی تازەو رژێمی گراماتیکێکی تازە . لە ئەمرۆماندا پتر لەسەد سالێك بەسەر کۆچی پۆشکینی شاعیردا رۆیشتوە ، هەر لەو چەرخەوەش هەردوو رژێمەکەی دەرەبەگایەتی تاد ....) ئاوو خاكو چیاو تاد .... یا ناوێکی تری ێ بنرێ ؟ باشە ئەی چ سوودێك لەوە دایە کــە بە گوێرەی گراماتیکی کۆن و ووشــەکانی زمان و تەرکیبی ووشە لەرستەدا دوروست نەبێ ، بەلکو بەپێی گراماتیکێکی کەی جیاواز بێتە دوروست بوون ؟ لەپاشا شۆڕش چ دەسکەوتێــك لــەم جۆرە پۆشکین و دارژتنە گراماتیکیەی **وناوەرۆکی سەرەکی فەرهەنگی ئەم زمانە هەبێ ، بەسەرجەمی ئەو شتانەی کە لە کرۆکی ئەم زمانەیە ، وەك خۆی مایەوە وەك بنچینەیەك بۆ زمانی رووسی هاودەم . بێگومان ئەم قسەیەش زۆر روونو ئاشکرایە . باشە‌لەدوای بەرپابوونی شۆڕشێك** چ سودێکی وا لەلابردنی بناغەی زمانی ژیاو ولادانی قالبــە گراماتیکیەکانی وناوەرۆکی سەرەکی فەرهەنگەکەی‌دا هەیە، بۆ ئەوەی شتێکی تازەبابەتی بخەینە شوێن ، هەروەك چۆن ئەم مەسەلەیە لەگۆڕینی سەر ـ خان‌دا رووئەدات ؟ باشە ئەی کێ سوود لەوە وەرئەگرێ کەبەمانە نەوترێ (ئاو ـ خاك ـ چیا ـ دارستان ـ ماسی ـ مرۆڤ ـ و ـ رۆیشت ـ کردی ـ هێنایەبەرهەم ـ بازرگانی . و سەرمایەداری لە روسیادالابردران و رژێمی سێهەم ،رژێمی سوسیالیزم دامەزرێنرا . کەواتە ، دوو ژێرخان و دووسەرخان لابردران . ژێرخانێکی نوێی‌سوسیالیزم وسەرخانێکی نوێی بۆ دوروست کرا . لەتەك ئەمەشا ، ئەگەر بمانەوێ زمانی‌رووسی بکـەین بەبەلگەیەك ئەبینین کە ئەم زمانە لە نێوان ئــەم ماوە دوورودرێژەدا چ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسـەرا نەهاتوە وزمانی رووسی هاوچاخ لەبناغەکەیدا چ جیاوازی‌یەکی وای لەگەل زمانی پۆشکینا نیە.

باشە ، هەر لەوکاتەوە ، چ شتێ لەزمانی رووسی دا هاتە گۆڕان ؟ بێگومان فەرهەنگی زمانی رووسی زەنگین‌تر بوو . ژمارەیەکی زۆر لە ووشە بێ‌کەلك و رزۆکەکان لێی لابردرا مانای کۆمەلەیەکی زۆر لە **ووشەکان گۆڕرا . رژێمی گراماتیکی زمان چاکترو گەشتر بوەوە . کەچی ئەوەی کە بەندیوادی بەبناغەی زمانی** کودەتایانەی زمان وەدەس ئەخا ؟ . مێژوو بەشێوەیەکی تێکرایی ، هیچ شتێکی بنەرەتی واناکات ، ئەگەر هات و پێویستیەکی تایبەتی لەپالیا نەبێ . دیارە مرۆش ئەکەوێتە پرسیار : باشە چ پێداویستیەك بۆ ئەم چەشنە کودەتا زمانەوانی‌یە هەیە ، مادام ئەو راستی‌یە چەسپاو و روونە لە زمانی ژیاودا . لەتەك بناغەکەی بەتەواوی لەبنچینەدا بۆ پێداویستیەکانی رژێمی نوێ ئەگونجێت ؟ بێگومان ئەبێ وپێویستیشە لەچەند سالێکا سەرخانی کۆن لابرردرێ و شتێکی تازەچەشنی لەشوێنا دامەزرێت بۆ جلەو بەرەڵلاکردن و دەرگاوالاکردنی بۆ گەشەسەندنی توانستی بەرهەم هێنەری کۆمەل . بەلام چۆن لەچەند سالێکا ئەتوانرێ زمانی هەبوو بروخێنرێ زمانی هەبوو بروخێنرێ بنیات‌بکرێ ، بێ ئەوەی ببێتە مایەی خولقاندنی هەراو ئاژاوە لەژیانی کۆمەلایەتیدا بێ ئەوەی هەرەشەو گورەشەلە کۆمەل بکرێت بە ترازان و دابڕکردن وگەئاندنی ؟ . کەواتە ، کێ ، غەیرەز دۆنکیشۆتی‌یەکان ، ئەتوانێ ئەم جۆرە ئەرکانە بخاتە سەرشانی خۆی ؟ لەپاشا هەر لێرەدا ، جیاوازی‌یەکی بنەرەتی لەمەیان سەرخان وزمانا هەیە . چونکە سەرخان بەراستەوخۆیی ئالکێتە بەرهەم وچوستوچالاکی بەرهەم دوروستکردنی ئادەمیزاد . بەلکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوندی بەبەرهەمەوە هەیە لەرێگای ئابوری‌یەوە ، لەرێگای ژێرخانەوە . هەر بۆیەش سەرخان بەکتوپری وبەراستەوخۆیی نابێتە ئاوەژووی گۆڕانەکان لەئاستی هێزەکانی بەرهەم‌دادەمرا ، بەلکو ئەم ئاوەژووکردنە لەپاش رووداني گۆڕانەکان لەژێرخانا رووئەدات ، ئەمیش بەئاوەژووکردنی گۆڕانەکانی بەرهەم لەگۆڕانەکانی ژێرخانا دێتەروو . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ماوەی کاروباری سەرخان زۆر تەنگەبەرو تەسك وسنوورداره . کەچی زمان بەپێچەوانەی ئەم مەسەلەیەیە ، یەکسەر بەرەنجی بەرهەم داهێنەری مرۆڤەوە بەندە ، نەك هەر بەم رەنجە بەرهەم‌داهێنەرە وبەس بەلکو بەهەموو چوستوچالاکی‌یەکی مرۆڤ لەهەموو ماوەکانی ئیش وکاریا ، هەر لەبەرهەمەوە تا ژێرخان ، هەر لەژێرخانەوە تاسەرخان . هەر بۆیەش زمان زۆر بەدەست وبردی وراستەوخۆ ئاوەژووی هەموو گۆڕان وگەشەکردنێکی بەرهەم دەرئەخات . بێ‌چاوەنۆری کردنی گۆڕان لەژێرخانا لەبەر ئەمەش ماوەی کاروکردەوەی زمان ، کە گشت دەرافەتەکانی ژیان وچوستوچالاکی مرۆڤ ئەگرێتەوە ، زۆر فراوان‌ترو جۆراوجۆرترە ، لە ماوەی کاروکردەوەی سەرخانەوە ، نا بەلکو لەمەش زیاتر، بەشێوەیەك کە زۆر زەحمەتە سنوریشی بۆ بکێشرێ .

هەر ئەمەشە ، بەر لەگشت شتێك ، مانای ئەوە بەدەستەوە ئەدات کە بۆچی زمان ، یا بەچەشنێکی قوول‌تر ، بۆچی شیرازەی تەرکیبی فەرهەنگەکەی لەحالەتی گۆڕان وگەشەکردنا بەتەواوی ناپچێ ؟

لەراستیا ، نەشونماکردن و گۆڕانی پیشەسازی وکشتوکال وبازرگانی وگوێزانـەوە وتەکنەلۆژیاو زانست پچڕانیان بۆ نیە ، بۆیە داوا لەزمان ئەکرێت کە بەتەنگەوەی ئەم مەسەلەیە بێت ، ئەمیش بەتێرو تەواوکردنی فەرهەنگەکەی بەجۆرەها ووشەی تازەبابەت ودەستەواژەی نوێی پێویست بۆ (کار) لەم مەیدانانەدا . زمانیش کە یەکسەر ئاوەژووی ئەم ئاتاجی وپێویستیانەیە ، هەوڵ ئەدا کە فەرهەنگەکەی بەووشەی تازە وبەپوخت‌کردن و رێکخستنی رژێمی گراماتیکەکەی تەواوترو بەهادارتر بکات . کەواتە .

أ ـ بۆ هیچ مارکسیەك نالوێ زمان بەسەرخانێکی سەر بەژێرخانەوە ببەستێت .

ب ـ هەر تێکەلاوی کردنێك لە نێوان زمان و سەرخانا ئەبێتە مایەی هەلەیەکی گەورەو پاشاگەردانیەکی زل .

لەوەرگێڕانی : محمود زامدار

پرسیار : ئایا راستە کەزمان هەر لەکۆنەوە بەردەوام مۆرکێکی چینایەتی پێوە لکاوە ، یا گوایە هیچ زمانێکی ستانداردتی هاوبەش ویەکگرتوو نیە بۆ کۆمەل ، زمانێکی بێ‌مۆرك ، یازمانی تێکرایی هەموو گەل ؟

وەڵام : نـەء ، ئەمە راست نیە .

خۆ زۆر زەحمەتیش نیە ، مەردم دەرك بەوە بکا کە هیچ ماوەیەك بۆ زمانێکی چینایەتی نیە، لەکۆمەلێکی بێ‌چینایەتی‌دا هەروەك چۆن رژێمی سەرەتایی کۆمۆنیزمی ، چینایەتی تێدا ماوێتی

جوانی و کۆمەڵ

لە سەرەتای مێژوی ژیانی مرۆڤەوە ، و هەر لەو کاتانەوە کە کومەلی ئادەمی زاد ژیانێکی سادەو بێ ریکخستنی کومەلایەتیان هەبووە ،وژیانیان سروشتی کیوی وجەنگەلی هەبووە .. مرۆڤ جێ پێی جوانی لە زۆر کەلەپوری ئەو سەردەمو سەرەتایەدا داناوە ، ئەوەی گرنگو سەرنج راکیشە ، هەست بەوە ئەکریت کە مرۆڤ پیش ئەوەی فیری قسە کردنو دەربرینی بیت ، بەوێنە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکانا ، یا بەبزواندنو تورە بونو یاخی بون لەهاوریکانی گەیشتوە ولێی گەیشتون !.. کەواتە هەر لەو دەمەوە «ئوستاتیك » زانستی جوانی دەستی پێ کردوەو لە گەل ژیانی کومەلی مرۆڤایەتیدا گەشەی کردوە ، بەلام ئەوەندەش بووە کە مروف خوی بەبێ زانینێکی نەخشە کیشراوی جوانی . وبەسادەیی وبێ و بیرکردنـەوەی مەوزوعـی‌ئەوانەی کردوە .. وەبەلای ئەوەوە تەنها بۆ بەسـەربردنی کاری رۆژانە بووە !.. وەبۆ نموونە ئیستا زۆر لـەوئاسارانە ماونەتەوە ، بەلام پاش تیپەر بوونی دەیـان‌سەدە ، ئەوە دۆزرایەوە « کە بەراهاتن هەست بە جوانـی ئەکرێت »؟! وەبۆ نموونە هونەری خانوبەرە (المعمار) کە لە بەتوانایی و قالبـوی مرۆڤەوە لەگـەل ژیانی‌رۆژانەدا بە دەست هاتـوە ، وئەو بناغە زانستیەی بـۆدۆزراوەتەوە .. وە «پراکتیك» ئەنجامی جوانی و چلە پوپـەی‌مەزنی بۆ ئەو هونەرە داناوە . وەبو پایە بەرزی ئەوە « بنیات نراوە کۆنەکانی ئیگریکیەکانو قوطی‌یەکان » چاکترین بەلگەن بۆ نرخی جوانی و بەپـێوە وەستانی هونەری خانوبەرەولێ هاتوی و شارەزای‌ی ئـەو هونەرمەندانەی ئەو دەمە !..کەواتە سەرەتای بایەخو نرخ پێدانی هونەروو جوانی ، لەوجیگەیەوە دەست پێ ئەکات . کە هەستیاری جوانی لەهەمودلو دەروونێکدا دروست ببیت چونکە ئەگەر وانەبێت .. دورنەروێین بۆ نمـوونە « .. حەمالیك کەسەیری تابلویەك ئەکات وابزانم لە تەختـەو چوارچیوەیەکی رەنگ کـراوزیاتر ، بەهیچ جۆریـك ناتوانێت بۆ دورتر بروات ..بۆ ؟ چونکە راهاتوی نەبووە ، یا پارچەیەك موسیقای رۆژئاوا! کە تا چ رادەیەك کارئەکاتـە شوانێکی کورد ، یا هەستـی‌ئەبزوێنێت ؟.. ئاشـکرایە وەکو هەستی نابزوێنێ .. بێ تاقەتیشی ئەکات ! چونـکە گوێچکەی ئەو راهاتوی نەبوە، وخانەی ئەو هەموو تەوژمـو دەنگە قولانەی ئاوازەکانیـانی تیا دروست نەبووە .. لێرەدا ئەتوانین بلێین کەتیـژی هەستکردن و بیرکردنـەوە ، مەرجێکی سەرەکین بۆ سوود وەرگرتن لە هونەر .. وەلیرەدا مەبەستمان ئەوە نەبوو کـە بلێین شوانێك یا حەمالێـکی کورد شایەنی ئەوەنین کـە هونەریان هەبێت .. نەخێر ، بەلکو ئەوە ئەلێین کە «خۆشی بینین بەراهاتنو هەست کردنی ناسکە » .. واتە ئەبێت ئامادە کراوی بینینی هونـەری بۆ سوود وەرگرتن مەرجیکی سەرەکی بێت ، وە دەربارەی زۆر رای بێ‌سەرو بێ‌جـێ لەسەر هونەر .. کەئەبێت چۆن بێت ، وە بۆ کێ‌بێت .. هتد ؟

هەندێك ئەلین هونـەر ئەبێت هەروەك کامـیرا ئاوێنەبێت ، و هەندێکی کەش ئەلێن : هونەرمەند خـۆی خاوەنی هەست و هۆشـی بێت و خۆی راچەنینەکـانی بخاتە سەر بەرهـەمە هونەرییەکانی ، وە بەرایەکی کەش ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە :

هەمووشتێکی تازە ، هەتـا ئەگەر هیچی تیا دروسـت نەکرابێت هەرشتەو بۆبـەر دەوامی ژیانی کۆمەلایەتیـە .

سەیر ترینیان ئەوەیە کەلەم سەردەمەدا کە مروف پایـەو پلەیەکی مرۆڤایەتی خۆی بـە وەرگرتن دەست نیشان کردوە، هەندێك ئەلین چی تیایـە با هونەرمەند دوبارە وێنەکـانی ژیانمان وەك خۆی بکاتەوە . بەلام ئەوەش زۆر پایەکـی ساکارانەیە بەرامبەر بـە هونەرو تێ‌گەیشتنی جوانی ، ولەهەمان کاتا مەزاق کردنێکە بەزۆر بیروباوەری پیشکەوتوو کـە هونەرمەنـدێك وەك « ئالەتیکی » کامیرای بێ‌گیان سەیر بکرێت ، وە هەروەکو ئاشکرابە هونەر کردەوەیەکی مروڤایەتیەو ، لەسەر بناغەی دروست کردنو داهینـانی هەستو دەروونەوە بنیـات ئەنرێت ، وە جوانی هونەریش رودا ویکی‌خۆشی و خۆشەویستی‌یە وزوبانێکی حالی گیـانی هونەرمەندە بۆسەر راچەنینو هەست پێ‌کردنی .. وە هیـچ گومانیش لەوەدانیە کەهەموو سەردەمێك شیوەیەکی تایبەتی بۆ دەربرینی خۆی هەیـە ، وهەر هونەرمەندەش هەروەك سارتەر ئەلێت « ئەبێ خـۆی پەیوەندی داری ژیانی ئـەو دەمەی بکات کەتیایا ئـەژی ، وهەرگیز نابێت خـۆی لـێ جیابکاتەوەو لەبورجیکی عاجدا بژی .. » بەوجـورە بـووە .. وەبۆ کاری هونەری و داهینانی، مەرج نیە هونەرمەند هـەر شتیك دروسـت بکات ، بەلامانەوە هیچ بێت .. بەحیر بەلکو ئەو ئەورەنگوو هیلەی کەتیا بە کارئەهێنیت ،هۆکەی پالپیوەنەری هەسـتە ، وەبۆ جیهانی راچەنینی ئەو هونەرمەندە خۆی ئەگەرێتەوە وهەر لەواقعی ژیانی کومەلیشـەوە وەرئەگیرێت ، و مەرجەکانی جوانی خۆی‌تیـادایە .. و « فلوبیر » ئەلێ :

ئەوە بزانە کە هەرچیـەك دروستی ئەکەین و دای ئەهێنین شتیکی راستەو بووە ؟! وەئەو بەرهەمانەی کـەلە تابلوی هونەرییدا بەدی‌ئەکـەین چ سیویکو تەماتەیەك بێت تابلوەکەو چ سواریکی دوراو .. یا رۆژیکی سەرماو سولە .. یا هەژاریك .. هتـد ، هەمووی لە ئەنجامی راچەنینـو خـو خواردنەوەی‌دەروونی هونەرمەند هاتوتە دەرەوەو نرخیکی خۆی تیادایە .. وەهیچ مەرج نیـە کەئیمە هونەرمـەند پەیوەندی داری ئەوە بکەین کە خۆمـان کارەکانی بە ئارەزوی خۆمـان جیابکەینەوە .. فلوبیر ئەلێ : راستی و دروستی لە هونـەردا لەسەر بناغەی جوانی‌بەندە .. و هەرگیز لەهونەردا مەوزوعیك نیـە جوان‌بێتـو یەکێـك ناشیرین ، مادام شێوەو ریباز چاکترین پێوانەبێت لەبینینی هەموو بەرهەمێکدا » .. جـا هەروەکو ئەزانین کە جیهانی هونەر جیهانیکی فراوانو بێ‌بنە وهەتا لێی بکولرێتەوە ، هەر لە کوتایی نایەت ، و دەربارەی ئەوە لینین ئەلێ « میژوی هونەر چ مەیدانیکی‌سەر سوور هینەرە چەند کاری تیا بەبۆ مارکسیزمەکان ، دوێنێ ئەم توانیـوە ریگەیەك بۆ خەو بدوزمەوە هەتا بەیانی ئەوکیتبانەم یەك لەدوای یەك هەلداوەتەوە ، و ماتەمینی دایگرتبوم کـەکاتم نەبو . وەنیمە بۆ ئەوەی بچمە قولای مەبەستی هونەرەوە » .. بەلام بەپێی بیرکردنـەوەی ئەمرۆی هەندێك سوشـیالیزم خوازی نەتەوەی کورد، ئەبێ هونەرمەند وەك کامیرایـەك دەوری خۆی ببینێت .. وئەوەش سـەیر کردنیکی زۆر ساکارانەیـە بۆ جیهانی هونـەرو جوانی ، وە ئەوەی بەلای‌ئەوانەوە گرنگـە وێنە « فوتوغرافی و ئائقیـە » کانی شۆرشی ڤیتنامە کـەوەك رۆژنامە گەری بۆکاری رۆژانـە بەکاری ئەهێنن .. وەئەلێـن هونەر ئەگەر وەك ئەو چەند وێنـە فوتوغرافیـە دوبـارە کراوانەبێت ، بەهیچ جۆریـك ناوی نابێت ، ئیتر بەبێ ئەوەی کەمیك فراوانتر سـەیربکەن و ئاوریك لـەمێژوی هونـەری مرۆڤایەتی بدەنەوە ؟! لینـین ئەلێ « هەموو هونەرمـەندیك مافی سەربەستی دروست‌کردنی هەیە ، وە بۆیەهەیە کە ئەوەی بەپیروزی ئەزانیت پـەیرەوی بکات ، بەبێ ئەوەی بەهیـچ شتیکەوە پەیوەندی داربکرێت» « و هونەر هیچ کاتیـك سەرکەوتو نابێت ئەگەر نەچێتە نزیکی گەلەوەو ئەگەر گەلیش نەچێتـە نزیکیـەوە .. » وە پیشکەوتنیش هەروەکو هیگـل ئەلێ بەبازدانیك نایەت ، بەلکو بەرەبەرە ئەبێت » .

جوانی

چوار گۆرانی بە نۆتەی ئاوازی کوردی

-١-
من حەز ئەکـەم
بەئاگری لێوەکانت ..
بتوێمەوە ..
من حەز ئەکەم ..
بەبرژانگی چاوەکانت
سەری زامی ئازاری‌کۆن ..
هەڵبەمەوە ...
-٢-
من حەز ئەکەم ..
بۆ لێـوی تۆ ...
بۆ چاوی تۆ ..
نەوەك هەڵبەست ..
بەڵکو داستان بنوسمەوە ..
نەمربێ وەك داستانەکەی
(خانی)ی نەمر ..
بەتام‌بێ وەك شیعرەکانی
بیسارانی
بەهێزبێ وەك ئاوازەکەی (تیئۆداکیس) ..
ئاوازی (زۆربـای‌یونانی) ...
-٣-
بمسوتێنە ...
بەئاگری لێوەکانت...
بمسوتێنە ...
بمخنکێنە ...
لەقوڵای چاوی گـەشتا ...
بمخنکێنە ...
کچەکە گیان ..
تۆ زۆر جوانی ...
جوانتر لەئاسوی بەیانی
من حەز ئەکەم ...
بۆ لێـوی تۆ ...
بۆ چاوی تۆ ..
خۆم کـەمە قۆچی قوربانی ...
-٤-
دیاریم بۆ تۆ ، نازدارەکە ..
تالی پرچی هەتاوی‌زەرد ...
ئەکەم بـە دەزووی‌ملوانکە ...
ئەستێرەکان وەکـومورو ئەهونمەوە
باسی لێـوو چاوی‌جوانت ..
بە خوێنی دڵ ئەنووسمەوە ..
خۆشم ئەوێی ...
خۆشم ئەوێی ...
بە ماچێکی لێـوی‌ئاڵو ...
سەرنجێکی چاوی‌ئاگر ...
هەرچیم هەیە ...
ئەیگۆڕمـەوە ....

عبدالله عباس

ئێستاش

محمد حمه باقی

وەکو ئەوسای کوێلایەتی ...
کاتێ مرۆڤ داخ ئەکرا
داخی دیلی پیا ئەنرا
بەپێی خواستی چاو برسی‌یەکان ،
بۆ گۆڕەپانی شمەر ئەبرا
تەوقی قورسی ئـەکرایە مل
راپێچ ئەکرا بەرەو : روماو ، میسرو ، بابل
« هەرم »ی فیرعـەونی‌میسرو
دیواری « چین » ،
« باخی هـەلواسراوی بابل »
بەشـانو قۆلی رەش و شین
لەژێر زەبری قامچی و دارکاری زۆردارا
دروست ئەکرا !!
ئێستاش لای ئێمـە وەك ئەوسا
ئەوسای جاران !!
زەبرو زەنگی ئاغاو بەگ و زۆردارەکان
سکی برسی و پشـتی‌رەقی
هەژارەکان ، دائەماڵێ
ئێستاش دەربەگ و میران
خاوەنی بەرهەمی سالێ
هەتا ئێستاش ....
لەلای ئێمە !!
ئێمەی گەراوە ، پاشـەو پاش
لەسەر شانۆی چاوی زەقی‌هەموومانا
لە ئازارگای زۆردارانـا
جووتیارو هەژارو پالە
لەسەر ووشەیەك سـەرپێچی
ئازار ئەدرێن ، تەمێ ئەکرێن بەفیشـەك و دارو قامچی
سەرخۆشی‌ی و دەسـتخۆشی‌ی کردن
لەکردەوەی پیسی ، ئاغا
چاو سـووری‌ی و ، قال‌بوون سەرئەخا
تا ناوچـەی راوگا کانیشمان
نابێ کەس ، راویان تیابکا
تایبەتی و تەرخان کـراون
بۆ وەچەو خزمانی ئاغا
کامەمان زۆر هەژار پەروەردین
دلسوزو گەورەکانیشمان
بەنانێکی چەوری ئاغا
لایەنی زۆردار ئەگریـن
چونکە هەموو درۆزنین
هیچمان دلسۆزی هـەژارنین ....
هیچمان دلسۆزی هـەژارنین .

پیرەمەگـروون

بەخشانی سادە — ئومێد عەزیز

ئەی یاری دێرینی کـورد ، قەدپالت لەت‌لەت و کون‌کون ترە لە دلی پرلەداخی من بۆ کورد.

سەر لوتکەکانت سـپی هەلگەڕاوون دیارە پیری کاری تێ‌کردوی ، بەلام چەند پیری هەر بەرزی و نەنەو وەك دوستە لەش پتەوە دل نەلەرزەکـەت خاوەنی بەرزیت کەفرمیسکی خوینین هەل‌ئەرێژێ لـەتاو دووبەرەکی و دوژمنایەتی ..

من بزانم توش هـاوەلیت بۆیە بە لەشێکی فریشتەی‌یەوە بەکاری تیشکی زێرینی خـۆر وورده وورده پەردەی سـپی بەفرینی دووبەرەکیت ئەتوێتەوە و بەرگیـکی مەیلـەو رەش ئەپۆشی بەسەرخۆتا وەك یەکیك بلێ لەگەل دوستەکەتا بویـەك ئەگرین .

بەلام ئەوەندەی پێناچی هاوینی گەرمی داخ لـەدل ئەبریتەوە و پەلەپەلەی بەفرینی سپی لەدلە سافەکەتا بـەجێ ئەهیلێ ...

دیسان پایزیش چـەند گەلاریزان و خەزان بکـا ، تۆ بەدلیکی قایم تر لـە پۆلا رووبەرووی ئەوەستی ، دوای ئەم زستان دەست بەشیوەن و گریان ئەکا بەسـەرتا وەك دوستیکی گیـانی بۆ خوشەویستەکەی بگری بەدلیکی پر قولپو کولەوە ...

بەلام بو تۆو کوردی هەژار ناگری بەلکو ئەیەوی بەهـۆی لافاوی گریانەوە‌تۆوو هاوریکەت بفەوتێنی و لێتان کەم‌کاتەوە ..

بەلام بەداخـەوە ، زۆر بەداخەوە کە ئەی سەرماو لافاو بەفرو رەهێلەی زستان ،وەتوش ئەی گەرمای هاوینی پرداخ کە دەستان خستوتە ناو دەستی دوژمنەوە بۆ فەوتاننمان ، هیچ کاتێ ناتوانن کار لـە کوردو پیرەمەگرون بکەن ، چونکـە دل‌قایمین و لەش زیندوو ...

توش ئـەی پیرەمەگـرون خەفەت و خەم و دل‌ناخوش و لێو هەلقورچانی ناوێ ...

کاتیك ئـەزانی بەرەبەیانی سەربەستی بەهارمو سـەوزەگیاو گول لە دەورت کۆئەبنەوە کە بە خوێنی شـەهید ئاوو دراون ...

شەمالیش بەدلیکی پر سوزو ئاوازەوە مژدەی سەرکـەوتن ئەچرپێنی بەگوێتاو لە کـەلی شاخەکانی بەرامبـەرتەوە رۆژی ئازادی و رزگاری هەل‌یەت .

پاشماوەی : پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ...

دووبارەی ئەکەینەوە ، وەکە لە ووتارەکەیدا لە کونگـرەی لاواندا لە (٥ نیسانی ١٩٢٤)دا ووتویەتی :

(پارتی‌یەکەمان ئەبێت پارتی کرێکاران بێت ، ئەبێت (٧٠ یا ٨٠٪)ی کرێکار بێ وە (٢٠ یا ٢٥٪)ی خەلکی تر جگە لە کرێکار ، وە ئەمـە ئەبێت هەرگیز موعـەدەلی پارتی بێ) ئەم قسەیە (ستالین) لـە (١٩٢٤)دا ووتویەتی کەئەبوایە ئیستا نیسبەتی کرێکاران ئەگەر (١٠٠٪)یش نەبووایە ، بەلایەنی کەمەوە ئەبوایە (٧٠ یا ٨٠٪) با !!

پاشماوەی : چیرۆکی ژمارە ..

● ئەمەبـوو دۆزەخ .. ئەمەبوو ئەو رۆژەی لـێی ئەترسام بە دەستی خۆم..خۆم تووش کردو .. گۆرم بۆ خۆم هەل‌کەن.. نەفرەت لە ورۆژەی بەدیم کرد ..

تا ماوەیەکی دوورو درێژ.. سروشت توخنی نەکـەوتو خۆی لە جوانیا نەتوانەوە .. بەلکو قێزیشی لێ‌ئەکردەوە .. بەلام دلی هەلقرچاوی هەر بۆ بەلێن و پەیمان لێ‌ی ئەدا .

● قەیناکا .. ئەگەرێتەوە .. دێتەوە .. بیرم ئەکات .. ناگۆرێت .. دەست بەرداری نابم .. خۆشم ئەوێ .. خۆشی ئەوێم .

Institut kurde de paris

چی ئەزانی دەربارەی خەباتـی ئەرتیریا ؟!

بەشداری هەڵبژاردن

لەنامیلکەی جبهـەی تحریری ئەرتیریاوە وەرگێڕاوە

غازی رسول احمد

پیشەکی

لەبەر ئـەوەی کەحلقـەی زنجیرەی خـەباتی میللەتانی شۆڕشگێری جیهان لەیەك دابڕ ناکرێنو یەکالا نابن بەتایبەتی ئـەو میللەتانەی کەلەئێمرو چەرخی بیستـەمدا ئاڵای شۆڕشگێرانەیان بەرز کردوتەوە رووبەڕووی ئیمپریالیزمو ئەهریمەنەکانی شەرو ئاژاوەو پێشێل کردنی مافی میللەتانو چارەنوسیان بۆیی وابەپێویستی ئەزانین کەگۆشـەیەکی تازە بەناووی (ووڵاتان بناسـە) بیخەینە بەردەست خوێنـەری کوردی خۆشەویست بۆئەوەی شارەزایـەکی پوخت دەربارەی ئەم میللەتە سەرفرازانەی دونیا پەیدا بکات لەپێشەوە میللەتی ئەرتیری ئەخەینە بەردەسـت خوێنەری ئازیز ئەو میللەتـەی کەچەکی شۆڕشگێرانـەی دژی ئیمپریالیزمو زیونیزمو کونـە پەرسـتی بەرز کردوتـەوە هیواداری جیگـای رەزامەندی هەموو لایێك بێت ...

(ناوونان وشوێنگای)

ناوی ئەرتیریا لەزمانی یونانی « سـینوس ارتـریوس » وەرگیراوە » مانای دەریای سورە پایتەختەکەی « أسمرا » یـە وەئەم ووڵاتە کەوتوتە کەناری رووژ ئاوایی دەریای سـور ، سنورەکەی بەمجۆرەیە : سودان لەباکـوری رووژ ئاوایەوە ، حەبەشە لەباشوریەوە وەسۆماڵی داگیرکراو لەباشـوری رۆژ هەڵاتەوە .

(روبەرو نەخشەی خاکەکەی)

روبەری ئەرتیریا نزیکـەی (١٢٠) هەزار مێـلی چوار گۆشەیە ئەم ووڵاتە خاکەکـەی هەمە چەشنەیە وەکو گـردی (شماء) لە ناوەندی ووڵاتەکەیە کەبەرزایی بەسـەر دەریاوە (٨٠٠٠) پێیە ولەرۆژ هەڵاتی ئەرتیریا زەریایـە وەدارو درەختێکی زۆری هەیە، هەمیشە چەند روبارێکی گەورەی بەناو خاکەکەدا ئەروا گرنگترینیـان « القاش وبرکا » یە وەروباری « ستیت » کەسـاڵ دوانزەی مانگ بەردەوامە وەئاوو هەوای ئەم ووڵاتە بەم جۆرەیە : ساڵ تاسەری بەهارە لە هەورازەکان وەگەرمایە بەدرێژایی سـاڵ کەناری رۆژ ئاوایی وەکشتو کالیشی بە گوێرەی ئاوو هەوای هەڵکەوتوە .

(گرنگترین بەندەرەکـانی تازەی وەریگایهاتو چو کردنی)

گرنگترین بەندەر (مصوع وعصبه)یە بـەلام بەندەری میژویی (عدولیسـی) بەناو بانگە ، وەشارەکانی ئەرتیریا بەجوانترین‌ریگاو بان بەستراوە وەدرێژایی رێگا قیرتاوەکـانی ئەگاتە (٣٠١٦) کیلومتـر هەمیشە رێگای شەمەندەفـەر زورترین شارەکانی بەیـەك بەستۆتەوە .

(دانیشتوان)

ئیستاکە ژمارەی دانیشتوانی (٣) ملیون کەسە وەشـەرە دروندانەکەی ئیمپریالیزمەکـان زوری قەلاچو کردوە ، وەبەشی زۆری ئەم میللەتە ئەگەرینـەوە رەگو ریشەی عارەبی کە لەگەڵ دانیشتوە کونەکانی بە دریژایی میژو تواونەتەوە وەبەتایبـەتی دوای کۆچ کردنی سەبەئیەکان وحەمیریەکان بو کـەناری رۆژ ئاوایی زەریای سـوور ... لەگەڵ قوناغە دریژەکانی دورە پەرێزیشیدا کە بەسەر میللەتی ئەرتیـریا رەت بوە دەربارەی دوور کەوتنـەویان لەناوچەی عارەبیەوە کـەچی بەردەوام پاریزیان لەخو رەووشـتو رەسەنی عەرەبی خۆیان کردوە .

ماویەتی

پاشماوەی : گۆران تاڵەبانی ..

چونکە باشترین ریز وتەقـدیر بۆ ئەوانەی باش دەرئـەچن بەتایبەتی بۆ چەند کەسێك کە لە پێشی پێشەوەن لەدەرچوونا ئەوەیە کە خۆیان کویان دەوێ بیان نێرن وبەلای منەوە هیچ تەقدیرێکی تر ناگاتە ئەوە !!

پرسیار : ئـەم دەردە با تا رۆژی ... باشە ئەی ئارەزووت لە خوێندنی چ بابەتێـکی عیلمی‌یە ، بۆچی ؟

وەڵام : من زۆر حەز لـە خوێندنی پزیشکی ئەکـەم – بەتایبەتی – جا لەبەر ئەوەی مەسەلـەی دەرەوەی ووڵاتم بۆ نەچوە سەر ، بریارم دا لێرە پزیشکیی بخوێنم ، چونکـە زیاتر ئەتوانم خزمەتی میللەتە دواکەوتوەکەمان بکەم !

پرسیار : بێگومان ئێمـەی کورد پێویستیەکی زۆرمـان بەکادیری عیلمی هەیە لە هەموو سووچێکی ژیانا ، ئایا بـەلای تۆوە ، بۆ پەیدا کردنی ئـەم جۆرە کادیرانە پێویستیمان بەچی هەیە ؟

وەڵام : بۆ پەیداکـردنی کادیری عیلمی کوردی ، پێویستە باری تایبەتی کوردستان بـە چاوێکی تایبەتی وگرنگ سەیر بکرێت ، بۆ نمـوونە نابێت قوتابیەکی سانەوی لەناوچـەی کوردستان ، کە ماموسـتای باشی کەمە وبەهۆی شەڕی ئەم (١٠) ساڵە ، زۆر دواکەوتوە، وەکو قوتابیەکی بەغدا سـەیر بکرێت . دوایی پێویستە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك لە قوتابیـانی کوردسـتان – بەتایبەتی – بنێردرێن بۆ دەرەوە . هـەروا پێویستە لـە زانستگاکـانی عێراقدا بەپێی نیسـبەتی دانیشتووان وەربگیرێن .

پرسیار : باشە ، ئـەی – هیوایە – تەکانت چـین ولەبەرچی ؟

وەڵام : زۆر حـەز لـە خوێندنەوە ئەکەم ، بەتایبـەتی ئەو کتێبانەی کەباسی پزیشکی ئەکەن . یاخود کتێبـەکانی نووسەرە بەناوبانگـەکان وەك (تۆلستۆی – هیگو – هەمە-نگوای) زۆریش حەزم لـە خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی‌یە ، بەتایبەتی شیعرەکانی ماموستا گۆرانو بێکەس وپیرەمێـردو هەردی، ئەمە وجگە لەئارەزوشم لە مۆسیقاو هەندێ بەشـی وەرزش – ریشە – هەروا حەزم لەیاری (شەترەنج) ە ، چونکە پێویستی بەعەقل بەکارهێنانە .

پرسیار : رات دەربـارەی (دڵداری ، زیرەکی، بەختیاری، نیشتمان جوانی ، مافی‌ئافرەتان زانست ، هونەر) چـۆن دەس‌نیشان ئەکەی ؟

وەڵام: هەر چەند پرسیارەکە قورسە ، بەڵام ناچـارم دەس نیشانیان بکەم :

(دڵداری) : زور پێویستە بۆ ژیان، چونکە ژیان بێ‌دڵداری وەکو گوڵێکی بێ بۆن وایە .

(زیرەکی) :
بەهرەیەکە خوا ئەیدا بەبێ تەقەلاو کۆشش ، وەکـو نەمامێك وایە ئەگەر ئـاو نەدرێت ، نەبەری ئەبێـتو نەسێبەر .

(بەختیاری) :
لەشوێنی دەس‌نیشان کراوا نیە ، جار واهەیە دەولەمەندێك لەکۆشکێکدا زۆر بەپەرۆشەوە بۆی ئەگەرێت ، کەچی ئـەو لەکوخی پیاوێکی هەژارایە !

(نیشتمان) :
شتێکە کە پێویستە مرۆڤ لە دایکی خۆی نزیك تـری ببینێ .

(جوانی) :
کانیەکە بەلێوی چاوو دڵ لێی ئەخورێتەوە بۆ ئـەوەی تینویەتی هەمـوو لـەش بشکێنێ !

(مافی ئافرەتان) :
زۆر پێویستە بۆ جێ‌بەجـێ کردنی پێشکەوتن لـەهەمـوو والاتێکدا .

(زانست) :
کلیلێکە دەرگای پێشکەوتنی پێ ئەکرێتەوە .

(هونەر) :
بەهرەیەکە کە هەموو جۆرە زەوقێك ئەتاشێت ورێـکی ئەخات .

پرسیار : ئای .. باشـە ئەی جوانترین دێرە شیعری کوردیت لە ئەزبەرا بێ چیە ؟

وەڵام : ئەگەر هەر تەنیـا دێرێك بڵێیت ، زۆر دێـرە شیعری کوردی جوان هەیـە وبابەتەکانیشیان جییان ، بۆ نموونە لەشیعری نیشتمانیـا ئەم دێرەم بەلاوە جوانە :

داری ئازادی بەخوێن ئـاو نەدرێ قەت بەر نـاگـرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

یا لە شیعری دڵداری یـا :

کە بێ لێوم لەسەر لێـوی بنێم روحم لەسەر لێوە
کەبێت ولابەرێ لێـوی ، ئەوا ، روح دەرئەچێ پێـوە

پرسیار : ئای‌لە گـۆرانی زاناو وبەزەوق .. ئـەی لەزاناکانی جیهان کامـەیانت بەدڵە وبۆچی ؟

وەڵام : دەس‌نیشان کردنی یەك زانا کە بەدڵم بێت شتێکی هەڵـەیە ، من هـەموو ئەو زانایانەی کە لەهەمـوو مەیدانێکا شوێن دەستیان هەیە بەدڵمن . بەڵام ، ئاواتەخوازی ئەوەم زانایـەك چارەی (شێرپەنجە) بدۆزێتەوە ، تـا پر بـەدڵ ئافەرینی بکـەمو شـوێنێکی تایبەتی بۆدابنێم لەدڵ‌ودەرونی خۆما .

پرسیار : باشـترین چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکانی ئادەمیزادی کورد – بەرای تۆوە – چیە ؟!

وەڵام : باشـترین چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکانی ئادەمیزادی کورد بەرای منەوە لەپێش هەمـوو شـتێکا چارەسەرکردنی باری سیاسیی میللەتی کـورد ، ئینجـا ئەوانی تریش دوای ئەمـە دێن !!

پرسیار : ئاواتە – تایبەتی‌و گشتی – یەکانت چـین لەژیانا ؟

وەڵام : ئاواتی تایبـەتی وگشتی من ، خزمەتی میللەتی دواکـەوتووی کـوردمە وهیوادارم بەزوترین کـات بگاتە ریزی میللەتەکانی تر

دواداخوازی :
بێ زەحمەت کورتەیـەك لەژیانی خۆت بخە بەردەست خوێنەرانی هاوکاری .

گۆران :
من لە ١٩ مانگی تەمووزی ١٩٥٣ دا لەدێی (زەرداو)ی ناوچـەی کفری لەدایك بوم . لەساڵی (٩٥٨)دا لە قوتابخانەی سـەرەتایی دێی زەرداو وەرگیرام ، پاش ماوەیـەك لەبەر منالی دەریان کـردم ، بەڵام من وازم نەهێنا وهەتـا پۆلی چوارەم لەوێ بووم ، کە باوکم دوورخرایـەوە بـۆ – عمارە – چووینە کـەرکوك ولەقوتابخانەی – النجاح – وەرگیرامو لەتاقی کردنـەوەی بەکەلوریای شەشـدا بەدوەم دەرچووم ، لەپاڵ خوێندنـدا هەمیشە خەریکی چالاکـی کۆمەلایەتی بووم وسەرکردەی تیپی سروودو گۆرانی بـووم لەقوتابخانەکەمانـدا . وزۆر حەز بەرەسم کردن ئەکـەم وتارادەیـەك لێی ئـەزانم . لەساڵی ١٩٦٥دا هاتمە بەغداو پلەی ناوەندیم بەیەکـەمی تەواوکرد . سانەویشم لـە – اعدادیە المرکزیە ـی بەغدا تەواو کردو بەیەکەمی هەمـوو عیراق دەرچووم ومعدەلی (٩٦) م هێناوە لەلقـی زانستـدا . لەئەنجاما سوپاسێکی زۆرتان ئەکەم کەمنتان بیرکەوتوتەوە هیوادارم رۆژنامەی جەربەزەی (هاوکاری) هەمیشە لەخزمەتی میللەتی‌کورد وئەدەب وزانست وبرایەتی یا بێت .

(محمود زامدار)
ئامادەی کردوە

پاشماوەی : چلەی تێکۆشەر عاصم حیدری

زیندوە . لە دەوری ئـەم گۆرەشا لە جیاتی خەمگینـیو دەستەو سانیـیش بەڵێن تازەکردنەوە ئەبێ بو عاصمو بیروباوەڕە بەهادارەکانی عاصمو تیکوشـانی بێ وەچانی عاصم لە پێناو بەختەوەری ئادەمیزادی کوردی پڕ لە کارەسات .

عاصمی خەباتـگێر وانەبێ تەنیا ئەو رێبوارە بێ دەنـگو سەنـگ رەنگە بێ ، چـۆن هاتوە ، ئاواش‌بروا . هیـچ شوێنەوارێ لە پاش‌خۆی بـۆ میللەتەکەی بەجێ نەهێـڵیو وەك بەردی بن‌گـۆم – وەك هـەزاران ترسـنۆكو خۆپەسەندی‌تر – لەژێر پێخەفی حەسانەوەو گەوجیا سـەر بنێتەوە ، نا بەڵکو (پێـوەری یەکەم ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی شار) لەو پیاوانە نەبوو مـل بۆ فەلسەفەی دورە پەرێـزو خۆپەرستان کەچ‌کات ، بۆیـە هەر لەو رۆژەی کە چـاوی بەرامبەر دیمەنە ناشیرینەکانی کوردستـان کردەوە ، مـلی بەخەباتەوە ناو لەگەڵ دەستەی یەکەمی لاوانی هەولێر چوە ناو ریزی بزوتنەوەی کوردایەتی ئەمرو بوو بە پێوەری هەمـوو کۆبونـەوەو مانگرتنێـکو خۆپیشـاندانێـکی ولات پەروەرانی شارەکە ، تـاوای لێ‌هات بوو بە دیارترین کەس لەریزی بزوتنەوەی نەتەوایەتیو دیموکراسی ، کە لەدوا ئەنجاما روو بە روو یەخەگیـری خوێنمژانی کورد بوەوە و لـە ئاخرو ئوخرا دەسـکرا بەراوەدونانو تۆقاندنی ئەمو سەدەها دڵسۆزی وەك خـۆیو بۆ ماوەی دەساڵی رەبـەق لەغەریبیو پەراگەنـدەییو برسیەتی سـەری‌نایەوە ، سەرەرای ئەوەش حەوت ساڵ بەندیخانەو سێ‌ساڵ دوور خستنەوەی لەقەزای (بەدرە) بەسەر برد . بەڵام هەر کۆڵی نەدا بەردەوام تا ئەهـات سەرگەرمتروچاو قایمتر ئەبوەوە زیاتر هەنگاوی رامالینی دیمەنە ناشرینەکانی بە جۆشتر ئەبوو لە سایەی ئەم چوسـتو چالاکی‌یەیداو هەر لەگـەڵ کۆتایی شەری جیهانی دووەم لەلایـەن بەرەی نیشتمانی‌ی ئەو سەردەمە هەڵبژێردرا بـۆ ئەنجومەنی پارلەمانی ئـەو دەورو دوکانە ..

بێجگە لەمانەش عاصمـی تێکۆشەر نووسـەرێکی لێ هاتووی چـاو نەترس‌بوو ، ووتارەکانی لەزۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردیو عەرەبی‌یەکاندا شایەتی قەڵەمی بە جەرگی‌یەتی سەرباری ئەمەش هەر خـۆی لەخۆیدا ئەنسکلۆپیدیایەکـی تێرو تەسەلی گشت سەربردەو روداوەکانی شاری هەولێـرو بزوتنەوەی نیشتمانی‌بوو .

بەلای ئێمەوە ،یاد کردنەوەی هەر پێشمەنگێك ئەبێ لە ئاستی هەڵوێستە کوردانەکەیەوە دەس پێ‌بکات هەڵوێستەکانی عاصمی تێکۆشەریش مایەی شـانازی هەموو دڵسۆزێکە ، هەمـوو وەفادارێکی ئەم خاكو ئاسمان ومیللەتە . بێگومان ئەو مردو ئێمە ماین ، بەڵام دروشـم وبیروڕایەکانی ئەم هێشـتا بەردەوام خۆی لەم دێـرە شیعرەدا ئەنوێنێ :

ئەو ئاگرەی لەدڵمەوە بەر بێتە کفنەکەم
تا دوژمنم نەکا بە زوخـاڵ شەرتە پف‌نەکەم !!

هەزار چەپکەگوڵ بۆ گۆڕی زینووی عاصمو هـەزار سڵاویش بۆ چلەو دواکۆچـی ماموستای‌نەوە ، عاصمـی تێکۆشەر .

(هاوکاری)

پاشماوەی : گۆرانی‌ی یاخی

مەلۆتکەیـەك بووم ، بۆدنیا بۆچی هاتم ؟!
هەر کە هاتم ،
بە کێردی ئەفسانەو درۆ، ناوکم بڕرا
بە خوێنی سزاو مەینەتی، چاوم رێژرا
هەر کە هاتمە دنیـا ..دنیا ..
بوو بـە گۆڕێك رەش‌وتەنیا ..
لە ناویا گۆڕەو شار درام
بەشیری ئازار گۆش کرام
لای‌لایەی دایکم گریانی
تۆڵەی یەکەم شەوی خوێن بوو
بۆ یەکـەمین – حوزەیران– ی
تەمی مێژووی بێ زەردەخەنەی شارەکەم
بەستەیەکی ئاگرین بوو..
ئەمڕۆیە دەروونە ناسکە.. زامارەکەم
بۆچی ئیتر یاخی نەبم ؟!
ئەگەر سەیری ..
لاپەڕەی رەشی تەمەنم
بکەی هەمووی
مۆمی دێری تووائەوەیە ..
جەرگی شادیم ، کـانی‌زامی
خوێنی گـەشی – سیاوەحشی –
هەڵقوڵاوی نەبڕاوەیە ..
چڵی نەمامی ئاواتم ،
گوڕزەی زەردی گوڵـە گەنمی هەڵقرچاوی ..
ناو گلێنەی سـووری‌چاوی
ئاگرێکی نەکوژاوەیە ..
دەیان بەسـتەی سەوزی‌هیوا
لە ئاسۆی سووری لاویما
بە خـەزانو خۆری پایزشۆراوەیە ..
تاکەی ئیتر یاخی نەبم ؟!
تاکەی ..؟! تاکەی ..؟!
بە ئاگری وشەی یاخی
لاپەڕەی رەش نەسووتێنم..
تاکەی قوڵنگەکەی – فەرهاد –
فەرهادی نوێ ..
بۆ (شیرین)ێکی بەهەشتی ..
دڵ پڕ لە سوێ
بۆ پەیامە پیرۆزەکەم ..
لەگەڵ یاخی‌یەکانی شارا..
بە هەزار دەست نەوەشێنم .

مایسی – ١٩٧١

پاشماوەی : قولە رەشەکانو..

تـا ئەهـات فـراوانتر ئەبوو هەتا لە ساڵی ١٧٩٠دا ژمارەی قولـە رەشـەکان بەنیسبەت هەموو دانیشتوانی ئەمریکاوە ١٩٫٣٪ بوو ، بەڵام سزا دانو کوشتن گەیاندیـە ١٠٪ ، ئەوانەی مانەوە ،ئەوانە بوون کە لەبەردەم سزاو ئازارا خۆیان گرت .

لەگەڵ ئەو هەموو سـزاو ناڕەوای‌یەشدا رەشـەکان بەشداری شۆڕشی ئەمریکایان لەدژی ئیستعماری ئینگلیز کرد هەتا لەسەر کردایەتی شۆڕشا کابرایەکی قولە رەش هـەبوو ناوی (کریبس ئەتاکس) بوو داوای لەهاووڵاتیە سپیەکـان ئەکرد خۆیان بگرنو خەباتیان توندکەن تابتوانن پارێزگاری بەندەری (بۆستن) بـکەن، بەڵام یەکێك لە سپیەکـان لێی راپەڕیو پێی ووت (ئەی رەشی بێ‌فەر ، تۆ بۆ خـۆت ئەخەیتە ناو ناکۆکی بەینی سپیەکانەوە) .

بەڵام (ئەتاکس) خـۆی کردە قوربانی سەربەستی هەموو گەلی ئەمریکا ، خۆیو زیاتر لە پێنـج هەزار رەش شەهید بوون لەکاتێـکدا ووڵاتی خۆیان پەت ئەکرانو ئەخرانە پاپۆرەوەو بەدەریاو ئۆقیا نوسا بەلێدانو سـزا ئەگەیەنرانە رۆخەکانی ئەمریکا تا بازرگانیان پێوەبکەن .

جا لەبەر ئەوەی هەرێمەکانی خوارووی ئەمریکا جێـگای کشتوکاڵ بو ، کویلـەکان لەوێدا زیاتر بەکار ئەهێنران، لەبەر ئەوە ناوچـەی خوارو لەوساوە هەتا ئێسـتەش مەڵبەندی جیاوازی رەگەزایەتیە دژی قولە رەشەکان ، بـەر لە بەرپا بونی شەری ناوخۆیی کە لەنێوان دوو سەد پیاوێکی سپی‌دا بو لەسەر کارو باری ئابووری (هەروەك میـژوو نووسە نوێکان ئەمە ئەسەلمێنن) بەر لەوە رەگەز پەرستەکـانی خواروو سووربون لەسـەر ئەوەی کۆیلەکان ئەبێ هـەر بەکۆیلەیی بمێننەوە گوایـە چونکە ئەوانە لەئەساسـەوە توانای فیربونو پێش‌کەوتنیان نیە ، لەکاتێکدا پیاوە ئاینیەکان رژێمی کۆیلەییان مەسیحیانـە لێك ئەدایەوە (کۆیلەیەتی تەنیا رێگایەکە بۆ ئەوەی بێنـە سەر باوەڕی مەسـیحو فەرمایشتەکانی عیسا فیربین) .

هەتا (لنگولن) ترسنۆك بـوو !!

کاتێ ئەو شەرە ناوخۆیـە بەرپا بوو نەسەرەتاو نەکۆتایی بۆ سوودی سەربەسـتی کۆیلەکان نەبـوو (هەروەك دەنگ وابڵاوە)و ئەمریکایەکان ئەیانەوێ شانازی پێوە بکەن ، بەڵکو شەڕێك بوو لەنێوان ژوورو خوارووا لەپێنـاوی دەست گرتن بەسەر ئابـوری ئەمریکادا بەگشتی ، هەتـا مەسەلەی کۆیلەیەتی قـولە رەشەکانی هیچ ئەهمیەتێکی نەبوو وەك ئاشکرایە شەڕەکە لەساڵی ١٨٦١دا دەسـتی پێ‌کرد ، لەکاتێکدا (لنکۆڵن) بەیان‌نامەی رزگاری کۆیلەکانی لە کۆتای ساڵی ١٨٦٢ دا ئیمزا کرد ، وە خۆی زیاتر لەجارێ ووتویە کە بۆیە توانیویەتـی پارێزگاری یەکیتی خـوارو ژوورو بکات چونکە مەسەلەی رزگاری کویلەکانی بەئاشکرا نەخستۆتە ناو ، وە ئـەڵی (من لەمەرکەزی سەیرکردنی رەگەزی سپی‌دا، بە بـەرزی لەریـزی محافیـزەکاندا ئەوەستم) .

جوڵانەوەی بەگژا چـونی رەگەزی رەش‌و تەنگ پـێ هەڵچنینیان بە هوی یاسـا و کوشتنی بە کۆمەڵو تـاكو سزاداني ئاشكرا لەشەقامەکان هەموویان هیوای سەربەست بون لە دڕندایەتی‌و دیلیەتی لەدڵیانا بوو ، (فرانس ئەڵن هاریر) لە هەڵبەسـتە بەناوبانگەکەیا (خـۆت بگەیەنەرە خاکی سەربەست) ئەڵی :

(لەهەر کوێیەك ئارەزوو ئەکەی ..
گۆڕێکم بۆ هەڵکەنە ..
لە دەشتێکی بەرین‌دا ، یان لەچیایەکی بەرزا ..
هەر خاکـێ تۆ ئارەزوو ئەکەیت ..
تەنیا خاکێ نەبێت (کۆیلە)ی تیا بێت ..
چونکە دڵنیابـە ، تا لـە گۆڕیشا
ئەگەر گوێم لە دەنـگی (کۆیلە)یەك بێت
ئازارو سـزا پەرێشانی کرد بێت ..
من ناسرەوم ..
چونکە دڵنیام سـێبەری هەریەکێکیان ..
لەسەر گۆڕەکەم ..
ئەیگۆڕێ بە شـوێنێکی ترسناك) .

– ماویەتی –

پاشماوەی : لەم گۆشـەیەوە

حەڤدە لاپەرەیە ، بەزمـانی عەرەبی نووسراوەتەوە ، بەڵام بەو شێوەیەی کـە لەپێش سەردەمی جاهلیەتەوە عەرەب بە چەند سەدەیەك قسـەی پێکردوو !!. بەوەدا کـە ماموستا لە دامێنی کتێبەکـەی نووسیووە (بەخۆرایی لە راهی خوادا بڵاو ئەکرێتەوە) مەبەستی پارەی نەبوو لە دانانی ئـەو کتێبە » نەم ئەویست ناوی ئەو پەرتووکە ببەم لەبەر ئەم چەند تێبینی‌یە نەبوایە ،، یـەکێ لەوانە ..

● دیارە ماموستا ئـەو کتێبەی بۆ جوتیـارو رەش‌و رووتی کوردستان « تألیف » نەکردووە ! ئەگینا بـە زمانی کوردی بۆیئەنووسین‌وئاگاداری ئەکردن « وەك ئەوئەڵێت »کەوا ئاینی پیرۆزی مسوڵمان لـە مەترسیدایەو هەتاکو ئەوانیش تێبگەن کە ماموستا ئەفەرموێت چی !!؟ وەیا ماموستا کوردی نازانی !؟ یا (حاجی مەلا زاهیر) پێی عەیبە بەکوردی بنووسێو بەکوردی نووسین بەتاوان‌وکفر ئەداتە قەڵەم !؟ وەیا ئەیەوێت سوارچـاکیو لێزانی عەرەبی خۆیمان پێ نیشـاندات وەیا ئەیەوێت لەم پەرتووکە (١٧)ە لاپەرەیەیدا قوربات بـە چاوی ئەو (حاجی قادری کۆی‌یەدا) کە لەپێش سەدەیەك زیاترەوە وتبووی .. ئەوەی زمانی بابی خۆی نەزانێ ...

● ماموستای بەرێز وەك لای هەمووکەسێك روون‌و ئاشکرایە لای خۆشت ئاشکراترە کـە هەموو ئاینێك بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتۆتەکایەوە .. وە ئاینیش لە شارستانی‌و ئاوەدانیـدا بڵاو ئەکرێتـەوە ،، بۆیـە ئاینی مسوڵمانیش لەگەڵ ئاوەدانیدا ژیاوەو وتویەتی « ئیمـاندار ئەوەیە نیشتمانی خۆی خۆش ئەوێت » وە مەبەستیشی ئـەم نیشتمانەیە نەك ئەوی تۆباست کردووە لە دامێنی لاپەرە ١٠ی پەرتووکە (١٧)ە لاپەرەیەکەدا .

● ماموستاکیان ، ئەگەر بە ساده ترین جوتیار بپرسین کە لە گوندێکی زۆر دوور لـە شاریشدا ژیابێ ئایا ئـەوەت پێ‌نالێت کە (مێش) زیندووەرێکی پیسە !؟ ئەی تۆ چۆن تازە لەکۆتای سەدەی بیستـەمدا لـە دامێنی لاپـەڕە ٧ی پەرتووکەکەدا پێمـان ئەڵێت (باڵێکی هۆی دەردەو باڵێکی تری هۆی شیفا وەئەبێ هەردوو باڵی لە وشتەدا نوقم کەین کە تێی ئەکەوێت بۆ ئەوەی دەردوو شیفا بەرامبـەر راوستن !!) باشە ئەم قسەیەت پێچەوانـەی ئامۆژگاریکـانی وەزارەتی تەندروستی نی‌یە ؟؟

● ماموستاگیان ئەو کارەی لە راهی خوادا کردووتە ئەگەر بەشێوەیەکی تر بت کردایـە زۆر جێ‌گـیر تر دەبوو ، وەك ئەوەی ئەو پارەیەی لەو کتێبەدا خەرجت کردووە کە هیـچ کەڵکێکی نی‌یە بدایە بە چەنـد بێوەژنێکی هەتیوبار یا چەنـد کەسێکی بێ دەرەتانی لێ‌قەوماو کە کورد زۆری لەوانە هەیە.. ئەگینا ئاینی مسوڵمان شوکر هیچ لەمـەتر سـیدانی‌یەو پێویستی بەو پەرتووکە «١٧» لاپەرەی‌یەی تۆ نی‌یە بەڵکو ئەوەی ترسی لە ناوچونـی هەیە تەنیا ئەو مێشـکە پوچەڵانەیە کە فریان بەسـەر ئاینەوە نی‌یەو ئاینیان کردووە بەهۆی خۆ بەخێو کـردنو بەس .

نوری حەیران

پاشماوەی بەڕێوەبەری ترانسپۆرت

فەرمانی ئەم دەزگایە لەلایـەن ئەوانەوە بەرێك‌و پوختی‌ئەچێتە سەر .. وە هیچ گیرو گرفتێکی ئەو تۆ نی‌یە شایانی باس بێت.

هاوکاری : سوپاسـتان ئەکەین ، ئاواتە خوازین گشت لایەك سەر کەوتووبن بۆ خوشی و شادی هاووڵاتیان .

پاشماوەی : لە بیرەوەری (٢٥) ساڵەی ...

١١ی ئازار پەیوەندیمان بەهێز بکەین بەبیروباوەڕی نیشتمانی شۆڕشگێری ڕاستەقینەوە لەگەڵ یەکابکەینەوەوە هەنگاوی خێرا بنێین بەرەوپێشەوە بۆجێ‌بەجێ کردنی هەموو بەندەکـانی بەیانی ١١ی ئازار .. ئەگینا رۆژ بەرۆژ زروفی سیاسـی بەرەو ناڵەباری دەچێت وەپاشە رۆژی هەموو گەلی عێـراق بەگشتی وەهەر دووولامـان بەتایبەتی بێ‌سوودئەبێت :

– ئیتر هەربژی پارتـی دیموکـراتی کوردستان بەسەرۆکایـەتی بارزانی .

– شەکاوەتر بێت ئـاڵای خەباتی ٢٥ ساڵەی پارتیمان .

– بەهێز تر بێ برایـەتی کوردو عەرەبو کەمایەتی‌یەکانی نەتەوەیی‌و ئاینی .

– بەهێز تربێ پەیوەنـدی نێوان هەموو هێزەکـانی سیاسـی‌و نیشـتمانی‌و دیموکراتی‌و پێشکەوتوی عێراق لەپێناوی پێك هێنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو لەعێراقدا کە حوکمەتێکی نیشـتمانی‌و دیموکراتی لێ‌هەڵقـوڵابێ وەبتوانێ هەموو گەلی عێـراق کۆبکاتەوە بۆ پێشـکەوتنی رژێمی جومهوریەتی عێراقـی وەوەسـتان بەرامبـەر بەپیلانەکانی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی .

– بژی کۆماری کـوردو عەرەب بەسەرۆکایەتی تێکوشەر کاك ئەحمەد حسن بکر .

دوا بەدوای ئەوە ووتـاری رێکخراوە کوردستانیەکـان خوێندرایەوە لەلایەن کـاك فایەق توفیقەوە ، ئینجـا بەرنامەکان یەك لەدوای‌یـەك پێشکەش‌کران بە ڕیز بـەم شێوەیە : سرووودی (ئەی‌وەتەن) لە لایەن کۆمەڵی هونـەرو وێژەی کوردیی‌یەوە ،هەڵپەرکێ لەلایەن لاوانی کوردستانەوە ، پارچەیەك مۆسیقا لەژێر ناوی (گەڵاڵە) ، دوانزە سـوارەی مەریوان ، چیرۆکی (سندوقە بۆر) لەلایەن تیپی ناوەنـدی کاوە (یەکێتـی قوتابیانـی کوردستان) ، گۆرانیەکـی نیشتمانی لەلایەن عوسمان شارباژێری ، گۆرانیەك لەلایەن سەلاح مجیدەوە ، گۆرانیـەك لەلایەن عەتا غەفورەوە .

ئاهەنگە کە لەکات ژمێـری نۆ (٩)دا کۆتایی هـات بەسـروودی (ئەی‌رەقیب) بەمجۆرە شارەکەمان ئاهەنگی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی پارتی گێرا ، هەمـوو سـاڵێك بەخۆشی‌و بەهاتەوە .

هاوكاری

ژمارە : ٣٠
٢٨ی ئابی ١٩٧١

هاوكاری و خوێنەران

ئومێد

● **كاك ئەنوەر شاكەلی :**
ئەرێ ئێمە بەچی ئەزانی !! خوێنەرانی بەڕێز ٠٠ بابزانین ئەنوەر ئەڵێ چی :

(وا بۆ جارێكی كە هەڵبەستی (گۆرانی ناسور بۆ كێ وتران)م بۆ ناردنەوە بۆ بڵاوكردنەوە ، وادیارە بڵاوكردنەوە لە (هاوكاری)دا وەكو بەتاقەی شەكرو چای جارانی لێ هاتووە ٠)

ئینجا كاك ئەنوەر ئەڵێ :
(ئێستا ناچارم ، چونكوو پەیمانم بە خۆشەویستەكەم داوە كەپێشكەشی بكەمو لە (هاوكاری)دا بڵاوی بكەمەوە ٠٠ هتد)

قوربان كاك ئەنوەر ٠٠ ئەگەر ئەدرێسی خۆشەویستەكەت بنێری چاكترە ، شیعرەكەت راستەوخۆ بۆ ئەوی ئەنێرین كە تۆ ٠٠٠ ناوێری ٠

● **كاك مەحمود عەلی هەمەوەندی :**
هیوادارین بەرهەمی داهاتووت سەركەوتووتر بێ ٠

● **كاك جەوهەر مەولود لە هەولێرەوە :**
گلەییەكی دوورو درێژ لەكونگرەی نووسەرانی كورد ئەكات كە وەكو پێویست رێزیان لە (شاری هەولێری دێرین) نەگرتووەو كوتایی بە ووتارەكەی بەوە ئەهێنێ (جا توخوا جێگای شانازی هەموو ئەدیبێكی كورد نی یە كە لەم كونگرەیە بەسترا لە هەموو هۆنراوەكانیان دەیان جار ناوی هەولێریان دووپات بكردایەوە ؟!) ٠٠

٠٠٠٠ ئێ قوربان ئێمە بڵێین چی !؟

● **كاك هەڵۆی جەنگ لە هەولێرەوە :**
بەساقە ئەوە كەی رەخنەیە !؟

● **كاك نوری شیخ مصطفی قەراخی لە سلێمانییەوە :**
زۆر سوپاست ئەكەین هیوادارین لەبارەی شتی گەورە بۆمان بنووسی ٠

● **كاك نەریمان فوئاد :**
(لە روژانەی كرێكاریكا) ئەمجارە الاواز بوو !

● **كاك انور عبدالرحمن فتاح لە سلێمانییەوە :**
سوپاسی پێپایانمان پێشكەشت ئەكەین ، بەم زووانە نووسینەكەت بڵاوئەكرێتەوە ، دەربارەی گۆڕینی (داڤید كوپرفیلد) شتێكی چاكە ، بەڵام بەلای ئێمەوە گەلی شتی بەنرختر هەن كە پێویستە بگۆڕدرێنە كوردی وە پێویستە راستەوخۆ لە زمانە ئەسلیەكە بێ ٠ كە ئەم جورە گۆڕانە بەلامانەوە سوود بەخشە ٠

● **كاك عبدالله علی دارتاش لە كەركوكەوە و كاك بەكر كەساس لە سلێمانییەوە :**
هیوادارین بەرهەمی داهاتووتان سەركەوتووتر بێ ٠

● **كاك محمد عبدالله لە كۆیێ :**
كاكە هەستەكەت زۆر قوڵەو بیرێكی سەركەوتووت هەڵبژاردووە ، بەڵام بریا ئەو هەستو بیرەت لە بۆتەی پەخشانێكا دارشتبا ٠

لاوی بلیمەت — گۆران تاڵەبانی

گۆران تاڵەبانی گەنجێكی هەڵكەوتوی كوردە ، ئەمساڵ یەكەمین قوتابی عیراق بوو – لە بەشی زانستی – قوتابخانەی سانەوی – ئەم بەیەكەم دەرچوونەی كاك گۆران جێگەی شانازی هەموو كورد پەروەرێكەوئەبێ لە هەموو لایەكەوە بەهەموو چەشنێك یارمەتی كاكە گۆران بدرێ ، بۆ ئەوەی سەركەوتوانە خوێندنی تەواوكاتو خزمەتی نەتەوە بەجەرگەكەی بكات ٠ كاكە گۆران نموونەیەكی زیندوی بەهرەوەری وزیرەكی لاوە خوێن گەرمە كوردەكانەو لەوبروایەدایین هەزاران (گۆران تاڵەبانی) كە جەورو ستەمی نەتەوایەتی وچەوسانەوەی چینایەتی لەتاریكی نەزانین‌ودواكەوتنا گیری داون لە دێهاتەكانی كوردستانی ئازیزاهەن ، بۆیەكا ، لە پێناو ئەوگۆرانە نەناسراوانە ولە پێناوی لاوی بلیمەت وزیرەكی كوردكاكە گۆران ، دەبا هەموو هێزوتوانستێكمان لەبەرەیەكی بتەوی نیشتمانیدا كۆبكەینەوە ، كەتاكەرێگەی راستەقینەی گیروگرفتی میللەتەكەمانە وتاكە شێوازێكی كاریگەرە بۆ دەستەبەری كردنی تەقینەوەی شالاوی هێزو بەهرە وتوانستی هەزەها وملیونەها ئادەمیزادی كوردو٠٠ عەرەبو توركو فارس وئاثەر ٠٠٠ تاد ٠

(هاوكاری) بە ئەركێكی سەرشانی خۆی ئەزانێ كاك (گۆران تاڵەبانی) بە قوتابیان – بەتایبەتی – وبە هەموو كوردێك بناسێنێ وهیوادارە قوتابیە كوردەكان وەك گۆران بەپەرۆشەوە هۆگری خوێندن وفێربوون وخەباتگێرانو وەرگرتنی زانست بن بۆ ئەوەی بتوانن سەركەوتوانە بێنە ریزی خزمەتگوزاری نەتەوەی كوردی چەوساوە وخەرمان بەتاڵان چوو !!

پرسیار : ئەڵێن گوایە – ئەنشتاین ودارون – لە ٢٪ مێشكیان لە گیروگرفتەكانی زانست بەكار هێناوە ، باشە ئەی خۆت چەند لەسەدی مێشكتت تا ئێستا بەكارهێناوە تا ئەم چوست وچالاكی یەت نواندوە ؟

وەڵام : كاكی خۆم من قوتابیەكم تازە ملی رێگەی خوێندن وزانستم گرتوە ، نازانم چۆن لەگەڵ – ئەنشتاین – دا بەراوردم ئەكەیت ، ئایا باشتر نیە كە رێگەیەك پیشان من بدەن كەهەست بەساكاری بكەم نەك مەغروری ؟

پرسیار : قەی ناكا ئێمە مەبەستێكی ترمان لەم پرسیارە هەیە ٠٠ باشە ئەی مەسەلەی دەرچونت بۆ دەرەوەی عێراق لە چیدایە ؟

وەڵام : من حەزم ئەكرد كە پزیشكی یان هەندەسەی نەوت لەدەرەوەی وڵات دا بخوێنم ، بەڵام نازانم بۆچی ئەمساڵ ئەو لقی خوێندنە سەروسۆراغی نیە !! چونكە بەراستی كادیری كورد بۆ پزیشكی یان نەوت كە سامانێكی زۆر گەورەی ولاتەكەمانە یەجگار پێویستە ، بەڵام داخی گرانم وادیارە ئەم ئاواتەم نایەتە دی ! هیوادارم كاربەدەستان یەكێكی وەكو من كە بەیەكەمی هەموو عیراق دەرچوە بەدڵی خۆمم لەگەڵ بكەن ،

بڕوانە : ل ٧

لە ئاسۆی نەخشەوانیدا

سەربەست

لەگەڵ پەرەسەندنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی ئێرانی ئازادیخوا ،دامودەزگا بۆگەنەكانی حكومەتی بەكرێ گیراوی بنەماڵەی پەهلەوی ، سیاسەتێكی دڕندانەی دوورلە ساكارترین خوو رەوشتێكی ئینسانی بەكارئەهێنێ دژی گەلانی ئێران بە ئومێدی تەفروتوناكردنی بزوتنەوە نیشتمانی یە پیرۆزەكەیانو زیاترچەسپاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستە ئەمریكیەكان ،ئەمانەی وەكو سەگی هار بەربوونەتە گیانی گەلانی‌ئێرانو خەریكی راوورووت كردنو جەردەیی‌و دزینی سەروەتو سامانی نەتەوایەتی ئێرانن ٠

بنەماڵەی پەهلەوی ئەیەوێ كۆمەڵانی فراوانی رەنجدەری فارس‌و كوردوعەرەبو ئازەر بەوە هەلفریوێنێ كە لە رێگەی (ئینغلابی‌سفید) شورشە سپیەكەی شا !! ئیصلاحی‌ئەرزی ئەكاتو جووتیارە هەژارەكان لەچەوساندنەوەناپارێزەكەی ئاغاو دەرەبەگە كاسەلیسەكان رزگارئەكات ، وە لە رێگەی (سوپای دانش)ەوەچارەسەری گیروگرفتەكانی دێهاتە كلۆڵەكانی ئێران‌ئەكاتو لەرێگەی دان‌نان بەمافی هێندی دەولەت رووەرەشەكەی لەمەیانی دەولەتی‌دا سپی‌ئەكاتەوە ٠

بەڵام بەپێچەوانەی ئارەزوی گلاوی نوكەرانی بنتاگون ، بەم هەنگاوانەزیاتر رووە راستەقینەكەیان ئاشكرابوو زیاتر لە چارەنووسە رەشەكەیان نزیك بوونەوە ٠

گەلانی ئێران حەقیقەتی ئینغلابە سەفیدەكەی شای تاران لەخوێنی سەدان‌رۆڵەی دڵسۆزی ئێراندا ئەبینن كە لەوەتی شاشورشە سپیەكەی پەرپاكردووە !! لەسێدارەدراون وەیاخود گوللە باران كراون ٠

چەوساندنەوەی چینایەتی‌لەسەرانسەری ئێرانداو لە ئەنجامی ئیصلاحە ئەرزی‌یەكەی شای خوێنمژ دەقات بووە ، رەنجدەرە رەشوورووتەكانی ئێران پەیتاپەیتاو لەترس مردن لە برسانداولەدرندایەتی لێپرسراوەكانی ئیصلاحی ئەرزی شای‌نوكەراو بۆ دەستەبەری كردنی ژیانێكی كولەمەرگی‌رائەكەنە ئەم دیوی سنور ٠ هاونیشتمانی‌یە ئێرانیەكان لەسەرانسەری ئێراندا حەقیقەتی دروشمە زرنگاوەكانی بنەماڵەی پەهلەوی ئەزانن ، وە بە پروپاگەندەدرۆو دەلەسەی زورناژەنەكانی ئیمپریالیزمی‌ئەمریكایی نەك هەر هەلناخەلتێن ، بەڵكو ئەم‌هێرشەی چڵكاو خۆرەكانی تاران بووەتە هۆی زیاترلەیەك نزیك بوونەوەی هێزە نیشتمان‌پەروەرو پێشكەوتن‌خوازەكانی ئێرانو بووەتە هۆی پەرەسەندنی خەباتی‌عادیلانەی گەلانی ئێرانو لەزۆر شوێنا گەیشتوتەرادەی خەباتی چەكدارانەی پیرۆز ، كە درخشانترین‌بەڵگە بزوتنەوە شەرفمەندەكەی سیاهكل‌بوو ٠

بێ‌گومان دەوری هەموونیشتمان پەروەرو پێشكەوتن خوازێك ، هەموو ئەوانەی‌ئینسان بە گەورەترین سەرمایە ئەزانن ، هەموو‌ئەوانەی هیواو ئاواتو خواستیان راماڵینی ستەمی‌نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی‌یە لەجیهاندا ،یارمەتی‌دانو هاوكاری كردنو پشتگیری كردنی خەباتی عادیلانەی ئازادی خوای ئێرانە ٠

بێ گومانیش گەلانی‌وولاتەكەمان بەعەرەبو كوردو كەمە نەتەوایەتیەكانیەوە هەمیشە هاندەرو یارمەتی‌دەرو دوستی راستەقینەی گەلانی ئێرانو هەرگیز دووناكەون لەجێبەجێ كردنی ئەركی مێژوویی‌و نیشتمانی خۆیان‌بەرامبەر بە بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی‌ئێران ، كە بەشێكی لە جیابوونەوە نەهاتووی شورشی ئادەمیزادی هاوچەرخە دژی ئیمپریالیزم لەتەواوی جیهاندا ٠

سەركەوتن بۆ هەموو ئەوجەنگاوەرە نەبەزانەی كە رێگەی خەباتی چەكدارانەیان گرتووە دژی حوكمی دڕندەی بنەماڵەی پەهلەوی‌نوكەر ٠

كۆنفرانسی دووەمی یەكێتی نووسەرانی كورد – لقی هەولێر

پاش بەستنی كۆنگرەی‌دووەمی ی ٠ ن ٠ ك ١٤ – ١٧–٧–١٩٧١ ، دەستەی‌بەڕێوەبەری ی ٠ ن ٠ ك لقی هەولێر بە پێی بڕیاری ژمارە١٦ ریكەوتی ٢٢–٧–١٩٧١ لە رۆژی ١٥–٨–١٩٧١ لە كاتژمێری شەشی سەر لە ئیوارە لە بارەگای یەكیەتی ماموستایانی‌كوردستان‌دووەمین كونفرانسی لقی هەولێر گیرا ٠٠

پێشەكی ماموستا بەدرخان‌بەچەند ووتەیەك كونفرانسی كردەوە ٠ پاشان راپورتی‌دەستەی بەڕێوەبەر لە لایەن ماموستا شارەزاوە پێش‌كەش‌كرا ، ئینجا ماموستا رەشوانی ژمێریاری یەكیەتی راپورتی‌دارایی پێش كەش‌كرد ٠٠ پاشا نالیژنەیەك بۆ سەر پەرشتی‌هەڵبژاردن پیك هات ٠٠ ئینجا دەست‌كرا بە هەڵبژاردن لەژێر چاوە دێری حاكمی‌جەزا ماموستا یعقوبی و نوێنەری ناوچەی گشتی‌ی یەكیەتی نووسەران ماموستا احمد غفور لە ئەنجامی دەنگ‌دان ئەم‌بەرێزانەی‌خوارەوە بەدەستەی بەڕێوەبەری نوێ دەرچوون :

١ – ماموستا حمە كریم هەورامی ٠
٢ – ماموستا غزەددین فیزی ٠
٣ – ماموستا كریم شارەزا ٠
٤ – ماموستا محمد حسن مەنگوری ٠
٥ – ماموستا عزیز گەردی ٠
٦ – ماموستا جمیل رەنجبەر
٧ – ماموستا جلال مدحت خوشناو ٠
٨ – ماموستا مدحت بێخەو
٩ – ماموستا عبدالله پەشێو

« ئەم دووانە بوون بە احتیات »

پاشان دەستەی بەڕێوەبەری تازە كۆ بونەوە بۆ دابەش‌كردنی كارو فەرمان بەم جورە بڕیاری لە سەر درا :–

١ – ماموستا عزەددین فیضی سەرۆك ٠
٢ – ماموستا حمە كریم هەورامی جێگری سەرۆك ٠
٣ – ماموستا كریم شارەزا سكرتێری بەڕیوەبردن ٠
٤ – ماموستا محمد حسن مەنگوری سكرتێری رۆشنبیری ٠
٥ – ماموستا عزیز گەردی ژمێریار ٠

هاوكاری : ئاواتە خوازین دەستەی بەڕیوەبەری نوێ بە ئەركی‌سەرشانی خۆی هەڵسێ بۆ پێش‌كەوتنی ئەدەبو نووسینی كوردی ٠

سەرنجێك

له ژمارەی رابوردوودا ئەم‌دێرەی خوارەوە لە ووتارەكەی ماموستا (ئاسۆ) كەوتبوو كەدەربارەی شەهید بوونی تێكوشەری نەمر (ئەبو ئەیاد)نووسیبووی :

لە دێری (٢٩) دا ٠٠٠(ئەم شەرەیان ئەگەرچی بەناوی دەستخستنی (هەقی خوراووزەوی داگیركراوی گەلی فەلەستینەوەیە بەڵام سەركەوتن‌و) ژێر كەوتنیان ٠٠ هتد) ٠

●

پارتی كۆمۆنیستی سوڤیەت لەچی پێك هاتووە

فەهمی قەرەداغی

شێوەی پێكهاتنی هەر پارتیەك ئاوێنەی راستەقینەی جۆری رەفتاریەتی ٠٠٠ ئەوا شێوەی پێكهاتنی پارتی كۆمۆنیستی سوڤیەتان ئەخەینە بەرچاو ، وەكە لە راپورتەكەی لیونید بریجینیف‌دا هاتووە لە كونگرەی بیست‌وچوارەمی پارتی كۆمۆنیستی سوڤیەت‌دا :

ئەندامانی پارتی (١٤ر٥) ملیونن لەوە (٤٠ر١٪) كرێكارنو (٤٤ر٨٪) فەرمانبەرن !! و (١٦٪) جوتیارن ، ئەمە لەكاتێكا كە چینی كرێكاری سوڤیەتی (٥٥٪)ی خەڵكی سوڤیاتن‌وە فەرمانبەرەكان تەنها (٥٪ – ٦٪)ی خەڵكن !!

ئەمە لەسەر ئاستی بنكەی فراوانی پارتی بەڵام ئەگەر بەرزتر بینەوە بۆ كۆمیتەی ناوەندی ئەوا زیاتر پەردە لەسەر رووی راستی‌و دروستی ئەو پارتی‌یەرائەماڵرێ حەقیقەتی هەلوێستەكانی دەرئەخات ٠ ئەم هەڵوێستەی كە بێ‌گومان لەگەڵ بەرژەوندی (أكثریە – زوربە)دا ئەگونجێ ٠ جا ئەو زوربەیە كرێكاربن ، جوتیاربن، فەرمانبەرو ووردە بورژوازی بن ٠

ژمارەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی (١٨٩) ئەندامە ، لەوانە (٨٢) فەرمانبەری پارتینو (٦٣)یان وەزیرو نوێنەری بەرێوەبەرایەتین و (١٢)یان سەفیرنو (١١)ی تریان ئەفسەری گەورەنو (٦) یان عالیمنو (٥) یان بەڕێوەبەری كارگەنو (دوو) نووسەری تیایەو (دوو) نوێنەری رۆژنامە گەریو (یەك) ئەندازیارو (یەك) ئەندامی كۆموسمولو نوێنەرێكی دادگا ئینجا لە دوای ئەمانە « یەك » جوتیارو دوو كرێكاری تێدایە !!

تەنها قسەیەك كە هەمان بێ ئەم چەند ووتەی (ستالین)ـە

بڕوانە : ل ٦

سكالایێكی تری گەرەكی ئابلاخ

بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ :
– سەرەك كۆمارو فەرماندەی‌گشتی هێزی چەكدار خەباتگێر مەهیب احمد حسن بكر ٠
– ئەندامانی ئەنجومەنی‌سەركردایەتی شۆڕشی بەڕێز ٠
– وەزیری ناوخۆ ٠
– وەزیری‌كاروباری ژوورو ٠
– وەزیری شارەوانی ٠
– پارێزگاری سلێمانی ٠
– بەڕێوەبەری شارەوانی سلێمانی ٠
رۆژنامەی – ثورە –
– رۆژنامەی هاوكاری ٠
– رۆژنامەی – التآخی – ٠

ئێمە دانشتوانی گەرەكی ئابلاخین لەپارێزگاری سلێمانی‌و ژمارەمان هەزار ماڵێك ئەبێت‌و لەسنوری شارەوانیدایین ، تاكو ئێستا ٩٢ سكالامان داوە بەكار بەدەستان لەمانە پێنج سكالایان بۆ بەرێزتان بووە كە بەپۆستەدا بۆمان ناردوون دوا سكالاش لە ١٠ی ٧ی ١٩٧١دا ٠وا بوو بە ٤ ساڵو ئێمە هەر سكالا پێشكەش ئەكەین بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە داخوازیەكەمان كەتەنها راكێشانی شەقامێكە بۆ قوتابخانەو خەستەخانەكەی ئابلاخ كە لە ٦٠٠م كەمترە‌و فراوان‌كردنی هێڵی لولەی ئاو لەناوچەكە جا لەبەر پێویستی خەڵكەكە بەم دووشتانە داواتان لێ‌ئەكەین كەفرمان بە كاربەدەستو لێپرسراوان بكەن‌كە بەتەنگ داواكاریەكەمانەوە بێن‌و لەلای خواش‌تەقەللای پیاوچاكان بەفیڕۆ ناروات‌و چاوەڕوانی بەزەییتانین ٠

داواكار
مجید رحیم محمد
عەریفی تەقاوێت لەجیانی
هەزار خیزان لەگەرەكی
ئابلاخ – پارێزگاری سلێمانی

چلەی تێكوشەر عاصم حەیدەری

دوو بەیانی یادی چلەی دواكۆچی ماموستا عاصم حەیدەری لە سەرانسەری شاری خەباتو بە جەرگی هەولێرا ئەكرێتەوە دیارە لە بۆنەیەكی‌وا دڵبرو خەمناكیشا ئەوەی كە تەنیا بۆ سەر مەزاری بەنرخی ئەم جەنگاوەرە هەڵبگیرێ ئیكلیلی راژاوەی

٢٤ سەعات بەر لە كۆچی‌دووایی تێكۆشەر « عاصم باغچەو باغات‌و مێرغوزارەكانی‌شارو خۆشەویستی‌ی كۆمەڵانی خەڵكی ئەم شارەیەبۆسەر ئەم گۆڕە زیندوو و خاوەنی ئەم گۆرە

بڕوانە : ل – ٧

لەم گۆشەیەوە

دۆستێكی هاوكاری كاك (بەختیار كۆیی) نامەیەكو كتێبێكی پچكۆلەی بۆ ناردووین كتێبە پچكۆلەكەی بە زمانی عەرەبی « حاجی مەلا زاهیر مەلا سادق كۆیی » لە ژێر ناوی « رد الالحاد واماطة الفساد » دا دایناوە ٠٠ كاك بەختیار داوای لێكردووم كە شتێك دەربارەی ئەو كتێبە بنووسم لەبەر ئەوەی ئەوكتێبە هەرگیز خزمەتی ئەمرۆی كورد ناكات‌و زۆرشتی وای تێدایە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ راستییە روونەكانی زانستیدا رێك ناكەون ٠٠٠
سوپاس بۆ كاك بەختیارو ئەو هەست‌و باوەڕەی بە ئێمەو رۆژنامەی هاوكاری هەیە ٠٠٠ كتێبەكەی (حاجی مەلا زاهیر) !

بڕوانە : ل ٧

بەژێریدا بڕوات ٠٠ پردەكە ئەو كاتە تەواو بوو ٠٠ بەیانی ١١ی ئازاری بەسەرا هات‌و ئاشتی‌و ئاسایش گەڕایەوە بۆ كوردستان ٠٠ بەڵام تا ئێستا شەقامی « خەیاڵ پلاو » هەر بە رووخاوی مایەوە ، سەرەڕای ئەوەش لە جیاتی قیرتاو و شۆستە ، تەپو تۆزو گۆمی قوڕو چڵپاو و گریساو و عەرەبانە تریشقە « بە تۆپەڵ »ی زیاد كردووە ٠٠ لە شارەوانی‌و پارێزگارێتی سلەیمانی ئەپرسین :

ناكەی ئەم حاڵە بەردەوام ئەبێت ؟!؟

وێنەیەك لە كوردستان

پێشكەش بە شارەوانی سلێمانی !!

كاتێ شەڕو كوشتار باڵی كێشابوو بەسەر دنیای كوردستاندا ئەم پردە لەسەر شەقامی مەولەوی دروست‌كراو ژێرەكەی ئامادەكرا بۆ ئەوەی شەقامێكی لەسەر تەرزی نوێ